# دوا شەوی لۆرکا

## (دەق و ڕەخنەی شانۆیی)

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (٨٦١)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.info

■ دوا شەوی لۆرکا

وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی

بابەت: شانۆ

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

دیزاینی ناوەوە: ئارام مەحمود

تیراژ: (٥٠٠) دانە

نرخ: ٤٠٠٠ دینار

■ چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٨ کوردستان ـ سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١١٥٨)ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

ئازاد بەرزنجی

# دوا شەوی لۆرکا

## (دەق و ڕەخنەی شانۆیی)

سلێمانی ٢٠١٨

# پێڕست


پێشەکی ........................................................ ٧

**دەقی شانۆیی**

ڕۆژژمێری پیاوێکی سەیر ........................................ ١١

ئازاد بەرزنجی

بەهێزتر ........................................................ ٣١

ئۆگەست ستریندبێرگ

دوا شەوی لۆرکا ................................................ ٤٣

جەلیل قەیسی

گوڵی بەهار هات ................................................ ١٠٣

جەلیل قەیسی

ئەی شاعیران ماڵئاوا. ........................................ ١٣٩

جەلیل قەیسی

**ڕەخنەی شانۆیی** ............................................ ١٦٥

سەبارەت بە نمایشی (کاتمان نەماوە بۆ گۆرانی) ....... ١٦٧

سەبارەت بە نمایشی (کۆچبەران) ....................... ١٧٣

سەبارەت بە نمایشی ( مارا- ساد) ....................... ١٨٤

# پێشەکی

شانۆ لە ژیانمدا هەمیشە ئەو ماڵە بووە کە تێیدا هەستم بە ئارامییەکی ڕۆحیی زۆر کردووە. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانیش ئەوەبێت کە لەو کاتەوەی قوتابیی سەرەتایی بووم؛ عاشقی نواندن بووم و هەر لەو ڕۆژگارەشدا بەشداریم لە یەک دوو کاری شانۆییدا کردووە. بۆیە ڕەگوڕیشەی ئەو هەستەم دەگەڕێتەوە بۆ منالّی، پاشانیش لاوێتی. لە تافی لاوییشدا دیسانەوە ڕووم کردەوە ماڵی شانۆ و بەرلەوەی ببمە خوێندکاری شانۆ و دوای ئەوەش؛ هونەری شانۆ پێگەیەکی گەورەی لە هزر و ڕۆحمدا هەبووە. بۆیە بە ڕێکەوت نییە کە هێشتا تەمەنم شانزدە ساڵان بوو یەکەم بابەتم لە گۆڤاری «بەیان»دا بڵاوبووەوە، بابەتێک بوو لەسەر «شانۆی هونەری لە مۆسکۆ و کۆنستانتین ستانسلاڤسکی» و بەو جۆرە ئەو بابەتە بووە سەرەتای بڵاوبوونەوەی کۆمەڵێک بابەتی ترم لەسەر شانۆ و دراما. لە هەشتاکانیشدا، وەختێ بووم بە خوێندکاری شانۆ، ئەمە بووە هۆی ئەوەی زیاتر بە عیشقی شانۆوە بنووسێم و گەرچی لە ڕووی کردەیی و پراکتیکییەوە چالاکیم زۆر نەبوو، بەڵام لە ڕووی تیۆرییەوە، چ بە نووسین یان وەرگێڕان، لە بڵاوکردنەوەی بابەتدا لەسەر شانۆ بەردەوام بووم و بابەتەکانیش لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاودەبوونەوە.

بەڵام لە پاڵ ئەو بابەتە تیۆرییانەدا و بەتایبەتیش لە هەشتاکاندا، کۆمەڵێک دەقی شانۆییم وەرگێڕا کە بەشێکی زۆریان لەلایەن تیپ و گرووپە شانۆییەکانی سلێمانییەوە خرانە سەر شانۆ. ئەو دەقانەش تیایاندا بوو دەقی جیهانی بوو و هەروەها تیاشیاندا دەقی عەرەبی بوو. لەناو دەقە عەرەبییەکاندا کۆمەڵێک دەقی هەردوو شانۆنووس «محیّدین زەنگەنە» و «جەلیل قەیسی»ی تێدابوو، کە بەداخەوە ژمارەیەکیان ون بوون و لام نەمان، چونکە ئەوسا تایپکردن نەبوو و دەقەکان دەسنووس بوون و تیپەکان کۆمەڵێک نوسخەیان لەبەر دەگرتنەوە، منیش ئەوکات هێندەی پەرۆشی ئەوە بووم کارەکان لەسەر شانۆ ببینم، هێندە گوێم بە پاراستنی دەقەکان نەدەدا تا لای خۆم هەڵیانبگرم. بەهەرحاڵ، لەو سەروبەندەدا کۆمەڵێک دەقی وەرگێڕاوم ون بوون، بەڵام خۆشبەختانە هەندێ دەقیانم دەست کەوتنەوە، کە سیانیان هیی «جەلیل قەیسی» بوون و لێرەدا و لەم کتێبەدا دەیانخوێننەوە. جگە لەم سێ دەقە، سێ دەقی «محیّدین زەنگەنە»شم دەست کەوتەوە کە ساڵانێک لەمەوبەر لە کتێبێکدا بە ناوی «گوڵەکان بۆ کێن؟» چاپ و بڵاوبوونەوە. بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم کە کاتی خۆی ئەو دەقانەم چۆن دەست کەوتوون( کە یەکێکیان جەلیل قەیسی خۆی بە دەسنووس بۆی ناردبووم) و چۆنم وەرگێڕاون، جگە لە دەسکارییەکی کەم، وەکو خۆیان لێرەدا بڵاوم کردوونەتەوە.

لەپاڵ ئەو سێ شانۆنامەیەی «جەلیل قەیسی»دا، شانۆنامەی»بەهێزتر» و «ڕۆژژمێری پیاوێکی سەیر»یش دەخوێننەوە، کە یەکەمیان شانۆنامەیەکی کورتی نووسەری

گەورەی سوید «ئۆگەست ستریندبێرگ»ە و دووەمیشیان لە چیرۆکێکی درێژی «نیکۆلای گۆگۆل»ەوە ئامادەم کردووە بۆ شانۆ کە ناوی «ڕۆژژمێری شێتێک»ە و ساڵی ٢٠١٥ لە دەرهێنانی هونەرمەند «عوسمان فارس» و نواندنی هونەرمەند «عوسمان مەعروف» لە تەلاری هونەر پێشکەش کرا.

جگە لەم دەقە شانۆییانە، ئەم کتێبە چەند نووسینێکی ڕەخنەییش لەسەر نمایشی شانۆیی لەخۆدەگرێت. هەڵبەتە دوای بینینی هەندێ لەو نمایشە شانۆییانەی بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو پێشکەش کراون و بەپێی دەرفەت لە سەرم نووسیون. بۆ ئەم کتێبە سێ نووسینی ڕەخنەییم لێ هەڵبژاردن سەبارەت بە سێ نمایشی شانۆیی کە ساڵانێکی زۆر بە سەریاندا تێنەپەڕیوە و لە یادی بینەردا ماونەتەوە، ئەوانەش نمایشی *(کاتێک نەماوە بۆ خۆشەویستی)* و *(کۆچبەران)* و (ماراساد)ن، کە پێم باش بوو وەکو خوێندنەوەی خۆم بۆ ئەو کارانە، لێرەدا و لەگەڵ ئەم دەقانەدا بڵاویان بکەمەوە.

دواجار، هیوادارم ئەم هەوڵە خاکییەم لەناو کتێبخانەی شانۆیی کوردیدا جێیەک بۆ خۆی بکاتەوە و سوودێک بە شانۆکاران بگەیەنێت.

ئازاد بەرزنجی

مۆنۆدرامای

# ڕۆژژمێری پیاوێکی سەیر

**لە چیرۆکی»ڕۆژژمێری شێتێك»ی «گۆگۆل»ەوە وەرگیراوە**

**ئازاد بەرزنجی**

## ٣ی ئۆکتۆبەر

***(ژووری بەڕێوەبەری گشتییە، لەپڕێکدا دەرگاکە دەکرێتەوەو «نامۆ» خۆی دەکات بە ژووردا، دیارە بە ڕاکردن هاتووە و ماندووە، پاش ئەوەی دادەنیشێت و کەمێک دەحەسێتەوە، ئینجا دەکەوێتە قسە.)***

ئەمڕۆ شتێکی سەیرم بەسەر هات. بەیانی زۆر درەنگ لە خەو هەڵسام و کاتێ سەیری سەعاتەکەم کرد، سەیرم کرد سەعات لە دە تێپەڕیوە. خێرا خۆم گۆڕی و پێڵاوەکانم لە پێ کرد و بەرەو ئێرە کەوتمە ڕێ. بەڵام ڕاستتان دەوێت، ئەگەر بمزانیایە چاوم بە چارەی لێپرسراوی بەشەکەمان دەکەوێ، هەر نەدەهاتم بۆ دەوام. ماوەیەکە سەری کون کردووم، ***(دەنگی خۆی دەگۆڕێت و لاسایی لێپرسراوی بەشەکەیان دەکاتەوە):***

«چ بەڵاتە کابرا؟ تێک چوویت؟ وەکو شێت دێیت و دەچیتو کیتابەکانیش بە جۆرێک دەنووسیت، شەیتانیش سەریان لێ دەرناکات. نووسینەکانت پڕن لە هەڵە و بەروار و ژمارەی کیتابەکانیش نانووسیت.»

پیرێکی زۆربلێیە! دەزانێ من لە جەنابی بەڕێوەبەری گشتییەوە نزیکم، ئیرەییم پێ دەبات. بۆیە چاکتر وابوو هەر نەهاتمایە بۆ دەوام. بەڵام چونکە پێویستم بە پارە بوو و ویستم ژمێریارەکەمان ببینم تا پێش وادەی خۆی مووچەکەم بداتێ، هەر دەبوایە بهاتمایە. بەڵام ژمێریاری چی، ئای کە کابرایەکی

قیرسچمەیە. تا پوولێکت دەداتێ قیامەت بەرپا دەبێت. تا بڵێی کەللەڕەق و سەرسەختە و خۆی بەسەر فەرمانبەرەکاندا بادەدات، کەچی وەکو باسیشی دەکەن، لە ماڵەوە لە بەردەمی ژنەکەیدا وەکو بیی ناو ئاو دەلەرزێ.

بەهەرحاڵ، پاڵتۆکەم لە بەر کرد و دەستم دایە چەترەکەم، چونکە بارانێکی باش دەباری. کاتێ گەیشتمە سەر شەقامەکە، کەسم نەبینی جگە لە چەند ژنێکی لادێیی کە لە پەنایەکدا دانیشتبوون، یەک دوو عەرەبانەبەدەستیش بە خێرایی بە ژێر بارانەکەدا دەڕۆیشتن. منیش چەترەکەم هەڵدابوو و دەڕۆیشتمو دەڕۆیشتم. ئەوەندەم زانی ئوتومبێلێک لەولامەوەو لە بەردەمی مارکێتێکدا وەستا. کە لێی ورد بوومەوە، سەیرم کرد ئوتومبێلەکەی جەنابی بەڕێوەبەری گشتییە. خێرا خۆم خستە پەنایەکەوە، وتم نەک خۆی تێدا بێت و بمبینێت. بەڵام کاتێ دەرگای ئوتومبێلەکە کرایەوە، کێم دی؟! کچەکەی جەنابی بەڕێوەبەری گشتی. بە نەرمونیانییەکەوە لە ئوتومبێلەکە دابەزی. بە چاوە جوانەکانی سەیرێکی ئەملاولای خۆی کرد... ئای خوایە! دڵم کەوتبووە پەلەپەل و خەریک بووم لە هۆش خۆم دەچووم. باشە بۆ بەم بارانە هاتووەتە دەرەوە؟ بۆ جلکڕین. دە فەرموو، دەشڵێن ژنان شێتی جلوبەرگ نین. نازانم ئەو منی بینی یان نا، بەڵام تەنانەت گەر بینیبێتیشمی، بایەخی پێ نەدام. منیش زیاتر خۆم لە پاڵتۆکەمەوە پێچا، پاڵتۆیەکی کۆنی ئێخەکورت، لەو پاڵتۆیانەی کە ئێستا مۆدیان نەماوە.

خۆی کرد بە مارکێتەکەدا، کەچی سەگە بچکۆلەکەی لەگەڵ خۆیدا نەبردە ژوورەوە و لای دەرگای مارکێتەکەوەو لە سەر شۆستەکە مایەوە. هەڵبەت من پێشتر ئەو سەگەم

دیبوو، پێیان دەوت «ماگی». ئەوەندەی پێ نەچوو دەنگێکی ناسک هاتە گوێم و وتی «سڵاو ماگی». سەیرە! ئەو دەنگە لە کوێوە هات؟ سەیری چواردەوری خۆمم کرد، دوو خانمم بینی لە ژێر چەترێکدا بە شەقامەکەدا دەپەڕینەوە، یەکێکیان پیر بوو و ئەوی تریان لاو. کاتێک لێم نزیک بوونەوە، هەمان دەنگم بیستەوە «ماگی، ئەوە شەرم ناکەیت؟» ئای خوایە! ئەمە یانی چی؟ ئینجا سەیرم کرد ماگی دوای سەگەکەی ئەو دوو خانمە کەوت. لە دڵی خۆمدا وتم: «بە خوا دیارە مەستم.» بەڵام من بە دەگمەن مەی دەخۆمەوە، جگە لەوە، شەویش هیچم نەخواردبووەوە تا بڵێم هێشتا کاریگەریی مەشرووبەکەم لەسەر ماوە و بەری نەداوم. ئینجا بە چاوی خۆم بینیم «ماگی» کەوتە قسە: «نا، فیدڵە، بە هەڵەدا چوویت، وەو وەو، من زۆر نەخۆش بووم، وەو وەو.» ئای لەو سەگە زۆڵە. بە ڕاستی دەبێ ددان بەوەدا بنێم بە لامەوە زۆر سەیر بوو سەگێک ببینم وەکو بنیادەم قسە بکات. بەڵام دوای ئەوەی کەمێک بیرم لێ کردەوە، هەستم کرد شتێکی ئاساییە. چونکە ماوەیەک لەمەوبەر بیستبووم کە لە بەریتانیا ماسییەکیان بینیوە لە ئاوەکە هاتووەتە دەرێ و دوو سێ قسەی کردووە. بۆ ئەمەش، چەند زانایەک هەر خەریکی لێکۆڵینەوە بوون لەسەری. ئێ منیش وتم ماسی بۆ قسە بکات، سەگ بۆ قسە نەکات. تەنانەت لەم ڕۆژانەشدا نازانم لە ڕۆژنامە یا گۆڤار یان سایتێکی ئینتەرنێتدا بوو خوێندمەوە گوایە دوو مانگا خۆیان کردووە بە مارکێتێکدا و داوای کیلۆیەک چایان کردووە.

بەڵام لەوە خراپتر ئەو قسەیەی دواتر بوو کە لە دەمی

ماگی بیستم، کاتێ وتی: «فیدڵە من نامەم بۆت نووسیبوو، دیارە نامەکەمت پێ نەگەیشتووە.» بڕوا بکەن، چۆنتان بۆ دەگێڕمەوە وا، من لە هەموو تەمەنمدا نەمبیستووە سەگ توانای نووسینی هەبێت.

بە تەواوی واقم لەم شتانە وڕ مابوو. ***(پاش کەمێک)*** ماوەیەکە هەندێ شتی سەیر دەبینم و دەبیستم. ئا... هەمووی ماوەیەکە وام لێ هاتووە، جاران وا نەبووم. نازانم، ڕەنگە هیی ئەوە بێت لەم ژیانەدا زۆر هەست بە ماندوێتی دەکەم.

کاتێ ئەو دیمەنەم بینی، بڕیارم دا دوای ئەو سەگە بکەوم و بزانم ئەم بوونەوەرە چییە و کێیە و چۆن بیر دەکاتەوە؟ ئیتر ئەوە بوو دوایان کەوتم، شەقام بە شەقام و کۆڵان بە کۆڵان تا خۆیان کرد بە ئاپارتمانێکدا. ئەوان بە ئاسانسۆرەکە چوون بۆ نهۆمی پێنجەم. بەڵام من نەڕۆیشتم و وتم:

گرنگ ئەوەیە ناونیشانەکە دەزانم و لە کاتی گونجاودا دێمەوە.

**٤ی ئۆکتۆبەر**

***(هەمان شوێن، خەریکی پاککردنەوەی کتێبەکان و ڕێکخستنیانە)***

ئەمڕۆ زوو هاتم بۆ دەوام. دەمێکە ئەم کتێبانە پاک نەکراونەتەوە و ڕێک نەخراون. ***(دەست دەداتە یەک دوو کتێب)*** ئەگەر بەگوێرەی ئەم کتێبانە بێت، دەبێ جەنابی بەڕێوەبەری گشتی پیاوێکی زۆر ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو بێت. کاتێ سەیری ناونیشانەکانیان دەکەم، دەڵێم ئەم کابرایە دەبێ

چ بلیمەتێک بێت! کتێبەکان زۆربەیان ئینگلیزی و فەڕەنسین. کەسێکی تا بڵێی کەمدووە. نا، ئەو پیاوێکی تایبەتە! منیشی زۆر خۆش دەوێت، ئا، دەزانم. ئاخ، ئەگەر کچەکەی... منیش نەگریسم. ***(سەیری سەعاتەکەی دەستی دەکات)*** باشە جەنابی بەڕێوەبەری گشتی بۆ نەهات؟! ئا، ڕەنگە لە کۆبوونەوەیەک بێت. ***(خەیاڵی دەڕواتەوە)*** کچەکەی جەنابی بەڕێوەبەر، ئای کە جوانە! ***(لەم کاتەدا دەنگی کردنەوەی دەرگاکە دێت)*** ها، تۆ بڵێی جەنابی بەڕێوەبەر بێت! ئای ئەوە چی دەبینم! کچەکەی جەنابی بەڕێوەبەر؟! ئای خوایە لەو ناسکییە! ئەو قژە درێژە خاوە! ئەو جلە جوانانە! ***(دەنگی کچێک دەبیسترێ کە دەڵێت: پاپی لێرە نییە؟)*** ئای لەو دەنگە ناسک و دڵنشینە! هەر دەڵێی... هەر دەڵێی ئاوازی کەنارییە! ***(بە خەیاڵ لە کچەکە نزیک دەبێتەوە و دەست بە قژ و بە ڕوومەتیدا دەهێنێت. وەک ئەوەی دەستەسڕەکەی لێ بکەوێت. ئەم دادەنەوێتەوە و هەڵی دەگرێتەوە و بۆنی دەکات و دەیداتەوە دەستی، لەو کاتەدا خەریکە دەکەوێت بە دەمدا)***

***(دووبارە دەنگی کچەکە دەبیسترێتەوە: پاپی لێرە نییە؟!)***

ها! باوکت؟ نا، نەخێر، نەخێر لێرە نییە!

***(دەنگی کچەکە: باشە، سوپاس. خواحافیز.)***

ها! ئەی بۆ... باشە، خوات لەگەڵ، خوات لەگەڵ.

***(کە کچەکە دەڕوات ئەم بۆنی شوێنی ڕۆیشتنەکەی دەکات تا دەرگاکە)***

**تاریکی**

**٦ی نۆڤەمبەر**

***(هەمان فەرمانگە)***

ئەمڕۆ کە هاتم بۆ دەوام، ئەوەندەم زانی لێپرسراوی بەشەکەمان بە تووڕەبوونێکەوە هات و پێی وتم ***(دیسان دەنگی خۆی وەکو دەنگی بەڕێوەبەر لێ دەکات):***

«دەتوانیت پێم بڵێیت چیتە و چیت بە دەستەوەیە؟»

وتم: مەبەستت چییە؟ هیچم بە دەستەوە نییە.

وتی: «بە گێلم مەزانە! تۆزێک وەرەوە سەر خۆت. تەمەنت لە چل تێپەڕیوە. کاتی ئەوە نەهاتووە کەمێک ئاقڵ بیت؟ وا دەزانیت ئاگام لە ئەتوارە ناشیرینەکانت نییە؟ باش دەزانم بەدوای کچەکەی جەنابی بەڕێوەبەری گشتییەوەیت. بەڵام کەمێک سەیری خۆت بکە. خۆت بە چی دەزانیت؟ تۆ چیت؟ هیچ نیت. فەرمانبەرێکی لات و مایەپووچ و پەڕپووت. بۆ ناچیت لە ئاوێنەیەکدا سەیرێکی خۆت بکەیت تا سەروفەساڵی خۆت ببینیت. تۆزێک شەرم بکە و واز لەو خەیاڵانەت بێنە بەرامبەر بە کچەکەی جەنابی بەڕێوەبەر.»

ئای کە کابرایەکی بلّح و لەخۆڕازییە. هەر لەبەر ئەوەی لێپرسراوی بەشە، ئیتر وا دەزانێ هەموو ئەوانی تر کۆیلەی ئەون و دەبێ بە قسەی ئەو بکەن. بۆینباخێکی شین دەبەستێ و پێڵاوەکانی بە جۆرێک بۆیاخ دەکات دەبریقێنەوە و وا دەزانێ بەو شێوەیە دەتوانێ کەسێتییەکی گەورە بە خۆی ببەخشێت. بەڵام من قسەکانی بە پوولێکی قەڵب ناکڕم. باش دەزانم چەند ئیرەییم پێ دەبات. نازانم من بە چی تێدەگات؟ وا دەزانێ سەر بە بنەماڵەیەکی هەرچیوپەرچیم، نازانێ ئێمە بە ڕەگوڕیشە خانەدانین و هیچمان لە پیاوە گەورەکان کەمتر نییە. دەبەنگ! من جارێ تەمەنم ٤٢ ساڵە، چاوەڕێ بکە بزانە چۆن لە کارەکەمدا

پێش دەکەوم و دەبم بە پلەدارێکی گەورە، لە تۆش گەورەتر. ئینجا ئەوسا تۆ دێیت و مەراییم بۆ دەکەیت. گەمژەیە بەو دوو پوولەوە دەنازێت کە هەیەتی. ئاخ ئەگەر منیش باری داراییم خراپ نەدەبوو. ئەوسا بۆم دەسەلماندیت چ پیاوێکم.

## ٨ی نۆڤەمبەر

دوێنێ شەو چووم بۆ بینینی شانۆگەرییەک. شانۆگەرییەکی سەیر و سەرنجڕاکێش بوو. دەزانن باسی چیی دەکرد؟ باسی لە کابرایەک دەکرد لە پێشدا ڕێوەڵە و باریکەلە بوو. پاشان دووچاری نەخۆشییەک بوو و هەرچییەکی دەخوارد، تێر نەدەبوو، تەنانەت بەشی منداڵەکانی خۆیشی دەخوارد هەر تێر نەدەبوو. تا وای لێ هات ئەمەندە ئاوسا، لە سەر تەختەی شانۆکە جێی نەدەبووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر گوێی لە قسەو ئامۆژگاریی ئەوانی تر نەدەگرت و هەر دەیخوارد. تا ***(لێرەدا پێدەکەنێ)*** هاهاها... تا دەزانن چی ڕووی دا؟ لەپڕێکدا تەقییەوەو هەر پارچەی بە لایەکدا ڕۆیشت. بەڵام ئەوەی سەیر بوو ئەو بۆنە بوو کە دوای تەقینەوەکەی لێی هات و بە هەموو لایەکدا بڵاو بووەوە. دەزانن بۆنی چیی لێ دەهات؟ بۆنی نەوت.

## ٩ی نۆڤەمبەر

***(لە سەر چرپاکەی خۆی ڕاکشاوە لە ماڵەوە، ڕووناکی دەچێتە سەری، داڵغەی لێ داوە)***

ئەم جەنابی بەڕێوەبەرە کابرایەکی سەیرە. زۆر کەمدووە، بەڵام بەردەوام مێشکی مەشغوولە. خۆزگە دەمزانی بیر لە چی دەکاتەوە! حەزم دەکرد لە نزیکەوە بمزانیایە چۆن دەژی و لە

کۆبوونەوە و بۆنەکاندا چۆن هەڵسوکەوت دەکات. دەبێ ئەو کەسە پلەبەرزانە ژیانیان چۆن بێت؟

زۆر جار بیر لەوە دەکەمەوە وتووێژێکی دوورودرێژی لەگەڵدا بکەم، کەچی کاتێ دەیبینم، هەموو قسەکانم لەگەڵیدا ئەوەیە: جەناب دەزانیت ئەمڕۆ هەوا زۆر سارد بوو؟ ئەی ئاگات لێ بوو شەقامەکە چەند قەرەباڵغ بوو؟ پرسیاری بێمانای لەم جۆرە و هیچی تر. دەبێ لە ماڵەوە چۆن بژی، ژووری تایبەت بە خۆی هەبێت؟ ئەی کچەکەی، ئاخ خانمە نازدارەکەم! خۆزگە ڕۆژێک ڕێم دەکەوتە ژوورەکەت و لە نزیکەوە بۆنێکی گوڵەکانتو... نا... نا... بۆنێکی قژ و سنگ و گەردنم دەکردیت... ئاخۆ ئەو پێیە بچکۆلە و ناسکانەی چۆنچۆنی لە سەر سیسەمەکە دابگرێ و بیانخاتە سەر ئەرزەکە؟ خانم... دەتوانم بێمە لاتەوە و کەمێک لە نزیکتەوە دابینشم؟

***(وا پیشان دەدات کچەکەی لایە و لە پەنایدا دانیشتووە و دەست بە قژ و جەستەیدا دەهێنێت. سەمایەک دەکات لەگەڵیدا، لەپڕێکدا لە سەماکە دەوەستێت)*** ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هەموو شتێک دەربارەی ئەو خانمەم بزانم. ئا... بەڵام چۆن؟ ***(بیر دەکاتەوە)*** ئا... بیرم کەوتەوە، ئەو ڕۆژە سەگەکەی ئەو و سەگەکەی ئەو کچەی لەگەڵ پیرێژنەکەدا بوو؛ باسی ئەوەیان دەکرد کە نامە بۆ یەکتر دەنێرن. بێگومان لەو نامانەدا باسی خانمەکەی منیشیان کردووە، باسی کچەکەی جەنابی بەڕێوەبەری گشتی. باسی ئەو خانمەم کە هەر بە بۆنەکەی مەست دەبم. بەڵام چۆن ئەو نامانەم دەست بکەوێ؟ ***(دیسان دێت و دەچێت و بیر لە ڕێگەچارەیەک دەکاتەوە)*** ئا... من ناونیشانی ماڵی کچ و پیرێژنەکە دەزانم، دەچم بۆ

ئەویَ، یەکسەر خۆم دەکەم بەماڵیاندا و ڕێک بەرەو ژووری سەگەکە دەچم و نامەکانی لیَ دەڕفێنم. کەواتە چاوەڕێی چیم؟ با هەر ئێستا بڕۆم.

**تاریکی**

**١٢ی نۆڤەمبەر**

پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ ملی ڕێم گرتە بەر و بەرەو ئەویَ کەوتمە ڕیَ. هەر ڕۆیشتم و ڕۆیشتم و ڕۆیشتم. بە لای سەوزەو میوەفرۆشەکاندا ڕۆیشتم، بۆنی قەرنابیت گێژی کردم. توند لووتم گرت و درێژەم بە ڕۆیشتنەکەم دا تا گەیشتمە ئاپارتمانەکە. چوومە ئاسانسۆرەکەوە و پەنجەم بە دوگمەی نهۆمی پێنجدا نا. کاتیَ گەیشتمە نهۆمی پێنجەمو دەرگای ئاسانسۆرەکە کرایەوە، سەیرم کرد ئەو کچەی ئەو ڕۆژە لەگەڵ پیرێژنەکەدا بینیبووم بە سەگەکەیانەوە، لە بەردەمی دەرگای شووقەکەیاندا ڕاوەستابوو. یەکسەر بەرەو ڕووی چووم و پێم وت:

دەزانیت تۆ پێویستە شوو بکەیت. کچەکە شڵەژا و وتی:

چیت دەویَ؟ وتم هاتووم ئیشم بە سەگەکەت هەیە.

لەو کاتەدا سەگەکە هاتە دەریَ و دەستی کرد بە وەڕین.

ویستم بیگرم، بەڵام پەلاماری دام و خەریک بوو قەپاڵ لە لووتم بگرێت. خۆم کرد بە ژووردا، سەبەتەیەکم بینی پڕ بوو لە کاغەز. وتم بە خوا دیارە ئەمە نامەکانە. دەستم دایێ و لەو کاتەدا سەگەکە پەلاماری دام و گازی لە قاچم گرت. هەرچۆنێک بێت خۆم ڕاپسکاند، سەبەتەکەم برد و چوومە دەریَ. کچەکە لە بەر دەرگا هەر حەپەسابوو، دەمی چوو بووە کلیلە و قسەی بۆ

نەدەکرا. منیش یەکسەر و بە هەڵەداوان لە ئاپارتمانەکە هاتمە خوارێ و بەرەوماڵەوە هاتمەوە.

### ١٣ی نۆڤەمبەر

***(نامۆ دانیشتووە و سەبەتە کاغەزەکەی لە بەردەمی خۆیدا داناوە و دەیەوێ یەکە یەکە بیانخوێنێتەوە)***

«فیدڵەی ئازیزم، خۆزگە ناوێکی تریان لێ دەنایت. بۆ نموونە ڕۆز. گەرچی تازە بەم ناوەشت ڕاهاتووم و لەگەڵتدا خۆشحاڵم. پێم خۆشە لە نامەگۆڕینەوەدا بەردەوامین.»

بە ڕاستی سەیرە، یەک هەڵە چییە لە نامەکەدا نییە، تەنانەت خاڵبەندییەکەشی تەواوە. ئادەی بزانم لەم نامەیەیاندا دەڵێت چی:

«فیدڵە، حەز دەکەم پێت بڵێم کە کچی گەورەکەم کە باوکی هەر بە ***(سۆفیا)*** بانگی دەکات، زۆر شەیدای منە!»

ئەم قسەیە یانی چی؟! دەی با بەردەوام بم:

«باوکی سۆفیاش زۆر نەوازشم دەکات، چام دەدەنێ، قاوەو شیر، شۆربای بیسرکە...»

ئەم قسە قۆڕانە چین؟ من بەدوای شتی تردا دەگەڕێم. ئادەی با بزانم ئەم نامەیەیان دەڵێ چی؟

«فیدڵە، پێم خۆشە باسی هەموو ئەو شتانەت بۆ بکەم کە لە ماڵی خۆمان ڕوو دەدەن. دەزانیت گەورەکەم، کە سۆفیا بە پاپی بانگی دەکات، کابرایەکی سەیروسەمەرە و کەمدووە.»

جا ئەوە چییە، منیش ئەوە دەزانم. ئادەی بزانم چیی تری لەبارەوە دەڵێت: «بەڵام جارێکیان لەبەر خۆیەوە دەیوت: هەر دەبێ بە دەستی بێنم، ئا، بە دەستی دەهێنم.» ئینجا ڕووی کردە من و وتی: «ئەی تۆ دەڵێی چی ماگی؟ بە دەستی دەهێنم یان

نا؟» منیش سەرم لە هیچ دەرنەدەکرد. نەمدەزانی مەبەستی چییە و دەیەوێ چی بە دەست بێنێت. بۆیە بۆنی پێڵاوەکانیم کرد و لە ژوورەکە چوومە دەرێ. کەچی دوای هەفتەیەک سەیرم کرد ڕۆژێکیان هاتەوە بۆماڵەوە و لە خۆشیاندا هەر ئەوە بوو باڵی نەدەگرت. تومەز پلەی بەرز کرابووەوە. بە سۆفیای وت: «سۆفیا، باوکت کرا بە وەزیر. لە دە پاڵێوراوی حیزبدا منیان هەڵبژاردووە، چونکە زۆر باش دەزانن کە من لە هەموویان دڵسۆزترم بۆ حیزب.»

پاشان هەر خەڵک و میوان بوون دەهاتن و پیرۆزباییان لێ دەکرد. خەڵکی وا دەهاتن و دیارییان بۆ دەهێنا و دەیانوت پوورزا و خاڵۆزاین کە هەرگیز چاوم پێیان نەکەوتبوو.»

بزانم نامەیەکی تێدا نییە باسی سۆفیا بکات ***(یەکە یەکە سەیری نامەکان دەکات تا دواجار نامەیەک دەدۆزێتەوە کە باسی سۆفیا دەکات)*** ئاخرییەکەی دۆزیمەوە. ***(نامەکە دەخوێنێتەوە):***

«فیدڵەی ئازیز، با کەمێک باسی سۆفیا خانمت بۆ بکەم. هەر وەکو خۆیشت بینیوتە، سۆفیا کچێکی جوانە. پێشتر خوازبێنیکەری زۆر بوو، بەڵام هەر ئەوەندە باوکی کرا بە وەزیر، خوازبێنیکەرانی بوون بە چوار ئەوەندە. ڕۆژێکیان من لای پەنجەرەکەوە بووم کاتێ وێنەیەکی باوکی پیشان دام لە فەرمانگەکەی و کابرایەکی پەڕپووت و ڕیوەڵەش لەولایەوە وەستابوو. وتی: ماگی ئەم پیاوە لای پاپی کاتبە لە فەرمانگەکەی، کابرایەکی ئەوەندە گێلە عاشقی من بووە، ها ها ها ها.»

ئای ئەوە مەبەستی منە؟ نا، ماگی درۆ دەکات. سۆفیا شتی وای نەوتووە. تەنانەت ئەم سەگەش ئیرەییم پێ دەبات. بە

خوا سەیرە، ئەمیش وەکو لێپرسراوی بەشەکەمان غیرەم لێ دەکات. ***(دەست بە دووبارەخوێندنەوەی نامەکە دەکات)***

«پاشان لە زەنگی دەرگاکە درا. سۆفیا لە سەر کورسییەک دانیشتبوو سەیری ئەو جلە تازانەی دەکرد کە ڕۆژی پێشوو هێنابوونیەوە. ئەویش هاتە لای پەنجەرەکەوە تا بزانێ کێیە لە زەنگی دەرگاکە دەدات. خزمەتکارەکە دەرگاکەی کردەوە، پیاوێکی چوارشانەی باڵابەرز بوو. هەر کە سۆفیا چاوی پێی کەوت، شاگەشکە بوو. وتی: «ماگی گیان، ئەوە خۆشەویستەکەی منە، ئەوە بەرپرسێکی گەورەیە و خاوەن کۆمپانیایەکی بازرگانیی گەورەشە. دەیەوێ خوازبێنیم بکات.» تومەز ئەو جلانە دیاریی ئەو کابرایە بوون. فیدڵە، سۆفیا شێتی ئەو کابرایە بووە. ئیتر ئەوە بوو بیستم کە بەم زوانە ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەیان ساز دەکرێ.» ***(نامۆ نامەکە پارچەپارچە دەکات)*** ئای بە نەفرەت بن، بە نەفرەت. تەواو، تەحەممولم نەما. لەم وڵاتەدا هەرچی شتە باشەکانە، بۆ بەرپرس و پلەدارو دەوڵەمەندەکانە و بەس. خەڵکانی وەکو ئێمەش لە هەموو شتێک بێبەش کراوین و بە چاوی سووکیشەوە سەیرمان دەکەن. بە نەفرەت بن خۆتان و دەستەوتاقمەکانتان. ئەی ئەوانەی هەموو شتێک بە خۆتان ڕەوا دەبینن و هیچ شتێک بە ئێمە ڕەوا نابینن. تەنانەت گوزەرانێکی سادە و ئاساییش. من گێلم، من شێتم، بەڵام ئێوە پیاوە ئاقڵ و حەکیمەکانی ئەم وڵاتەن. چونکە ئێوە دەزانن چۆن بژین، بەڵام من پیاوێکی سادە و گەمژەم، نازانم چۆن بژیم.

**تاریکی**

**٣ی دێسەمبەر**

***(نامۆ لە سەر چرپاکەی نوستووە، بەدەم ورێنەوە لە خەو هەڵدەسێت)*** نا، نا، شتی وا نابێت. ئەو هاوسەرگیرییە ڕوو نادات. ئاخر بۆچی؟ ئەو پیاوە چاوێکی لە من زیاترە؟ لووتی ئەو لە ئاڵتوونە؟ ئەوانە من بە کەم دەزانن؟ من لە بنەماڵەیەکی خانەدان بووم، بەڵام لە ژیانمدا نەمتوانیوە درۆ بکەم و قۆڵی ئەم و ئەو ببڕم. نەمتوانیوە غەدر لە کەس بکەم. منیش وەکو ئەوان گەورەم ***(هاوار دەکات)*** بەڵێ، منیش گەورەم. منیش گەورەم. خۆ بە کاتبی و بە خزمەتکاری لەدایک نەبووم. من چیم لەوان کەمترە؟ کی دەڵێ من خزمەتکارم؟ کی دەڵێ من فەرمانبەرێکی سادەم؟ نەخێر... ***(لێرەوە وردەوردە دۆخی دەروونیی بەرەو خراپتر دەڕوات)*** کێ دەڵێ من لە ڕاستیدا سەرکردەیەک نیم و بە خۆمم نەزانیوە. بۆ نا؟ زۆر جار لە مێژوودا شتی وا ڕووی داوە. کابرا پیاوێکی ئاسایی بووە و دوایی لەپڕێکدا دەرکەوتووە کە نەوەی پیاوێکی گەورە بووە، ئینجا ئەمیش پلەی بەرز کراوەتەوە و کراوە بە بەرپرسێکی گەورە. زۆر جار ئەمە ڕوو دەدات، بە تایبەتییش لە وڵاتێکی وەکو ئەم وڵاتەدا کە پیاوی گەورەی زۆر کەم تێدایە و بە زۆر کەسانێک گەورە دەکرێنەوە. ئێ... با منیش یەکێک بم لەو پیاوە گەورانە. هیچی تێناچێت. لەم ڕۆژانەشدا لە ڕۆژنامەدا خوێندمەوە کە دۆخی وڵات تەواو نائارامە، لێپرسراوانی وڵات حاڵیان خراپە و فەوزا و پاشاگەردانی بە ڕێوەیە. باشە، وا دابنێ سبەینێ جلی جەنەڕاڵ لە بەر دەکەم و بەو جلانەوە دەچمە دەرەوە. ئەوکات لێپرسراوی بەشەکەمان دەتوانێ چی بڵێت؟ یان جەنابی بەڕێوەبەری گشتی؟ نا بڵێم جەنابی وەزیر؟ ئەی سۆفیا؟ دڵنیام هەموو بە واقوڕمانەوە سەیرم دەکەن و

بڕواش دەکەن کە من جەنەڕاڵم. چونکە لەم وڵاتەدا جەنەڕاڵو وەزیرو گزیرەکان هەر بەم شێوەیە هەڵدەتۆقن. یەکێکم دەناسی لە سەر عەرەبانە گوڵەبەڕۆژەی دەفرۆشت، کەچی دوای چەند مانگێک بینیمەوە قاتێکی گرانبەهای لە بەردا بوو و ئوتومبێلێکی کەشخەی پێ بوو، وتم ئەوە چییە، ئەمانەت لە کوێ بوو؟ وتی: ئەی نازانیت بە پلەی عەقید خانەنشین کراوم؟ یەکێکی ترم دەناسی مامۆستای سەرەتایی بوو، کەچی دواتر کە بینیمەوە، وتی ڕاوێژکاری جەنابی سەرۆکم. ها ها ها ها... ها ها ها... کەواتە ئیتر منیش بۆ نەبم بە جەنەڕاڵ؟

**تاریکی**

**٥ی دێسەمبەر**

***(لە سەر چرپاکەی پاڵ کەوتووە و ڕۆژنامەیەکی بە دەستەوەیە دەیخوێنێتەوە)***

بارودۆخی وڵات شێواوە و نائارامی و بێزاری بەرۆکی خەڵکیان گرتووە و ئەگەر بە زووترین کات چارەسەرێک بۆ ئەم دۆخە نەدۆزرێتەوە، ئەوا مەترسییەکی گەورە چاوەڕێی وڵاتەکەمان دەکات. جەنابی سەرۆکیش نەخۆشەو نیگەرانە و لە ئێستادا هیچ چارەسەرێکی بۆ دۆخەکە پێ نییە.

***(ڕۆژنامەکە فڕێ دەداتە سەر چرپاکە و هەڵدەستێتە سەر پێ)*** وا بزانم کاتی ئەوە هاتووە لە هەموویان بگەیەنم کە ئیتر لەمڕۆ بەدواوە من جەنەڕاڵم. لە سبەینێش زووتر نییە دەچم بۆ فەرمانگەکەی خۆمان کە سێ هەفتەیە نەچوومەتەوە، تا لەوێوە دەست پێ بکەم و بزانن کە من بووم بە جەنەڕاڵ.

**٢٤ی ئەپرڵ**

***(فەرمانگەکە. نامۆ جلێکی سەربازیی پۆشیوە و ڕوتبەو نیشانەی بە خۆیەوە کردووە. سەیری کەسەکانی دەوروبەری خۆی دەکات کە دیارە حەپەساون)*** ئەوە چیتانە؟ بۆ وا واقتان وڕ ماوە؟ بۆ وا سەیرم دەکەن؟ دەڵێی قەت جەنەڕاڵتان نەدیوە؟ تۆ، کاکی لێپرسراوی بەش، قەت جەنەڕاڵت نەدیوە؟ ***(دەڕوات و لە جێی بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەکە دادەنیشێت)*** بەڕێوەبەرە گشتییەکەتان بۆ نەهاتووە؟ ئەی نازانێ من ئەمڕۆ هاتووم تا سەردانێکتان بکەم و بزانم کارەکانتان چۆن بە ڕێوە دەچن؟ نابینم کەستان مەشغووڵ بن! لەم وڵاتەدا کەس ئیشی خۆی ناکات، کەس، وڵاتەکە بووە بە تەمەڵخانەیەکی گەورە. کەس دڵی بەم وڵاتە ناسووتێ. ***(دەبێت بە ژاوەژاو و وەک ئەوەی ڕووی دەمی بکاتە یەکێک لە فەرمانبەرەکان)*** چۆن؟ بەڕێوەبەری گشت هات؟ با بێتە ژوورەوە، دەمەوێ بیبینم و بزانم ئەم هەموو تەمەڵی و ناڕێکییە چییە لەم فەرمانگەیەدا! ***(وەک ئەوەی بەڕێوەبەری گشتی بێتە ژوورەوە. ئەم هەڵدەسێت و چاو دەبڕێتە چاوی. دەنگەدەنگی کارمەندەکان دێت کە دەڵێن: شێت بووە، ئەقڵی لە دەست داوە، وا چوون پاسەوانەکانی جەنابی بەڕێوەبەری بۆ بهێنن. دەنگەدەنگەکە تا بێت زیاتر و زیاتر دەبێت. بەڕێوەبەری گشتی دەچێتە دەرەوە. غەڵبەغەڵب زیاتر دەبێت و ئەمیش وەک ئەوەی هاتبێتەوە سەر خۆی، دەترسێت و دادەنەوێتەوە و خۆی لە ژێر مێزەکەی بەڕێوەبەری گشتیدا دەشارێتەوە.)***

**دوایین دیمەن**

***(ژوورێکی بچکۆلەیە، لە ژووری ئەشکەنجەدان دەچێت. بەر لەوەی ڕووناکی بچێتە سەر ژوورەکە، دەنگی قڵپکردنەوەی سەتڵەئاو دەبیستین بە سەر سەری «نامۆ»دا، «نامۆ»یش هاوار دەکات، ئینجا دەنگی دوو کەس دێت کە بە شەق و بە بۆکس و بە قامچی لێی دەدەن و دەڵێن:*** جارێکی تر نەخەڵەتابیت و بڵێیت من جەنەڕاڵم، سەگباب. تێگەیشتیت؟ تۆ چیت؟ تۆ خۆت بە چی دەزانیت؟ فەرمانبەرێکی ئاسایی و ڕەمەکی و هیچی تر. چۆن ڕێ بە خۆت دەدەیت خۆت بخەیتە ئاستی پیاوە گەورەکانی ئەم وڵاتەوە. لەم وڵاتەدا یەک جەنەڕاڵ هەیە و بەس، بۆت نییە خەونیش بەوەوە ببینیت کە جەنەڕاڵیت، تێگەیشتیت هەی سەگی سەگباب. تۆ و باووباپیرت و هەرچی میللەتە قەرزاری جەنابی جەنەڕاڵن. جەنابیان شەو و ڕۆژیان خستووەتە سەر یەک بۆ ئێوە، کەچی ئێستاش تۆیەکی ڕووتەڵە دەتەوێ خۆت بخەیتە ڕیزی ئەوەوە. ***لێی دەدەن و ئەویش هەر هاوار و ناڵەیەتی، کاتێ ئەوان دەڕۆن و لە ژوورەکە جێی دەهێڵن، ڕووناکی دەچێتە سەری، جلەکانی شڕ و وڕ بوون لە بەریدا، دەموچاوی ئاوساوە، قژی بژ بووە).***

ئەی هاوار، بەرگەی ئەم ئازارە ناگرم. ئای خوایە، من چیم کردووە تا بەم شێوەیە ئەشکەنجەم بدەن؟ یەعنی بۆم نییە تەنانەت لە خەونیشدا ببم بە جەنەڕاڵ؟

ڕزگارم بکەن، لێرە دوورم بخەنەوە، گالیسکەیەکم بدەنێ لەگەڵ دوو ئەسپدا کە بە خێرایی با بڕۆن. دەی با زەنگەکان لێ بدرێن. دەی غار بدەن و لەم دونیا ناشیرینە دوورم بخەنەوە. دوور... دوور... بۆ شوێنێک کەس نەیگاتێ و کەس نەیبینێت. من زۆر ماندووم، دەمەوێ دوور لە چاوی ئەم خەڵکە و دوور لەم

دونیایە کەمێک بحەسێمەوە. ئاسمان تەمومژە و لە دوورەوە ئەستێرەیەکی بچووک دەدرەوشێتەوە. تەمومژەکە لە فەرشێکی وەنەوشەیی دەچێت. لە ناو تەمومژەکەوە گوێم لە ئاوازی گیتارێکە. لە دوورەوە کووخێک دەبینم، ڕەنگە ئەوە ماڵەکەی من بێت. لە دوورەوە شین دەنوێنێ. ئەرێ ئەو پیرێژنەی لای پەنجەرەکەوە دانیشتووە، دایکم نییە؟

دایە، ئاخ... دایە، کوڕە بەدبەختەکەت ڕزگار بکە. بەسەریدا بگری! تەماشاکە چۆن بە خۆڕایی ئەشکەنجەی دەدەن و سووکایەتیی پێ دەکەن! دایە گیان ئامێزتم بۆ واڵا بکە با بێمە باوەشتەوە. چونکە من لە ناو ئەم دنیا ناشیرینەدا جێم نابێتەوە دایە، باوەشم پێدا کە و ڕزگارم بکە، ئەو نەگریسانە ڕاوم دەنێن و ژیانم پێ ڕەوا نابینن. دایە، بەزەییەکت بە کوڕە نەخۆشەکەتدا بێتەوە و لەم دنیا قێزەونە ڕزگاری بکە، دەمەوێ بچم بۆ شوێنێ ڕێزی ئینسانی تێدا بگرن.

**تاریکی**

٢٠١٥/١٠/١٦

شانۆنامەی

# «بەهێزتر»

ئۆگەست ستریندبێرگ

## کاراکتەرەکان

خانم X ئەکتەرە و هاوسەرگیریی کردووە
خاتوو Y ئەکتەرە و هاوسەرگیریی نەکردووە

## دیمەن

سووچێکە لە کافێیەکی خانماندا، دوو مێزی ئاسنی بچووک و تاکێک قەنەفەی سووری قەیفە و چەند کورسییەک دەبینرێن.

خانم X دێتە ژوورەوە، جلی زستانەی پۆشیوە، کڵاوی لە سەردایە و پاڵتۆی لە بەردایە. سەبەتەیەکی بچووکی ژاپۆنیی بە دەستەوەیە.

خاتوو Y دانیشتووە و شووشەیەک بیرەی لە بەردەمدایە کە نیوە بووە. ڕۆژنامەیەکی وێنەداری بە دەستەوەیە و دەیخوێنێتەوە، دواتر دەست دەداتە ڕۆژنامەیەکی تر.

**خانم** X: ئێوارەت باش ئەمیلیا. بەم شەوی کریسمسە کە بە تەنیا لێرە دانیشتوویت، هەر لە قەیرەیەکی بەسەزمان دەچیت. (*خاتوو Y لە سەروو ڕۆژنامەکەوە نیگایەکی دەکات و سەری ڕادەوەشێنێت، پاشان لەسەر خوێندنەوەکەی خۆی بەردەوام دەبێت*).

**خانم** X: دەزانیت پێم ناخۆشە بەم حاڵە دەتبینم، بە تەنیا لە کافێیەکدا و لە شەوی کریسمسدا. ئەم حاڵەی تۆ ئاهەنگێکی هاوسەرگیریم بیر دەهێنێتەوە کە لە ڕیستۆرانتێکی پاریسدا بینیم. بووکەکە دانیشتبوو ڕۆژنامەیەکی کۆمیدیی دەخوێندەوە، لەولاشەوە زاواکە لەگەڵ شایەتەکاندا خەریکی یاریی بلیارد بوو. بیرم کردەوە و وتم ئەمە سەرەتاکەی بێت، ئاخۆ دەبێ ئەنجام و کۆتاییەکەی چۆن بێت! زاوا لە شەوی هاوسەرگیریدا بلیاردی دەکرد و بووکێش ڕۆژنامەی کۆمێدیی دەخوێندەوە.

(*کچە خزمەتگوزارەکە دێتە ژوورەوە، کووپێک شوکولات لە بەردەمی خانم X دا دادەنێت و ئینجا دەڕواتەوە دەرەوە*) چیم پێ وتیت ئەمیلیا! من لەو باوەڕەدام کە وا چاکتر بوو دەسبەرداری ئەو پیاوە نەبوویتایە! بیرتە؟ من یەکەم کەس بووم پێم وتیت "لێی ببوورە"، بیرتە؟ وا نەبوایە ئێستا تۆش خاوەن ماڵ و مێردی خۆت بوویت. ئەو کریسمسەت لە بیرە کە لەگەڵ کەسوکاری دەزگیرانەکەتدا چووبوویت بۆ لادێ ؟ چەند بەختەوەر بوون پێکەوە لەگەڵ دایک و باوکی دەزگیرانەکەتدا؟ بیرتە چەند خۆشحاڵ بوون پێکەوە و بە تەما بوویت بە یەکجاری واز لە شانۆ بێنیت. بەڵێ، ئەمیلیا، ئازیزەکەم، ماڵ لە هەموو شتەکانی تر گرنگترە، دوای شانۆ و هەروەها منداڵ. تێدەگەیت؟ بەڵام ئەمە ئەو شتەیە کە تۆ تێی ناگەیت.

(*خاتوو Y پەست دەبێت. خانم X کەوچکێک دەکات بە کووپەکەی بەردەمیدا و دەیبات بۆ دەمی، ئینجا سەبەتەکەی دەکاتەوە تا دیارییەکانی کریسمسی پیشان بدات*). تەماشاکە

چیم بۆ مناڵەکانم کڕیوە (*بووکەشووشەیەک دەردەهێنێت*). سەیرکە، ئەمەیان بۆ لیزایە. ئەمەشیان دەمانچەی تەرەقەیە بۆ مایا. (*تەرەقە دەخاتە دەمانچەکەوە و ڕووی دەکاتە خاتوو Y، ئەویش دادەچڵەکێت*) ترسایت؟ وات زانی دەمەوێ تەقەت لێ بکەم؟ چی؟ نا، ڕۆحەکەم، بڕوا ناکەم شتێکی وات بە بیردا هاتبێت. ئەگەر تۆ تەقە لە من بکەیت، بە لامەوە سەیر نییە، لەبەر ئەوەی من بوومە کۆسپی سەر ڕێت، دەزانم ئەمەش شتێکە هەرگیز بیرت ناچێتەوە. بەڵام من لەو مەسەلەیە تەواو بێبەری بووم. تۆ ئێستاش لەو باوەڕەدایت کە من داوم بۆ نایتەوە و بوومە هۆی دەرکردنت لە شانۆی ستۆرا، بەڵام من شتی وام نەکردووە. تەنانەت گەر تۆ لەو باوەڕەشدا بیت، بەڵام من هەرگیز شتی وام نەکردووە. هەرچەندە تازە ئەمە بڵێم و نەیڵێم، هیچ سوودێکی نییە، چونکە تۆ ئێستاش وا دەزانیت ئەوە کاری من بووە. (جووتێک نەعلی بە دەست چنراو لە سەبەتەکە دەردەهێنێت) ئەمەش بۆ پیاوە ئازیزەکەمە. بەو گوڵاڵەسوورانەی سەریەوە کە بە دەستی خۆم چنیومن. من حەزم لە گوڵاڵەسوورە نییە، تۆ ئەمە دەزانیت، بەڵام ئەو گوڵاڵەسوورەی بە هەموو شتێکەوە حەز لێیە. (*خاتوو Y بە تەنزێکەوە و بە فزووڵەوە سەیرێکی دەکات. خانم X هەردوو دەستی دەخاتە ناو نەعلەکانەوە*) تەماشاکە پێیەکانی بۆب چەند بچکۆلەن! چی؟ ئینجا خۆزگە دەیبینیت چەند جوان هەنگاو دەنێت! تۆ بینیوتە بە نەعلەوە چۆن بە ڕێدا دەڕوات؟ (*خاتوو Y بە دەنگێکی بەرز پێدەکەنێت*) سەیرکە، ئاوەها. (*دەستەکانی وەکو قاچی ئەو لێ دەکات و لە سەر مێزەکە بە نەعلەکانەوە دەڕوات. خاتوو Y قاقا پێدەکەنێت*) کاتێکیش پەست دەبێت، ئاوەها توند

پێیەکانی بە زەویدا دەدات. نەفرەت لەو ئاشپەزە، هەرگیز فێر نابێت قاوەیەک دروست بکات. ئاخ، ئەم دەبەنگانە قەت پڵێتەی چراکان بە ڕێکی نابڕن. ئینجا بە پێیە تەزیوەکانیەوە نەعلەکان لە پێ دەکات. ئاخ، چەند ساردە، ئەو گەمژانە قەت زۆپاکان گەرم ناکەن. (بنی *نەعلەکان لەیەک دەخشێنێت. خاتوو Y بە ئاشکرا پێدەکەنێت*) کاتێکیش دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، سەعاتێک بەدوای نەعلەکانیدا دەگەڕێت کە ماری لە ژێر کۆمێدیی تایبەت بە پێڵاوەکاندا دای دەنێت. ئۆو، بەڵام ئەوە گوناهە ژنێک لێرە دانیشێت و گاڵتە بە مێردە بچووکە باشەکەی خۆی بکات. ئەمیلیا، تۆش پێویستت بە هاوسەرێکی وا باشە. ئەوە بە چی پێدەکەنیت؟ چی؟ چی...؟ پاشان من دەزانم کە ئەو ڕاستگۆیە لەگەڵمدا. بەڵێ، ئەوە دەزانم. ئەو خۆی ئەمەی پێ وتووم. پێکەنینت بە چی دێت؟ کاتێ من بە گەشتێک چووبووم بۆ نەرویج، ئەو ئافرەتە بێئابڕووە، فریدریکا، هاتبوو و ویستبووی لە خشتەی ببات. سەیری ئەو بێشەرمییە! (*وەستانێک*) بەڵام کاتێ لە ماڵەوە بوومایە و ئەو بهاتایە بۆ لای مێردەکەم، هەردوو چاویم دەردەهێنا. (*وەستانێک*) بەوەی باش بوو بۆب خۆی هەموو شتێکی بۆ باس کردم و لە ڕێی واتەواتی خەڵکییەوە پێم نەگەیشتەوە. (*وەستانێک*) بەڵام فریدریکا تاقە ئافرەت نەبوو، بڕوا دەکەیت، نازانم بۆ، بەڵام ژنان شێتی مێردەکەی منن. دیارە وا بیر دەکەنەوە کە بۆب لە بواری شانۆدا دەستی دەڕوات، لەبەر ئەوەی پەیوەندیی لەگەڵ حکومەتدا هەیە. لەوانەیە خۆشت هەوڵت دابێت کاری لێ بکەیت. منیش زۆر متمانەم پێت نەبوو، بەڵام دەزانم ئێستا ئەو زۆر بایەخ بە تۆ نادات، پێ دەچێ تۆش مەیلت بۆ ئەو نەمابێت. (*وەستانێک*) (*بە شێوەیەکی*

*سەیر تەماشای یەکتر دەکەن)* ئەمیلیا، ئەم ئێوارەیە وەرە بۆ لامان و پیشانی بدە کە توورە نیت لێمان... بە تایبەتییش کە بە هیچ جۆرێک لە من توورە نیت. نازانم بۆ، بەڵام ناخۆشە وەکو دوژمنێک سەیرت بکەم، لەبەر ئەوەی من بووبوومە کۆسپی سەر ڕێت. *(وردەوردە ڕیتمی قسەکانی هێواشتر دەبێت)* یان... بە ڕاستی نازانم... بۆچی... *(وەستانێک. خاتوو Y بە فزوڵییەوە سەیری خانم X دەکات)* ئاشنایەتییەکەمان شتێکی نائاسایی و سەیر بوو. *(بیر دەکاتەوە)* کاتێ بۆ یەکەم جار تۆم بینی، زۆر لێت دەترسام، زۆر دەترسام، بە جۆرێک کە نەمدەتوانی چاو لەسەرت هەڵگرم. بۆیە هەمیشە کە دەهاتم و دەچووم، خۆم لە لای تۆوە دەبینییەوە... پڕکێشیی ئەوەم نەدەکرد ببمە دوژمنت، هەر لەبەر ئەوەش بووم بە هاوڕێت. بەڵام بەردەوام هاتنەکانت بۆ ماڵمان دەبووە مایەی شەڕوشۆڕ. لەبەر ئەوەی سەیرم دەکرد مێردەکەم تەحەممولی نەدەکردیت. ئەوەش تەواو منی نارەحەت دەکرد، ڕێک وەک عەزییەک کە پڕ بە بەرت نەبێت. من هەموو هەوڵێکم دەدا تا وا لەو بکەم وەکو هاوڕێیەک ڕەفتارت لەگەڵدا بکات، بەڵام بەر لەوەی ئەو ڕازی بکەم، تۆ دەزگیرانیی خۆت لەگەڵ کەسێکدا ڕاگەیاند. پاشان بوون بە هاوڕێی گیانی بە گیانیی یەکتر.. ئینجا وەک ئەوەی هەر لە سەرەتاوە ئێوە ڕووبەڕووی هەست و نەستی ڕاستەقینەی خۆتان بووبێتنەوە، بەو جۆرە دەرکەوتن. بەڵام پاشان چی؟ من غیرەم نەکرد. چەند سەیر بوو. بیرمە لە ڕێوڕەسمی تەعمیدکردنی منداڵەکەماندا کە تۆ تێیدا زڕدایکی بوویت، من هاوسەرەکەمم ناچار کرد ماچت بکات. ئەویش ماچی کردیت، بەڵام تۆ تەواو شڵەژابوویت. من ئەو کاتە زۆر سەرنجی ئەوەم نەدا، تەنانەت دواتریش هیچ

بیرم لێ نەکردەوە، بگرە هەرگیز بیرم لێ نەکردووەتەوە، تاکو ئێستاش (*لەپڕێکدا هەڵدەستێتە سەر پێ*) بۆ وا بێدەنگیت؟ بە درێژایی ئەم ماوەیە وشەیەک لە دەمت نەهاتە دەرەوە! ناچارت کردم هەر من قسە بکەم. لە شوێنی خۆتدا دانیشتوویت، بەڵام بە چاوەکانت هەموو ئەو شتانەی من بیریان لێ دەکەمەوە و وەکو ئاوریشمی خاون لە ناو قۆزاخەکەیاندا، دەرت کردن. بیروبۆچوونەکانم و ڕەنگە گومانەکانیشم. ئادەی با بزانم، بۆچی پەیوەندیی دەزگیرانییەکەتان هەڵوەشاندەوە؟ ئەی بۆچی ئەم ڕۆژانە بە دەگمەن دێیت بۆ ماڵمان؟ بۆ ئەمشەو نایەیت بۆ لامان؟ (*خاتوو Y وەک ئەوەی بیەوێ قسەیەک بکات*) وس بە، پێویست ناکات هیچ بڵێیت. خۆم تێگەیشتم. لەبەر ئەمە و ئەوە... بەڵێ! ئێستا هەموو شتێک ڕوونە... تف... من لەگەڵ تۆدا لە سەر مێزێک دانانیشم (شتەکانی خۆی دەباتە سەر مێزێکی تر) ئێستا دەزانم بۆچی دەبوایە نەخشی گوڵاڵەسوورە —ئەو گوڵاڵەسوورەیەی کە من ڕقم لێیەتی— لە سەر نەعلەکانی دروست بکەم، لەبەر ئەوەی تۆ عاشقی گوڵاڵەسوورەیت. (*نەعلەکان فڕێ دەداتە سەر ئەرزەکە*) هەر لەبەر هەمان هۆیە هاوینان دەچین بۆ دەریاچەی مالارن، لەبەر ئەوەی تۆ حەزت لە ئاوی سوێر نییە. هەر لەبەر ئەمەشە کوڕەکەم ناوی ئێسکیلە، چونکە ناوی باوکی تۆیە. هەر لەبەر هەمان هۆکارە من ئەو جلانە لە بەر دەکەم کە ڕەنگیان لە ڕەنگی جلەکانی تۆ دەچن، ئەو کتێبانە دەخوێنمەوە کە تۆ دەیانخوێنیتەوە، ئەو خواردن و خواردنەوانە دەخۆم و دەخۆمەوە کە تۆ حەزت لێیانە. بۆ نموونە ئەم شوکولاتە. ئای خوایە! کە بیری لێ دەکەمەوە شتێکی چەند سەخت و سامناکە! هەموو شتەکانت، هەموو شتەکانی تۆ نەقڵ

بوون بۆ ناو ناخی من، تەنانەت هەست و سۆزیشت. وەک چۆن کرمێک دەچێتە ناو سێوێکەوە، ئاوا ڕۆحی تۆش هاتووەتە ناو ڕۆحی منەوە. دەیخوات و دەیخوات و دای دەڕزێنێ و دای دەڕزێنێ، بە جۆرێک، توێکڵەکەی ڕۆحم ماوەتەوە. ویستم لە دەستت ڕابکەم، بەڵام نەمتوانی. تۆ وەکو مارێک خزایتە ناومەوە و بە چاوە ڕەشەکانت سیحرت لێ کردم. هەستم دەکرد کاتێ باڵەکانم دەکردەوە، زیاتر ڕۆدەنیشتم. بە دەستو پێی بەستراوەوە نوقمی ناو ئاوەکە دەبووم و چەند هەوڵم دەدا ڕزگارم بێت، کەچی زیاتر دەنیشتمە بنی ئاوەکە، ئینجا لەوێش تۆم دەبینی وەکو قرژانگێکی گەورە چڕنووکەکانت لێ گیر دەکردم و ئیتر منیش بە ناچاری لەوێدا دەمامەوە. من ئێستاکە لەوێدام.

ڕقم لێتە، ڕق، ڕق. تۆش بۆ خۆت بێدەنگ و بێباک ئاوەها دانیشتوویت. دنیا وێران بێت باکت نییە، شەوە یا ڕۆژ، کریسمسە یان سەری ساڵ، ئەوانی تر خۆشبەختن یان غەمگین. تۆ توانای ئەوەشت نییە کەسێکت خۆش بوێت یان ڕقت لە کەسێک بێت، بێدەنگ و مات. لە لەقلەقێک دەچیت لای کونەمشکێکەوە بێت. تۆ توانای ئەوەت نییە نێچیرەکەت بە دەست بهێنیت، ناتوانیت خۆشەویستیی پیاوێک ڕابگریت، بەڵام دەتوانیت بۆسە بۆ دزینی خۆشەویستیی ئەوانی تر دابنێیت. ئەوەتانێ لە سووچێکی ئەم کافێیەدا دانیشتوویت. دەزانیت هەر لەبەر تۆ ئەم کافێیەیان ناو ناوە "تەڵەمشک"؟ دانیشتوویت و خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیت تا بزانیت چ بەڵایەک بەسەر کەسانی تردا هاتووە، یان کێیان لە شانۆکە دەرکردووە. یاخود حسابی قوربانیی داهاتووت دەکەیت، وەک ئەو کەشتییەوانەی کە کەشتییەکەی

نوقم بووە. ئای ئەمیلیای بەسەزمان؛ من بەزەییم پێتدا دێتەوە، لەبەر ئەوەی دەزانم چەند بەدبەختیت. هێندەی گیانەوەرێکی بریندار بەدبەخت و تووڕەیت. من ناتوانم لێت تووڕە بم، تەنانەت گەر واش پێویست بکات. لەبەر ئەوەی تۆ لە من لاوازتریت. هەرچییەکیشت کردووە لەگەڵ بۆب، بە لامەوە گرنگ نییە. جا ئەوە چییە؟ چ مانایەکی هەیە خواردنەوەی شوکولات لە تۆوە فێر بووبم یان لە کەسێکی ترەوە؟ (*کەوچکێک لە شوکولاتەکە دەدات*) ئەمە جگە لەوەی کە شوکولات بۆ تەندروستی باشە. یان گریمان جلوبەرگپۆشین لە تۆوە فێر بووم، جا ئەوە چییە؟ بە پێچەوانەوە، ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی زیاتر بچمە دڵی هاوسەرەکەمەوە. کەواتە لێرەدا دۆڕاوەکە تۆیت و براوەکە منم. بە کورتی، هەموو شتەکان دەیسەلمێنن کە تۆ ئەوت لە دەست داوە. دیارە تۆ دەتویست من وازی لێ بهێنم، وەک چۆن تۆ وازت لە دەزگیرانەکەت هێنا و دەتویست وەک چۆن خۆت ئێستا پەشیمانیت، منیش ئاوەها پەشیمان ببمەوە. بەڵام من شتی وا ناکەم، نابێ چاوەڕوانیت زۆر بێت. پاشان من بۆچی ئەو شتانە هەڵبگرمەوە کە ئەوانی تر نایانەوێت؟

بەهەرحاڵ، هەست دەکەم ئەوەی بەهێزترە، منم. تۆ هیچت لە منەوە دەست نەکەوت، بەڵام من زۆر شتم لە تۆوە دەست کەوت. ئێستاش، من وەک دزێک دێمە بەر چاوت، لەبەر ئەوەی کاتێک بەئاگا هاتیتەوە، سەیرت کرد هەموو ئەو شتانەی هەتبوون، لە دەستت داون. هەر دەبوایە وەهاش بوایە. لەبەر ئەوەی ئێستا هەموو ئەو شتانە بۆ تۆ بەها و سوودیان نەماوە. تازە تۆ چیتر ناتوانیت بە گوڵاڵەسوورە و بە هەست و سۆز خۆشەویستیی پیاوێک بۆ خۆت ڕابگریت، بەڵام من

دەتوانم. تۆ ناتوانیت لەو نووسەرانەوە کە پێیان سەرسامیت، فێری ژیان ببیت، بەڵام من دەتوانم. تۆ ئیسکیلێکی بچووکی وەکو کوڕەکەی من شک نابەیت تا پەروەردەی بکەیت، بەڵام من شکی دەبەم، با باوکی تۆش هەر ناوی ئیسکیل بووبێت! پاشان تۆ بۆ هەروا بێدەنگ دانیشتوویت، بێدەنگ، بێدەنگ؟ من وام دەزانی ئەو بێدەنگییەت هیی ئەوەیە کە بەهێزیت، بەڵام نا، دیارە هیی ئەوەیە هیچ شتێکت پێ نییە بیڵێیت. لەبەر ئەوەی شتێکت نییە بیری لێ بکەیتەوە. (هەڵدەستێ و نەعلەکان هەڵدەگرێتەوە) من دەڕۆمەوە، گوڵاڵەسوورەکانیش لەگەڵ خۆمدا دەبەمەوە، گوڵاڵەسوورەکانی تۆ! تازە تۆ توانای ئەوەت نییە لەوانی ترەوە فێری شت بیت، لەبەر ئەوەی تۆ ناتوانیت بنوشتێیتەوە، چونکە وەک لاسکێکی وشکەوەبوو دەشکێیتەوە. بەڵام من ناشکێمەوە. سوپاس ئەمیلیا بۆ هەموو ئەو وانە باشانەی لێتەوە فێر بووم، سوپاس بۆ ئەوەی هاوسەرەکەمت فێری خۆشەویستی کرد. ئێستاش دەڕۆمەوە بۆماڵەوە تا خۆشەویستیی پێ ببەخشم. (دەڕوات).

**کۆتایی**

## سەرچاوە

THE STRONGER.
A play in one act by: August Strindberg. Translated by: Charles Wangel .One–Act–Plays.com

شانۆنامەی

# دواشەوی لۆرکا لە «ڤیزنار»

جەلیل قەیسی

– ئەم شانۆییە بە بۆنەی تێپەڕبوونی پەنجا ساڵ بەسەر شەهیدبوونی شاعیری مەزنی گەلی ئیسپانیا «فیدریکۆ گارسیا لۆرکا»وە نووسراوە..

– «ڤیزنار» ئەو شوێنەیە کە لۆرکای تێدا گیرا، شەوێک تێیدا مایەوە و پاشان لە ڕۆژی داهاتوودا گوللەباران کرا..

## کاراکتەرەکانی شانۆییەکە

فیدریکۆ گارسیا لۆرکا – شاعیری مەزنی ئیسپانیا

دیۆنسیکۆ گۆنزالیز – مۆسیقاری مەزنی غەرناتە

خۆسیە کۆزمان – سەرکردەیەکی عەسکەری

ئەنخیلینا گۆنزالیز – کارەکەرەکەی لۆرکا

مارگیتا خیرگو و لولا مەمبریفس – دوو کچەئەکتەری ڕۆشنبیرن کە توانیویانە زۆر بە جوانی دەوری کاراکتەرە ژنەکانی شانۆییەکانی لۆرکا ببینن.

کوڕەلاوێک

کچە لاوێک

پیاوی ١

پیاوی ٢

پیرێژنێک

پیرەمێردێک

ئەفسەرێک

کوڕێکی مناڵ

*(له سەرەتای شانۆییەکەوە تا کۆتایی، لێدانی گیتارێک لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەڕوات و بەپێی دیمەن و هەڵوێستەکان دەگۆڕێت... ڕووناکییەکی سەوز لە لافیتەیەکی بچووک دەدرێت کە لە سەری نووسراوە (ساڵی ١٩٣١)..*

*منداڵێک کۆمەڵێک ڕۆژنامەی بە دەستەوەیە و بە گەرموگوڕی و بە دەنگێکی بەرزەوە هاوار دەکات.)*

منداڵەکە: پاشا هەڵات.. دواهەواڵ – پاشا هەڵات.. پاشا هەڵات (*ڕۆژنامەیەک ڕادەوەشێنێت*) پاشا هەڵات (*پیاوێک دێتە ژووری، منداڵەکە دەوەستێنێت و ڕۆژنامەیەک دەکڕێت.. دەیخوێنێتەوە*).

**پیاوەکە:** ها.. بە ڕاست – پاشا هەڵات.. ها ها ها... چارەنووسی پاشاکان یا هەڵاتنە یان لە کۆشکەکانیاندا دەکوژرێن... ها ها ها... داوی شمشێرەکەی دیمۆکلیس زۆر باریکە لە سەر سەریان.. ئەمە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو.. کەواتە ئەی ڕژێمی پاشایەتی ماڵئاوا... ماڵئاوا ئەی مۆتەکەی دەرەبەگایەتی (*بە شادییەوە*) ئەوەتانێ وا ئاسۆی کۆماری دەردەکەوێت و دەنگی خەڵکی بەرز دەبێتەوە (*دەنگی دروشم و زەنگ دێتە گوێ، دەرهێنەر دەتوانێت چەند لایەنێکی ڕووداوەکان لە سەر شاشەیەکی بچووک لە شوێنێکی شانۆکەدا پیشان بدات)* با زەنگەکان لێ بدرێن.. با شادمانی

ئەم ئیسپانیایە بتەنێتەوە کە ئازار لە پەلوپۆی خستبوو (*هاوار دەکات*).. شادمانی... (پیاوێکی دی دێتە ژووری).

**پیاوی۲:** (*بە سەرسوورِمانەوە*) بە ڕاستتە دەڵێیت پاشا هەڵات؟!

**پیاوی۱:** ئەی گوێت لە دەنگ و هاواری خەڵکی نییە؟ تەماشاکە.. (*ڕۆژنامەکەی پیشان دەدات*) بیخوێنەرەوە... مانشێتەکە بە سوور نووسراوە... پاشا هەڵات.

**پیاوی۲:** جا کێ دەڵێ وایە..؟ ڕەنگە هەواڵێکی هەڵبەستراو بێت.. ڕەنگە درۆ بێت.

**پیاوی۱:** درۆ!؟ بۆ.. ئەمڕۆ یەکی نیسانە؟ تەنانەت ئەگەر یەکی نیسانیش بێت، چ ڕۆژنامەنووسێک پڕکێشیی ئەوە دەکات مانشێتێکی وەها بەو ڕەنگە و بەو قەبارەیە بنووسێت.. هاهاها... دەڵێیت هەڵبەستراوە؟ نەخێر.. هەواڵەکە ڕاستە و زۆریش ڕاستە.

**پیاوی۲:** (*هەناسەیەک هەڵدەکێشێت*) زۆریش ڕاستە... (*تەماشای ئاسمان دەکات*) ئەی مەسیحی خۆشەویست، ئاگات لێمان بێت... خوایە بمانپارێزیت و لە بەڵا و کارەسات دوورمان بخەیتەوە.

**پیاوی۱:** (*بە سەرسوورِمانێکی زۆرەوە*) مەبەستت لە کارەسات چییە؟

**پیاوی۲:** (*بە گاڵتەپێکردنەوە*) ئەی وا دەزانیت گۆڕانی ڕژێمێک هەروا گاڵتەیە؟ دەشێ لە شانۆییەکانی شەکسپیردا وا بێت... ئەمە شەڕەگایەک نییە، بە

تەنها گایەکە و هەندێ جار زۆرانبازەکەیش تیا بچن؛ بەڵکو زۆر لە بینەرەکانیش تیا دەچن.

**پیاوی١:** تۆ کابرایەکی زۆر ڕەشبینیت.. پاشایەکی دەبەنگ فەرمانڕەوایی نیشتمانەکەمانی دەکرد.. ئێستا پێویستمان نە بە خۆی و نە بە داروودەستەکەیەتی، سەری خۆی هەڵگرت و هەڵات.. ئێستایش کاتی ئەوە هاتووە خۆمان فەرمانڕەوایی خۆمان بکەین.

**پیاوی٢:** (*بە گاڵتەپێکردنەوە*) خۆمان فەرمانڕەوایی خۆمان بکەین.. لەوانەیە و لەوانەش نییە... من هەست بە هاتنی زریانێکی ڕەش دەکەم.. وا هەست دەکەم دەشتەکانی ئیسپانیا لەبری ئەوەی سەوز ببن، زەرد دەبن... بەڵکو ڕەش دادەگەڕێن.

**پیاوی١:** (*بە سەرسووڕمانێکی زۆرەوە*) چی؟ وڕێنە دەکەیت.. بۆچی زەرد دەبن و ڕەش دادەگەڕێن.. بۆ؟

**پیاوی٢:** ئیسپانیا هەر وا بە خەمباری دەمێنێتەوە و وەکو گوڵێکی قرتاو سیس دەبێتەوە... ئێمەش ڕۆژێک دێت داخ و حەسرەت هەڵکێشین... کێ دەزانێت.. ڕەنگە ئەو داخ و حەسرەتەشمان زۆر بخایەنێت و ساڵانێکی زۆر جگە لە دەنگی نوێژو نزا بۆ مەسیح و مریەمی پاکیزە و قدیسەکان لەپێناوی ئاسایشدا، هیچی تر نەبیستین... دەبینیت فرمێسکێکی زۆر لە چاوە جوانەکان دەڕژێ (*وەستانێک... ئاخ هەڵدەکێشێت*) لە هەڵوێستە

سەختەکانیشدا ناچار دەبن بە خۆشەویستییەوە پێکە بەتامەکەی مەرگ بنۆشن.

**پیاوی١:** (بە توورەییەوە) تۆ... بێگومان تۆ کابرایەکی شاپەرستیت!

**پیاوی٢:** نەخێر.. بەڵام دڵم پێم دەڵێت کە کۆتاییە خۆشەکان لە پەژارەدا دەتوێنەوە و لێوەکانیش لە خەمدا پێکدا دێن.[1]

**پیاوی١:** هەموو ئەم کارەساتانە ڕوو دەدەن لەبەر ئەوەی پاشایەک هەڵاتووە؟

**پیاوی٢:** لەوانەیە و.. لەوانەیش نییە..

**پیاوی١:** ئەمە چییە دووپاتی دەکەیتەوە..؟ لەوانەیە و لەوانەیش نییە.

**پیاوی٢:** بورکانەکە دەتەقێتەوە.. ئۆو.. چ بورکانێک.

**پیاوی١:** (بە *سەرسوورمانێکی زۆرەوە*) چی؟ تۆ فاڵگرەوەیت؟

**پیاوی٢:** (بە *گەرمییەوە*) جەناب.. دوای هەڵاتنی پاشاکان، کەسانی وەکو ڕۆبسپێر و دانتی و سان جۆست و کەمیل دیمۆلا[2] پەیدا دەبن.. هەروا زوو دراوسێ ئازیزەکەمان.. فەرەنسامان لە بیر چووەوە..؟ هەمووی چەند مەترێک لێمانەوە دوورە.. بەڵێ.. ئەوەتانێ لە پشت شاخە جوانەکانمانەوە.. شۆڕشەکەیان بهێنەرەوە بیری خۆت.

**پیاوی١:** (بە توورەییەوە) نا نا.. بێگومان تۆ کابرایەکی شاپەرستیت.. بەڵکو پیاوی پاشایت.. ئامۆژگاریت دەکەم ئاگات لە دەمی خۆت بێت (دەنگی دروشم و

زەنگ دێتە گوێ) گوێ لە دەنگی ئەو جەماوەرە بەختەوەرە بگرە... تۆ ئەگەر بەم کەفوکوڵەوە باسی پاشا بکەیت و بەو خەمبارییەوە باسی هەڵاتنەکەی بکەیت، بڕوا ناکەم بە سەلامەتی دەربچیت.

**پیاوی٢:** بڕوا بکە من خەمی ئەوەم نییە کە پاشا هەڵاتووە... نەخێر.. خەمی ئەوەمە کە ناڵە و گرمە چواردەوری ئیسپانیای خۆشەویستمان دەتەنێتەوە.. ساڵانێکی ڕەشی درێژیش چاوەڕێی ئیسپانیا دەکات.

**پیاوی١:** *(لەگەڵ خۆی دەدوێت)* ئەی مریەمی پاکیزە... ئەی مەسیحی دڵباش.. *(بە تووڕەییەوە)* دوای هەموو ئەمانەش دەڵێیت کە خەمی هەڵاتنی پاشات نییە؟ دەڵێیت کە شاپەرست نیم!

**پیاوی٢:** ئیسپانیا.. جەناب تۆ زۆر هەڵچوویت.. بەم زوانە ئیسپانیا دەبێتە گۆمی خوێن... بەڵێ.. پاش ئەوەی کە بووکێک بوو بە تاجەگوڵینە چنرابوو.

**پیاوی١:** *(بە تووڕەییەوە)* دەمت داخە *(دروشمی بەرز دەبیستریّ)* بە هەڵاتنی پاشا سەرانسەری ئیسپانیا کەوتووەتە خۆشی و بەختەوەرییەوە، کەچی تۆ خەم و خەفەت دایگرتوویت.

**پیاوی٢:** ئیسپانیا دەبێتە کوورەیەکی ترسناک.

**پیاوی١:** کوورە!

**پیاوی٢:** کوورەی لاشە..

**پیاوی١:** بەڵکو دەبێتە بەهەشت...

**پیاوی٢:** هەرگیز... پەیکەرەکان و کتێبە جوانەکان دەسووتێنرێن و هەناوەکان لە سەر ئەم زەوییە

پاکە فڕێ دەدرێن... لێشاوی گۆگرد و شێتی و هاوار و مەرگ دێت.. دەبینیت.. دەبینیت..

**پیاوی١:** (*بە توندی بە ڕووی پیاوی ٢ دا هاوار دەکات*) دەمت داخە ئەی شاپەرست..

**پیاوی٢:** (*بە ساردییەوە*) ئەی لایەنگری کۆماری، هەوڵ بدە لە نێوان ئەم تەمە چڕەوە باش ببینیت (*دروشمی بەرزتر*) من لە پشتی ئەم هاوارانەوە ئازارێکی زۆر دەبینم... لە پشتی پەردەکەوە بە ڕوونی ئەوە دەبینم... لە هەموو شوێنێک دەیبینم.

**پیاوی١:** تۆ شاپەرستێکیت و لە لووتی خۆت دوورتر نابینیت.. گوێ بگرە.. تەنانەت گەر کارەساتیش ڕوو بدات، لەگەڵ ئەمەشدا کۆماری گوڵەمێخەکێکە دەیدەین لە سنگمان و بە خۆشەویستیمان دەیپارێزین.

**پیاوی٢:** (*بە گاڵتەپێکردنەوە پێدەکەنێت*) گوڵەمێخەک! بەڵێ گوڵەمێخەکە.. بەڵام ئەوەندە نابات لە ناو دەستە تووڕە و هەڵچووەکاندا هەڵدەوەرێت.

**پیاوی١:** گوڵەمێخەک گەشە دەکات، خۆت دەزانیت گەڵەمێخەک هەمیشە دەگەشێتەوە.

**پیاوی٢:** لەوانەیە.. بەڵام من لە ئاسۆدا ستەم و تاریکی دەبینم... شەڕێک دەبینم وەکو گوڵەمێخەکەکەی تۆ گەشە دەسێنێت..

**پیاوی١:** ئەی شاپەرستەکە لاچۆ و ڕاکە.. ئەم شوێنە بەجێ بهێڵە.. من لێت دەبوورم کە پاشات خۆش دەوێت، بەڵام ڕێت پێ نادەم بەدەم کارەسات و تاریکی و

مەرگەوە وڕێنە بکەیت... ڕاکە.. بیابانەکان چۆن بەرگەی هەتاوی بەتین دەگرن، ئەم گەلەیش ئاوەها بەرگەی ئازاری گرت؛ گەردەلمەکان چۆن دەچریسکێنەوە، ئەم گەلەیش ئاوەها لە هەژاری و ئازاردا دەچریسکایەوە... گەلەکەمان وەچە دوای وەچە بەرگەی زۆر تاڵی و سوێریی ستەمی پاشایەتی و دەرەبەگایەتی و کەنیسەی گرت.. چییە؟ پشتاوپشت دەبێ ئێمە کلۆڵ بین؟ ئایا ئەم گەلە مافی ئەوەی نییە ئەو بارە لە کۆڵی خۆی بکاتەوە و چارەنووسی خۆی دیاری بکات؟

**پیاوی٢:** چارەنووسی خۆی دیاری بکات!! هاها... ئەمانە قسەن.. قسەن و هیچی تر.. هاها.. کە هەورەگرمە دێت...

**پیاوی١:** بەسە هەی چەنەباز.. با هەورەگرمەکە خۆت و پاشاکەت و دەستوپێوەندەکانی ڕابماڵێت.

**پیاوی٢:** دەبینیت هەورەبرووسکەکە چۆن دەکەوێت.. بڕوام پێ بکە کازیوەی ڕاستەقینە ڕوو نادات و شەوگاریش درێژە دەکێشێت.. درێژە دەکێشێت.

**پیاوی١:** هەڵەوەڕ.. سیخوڕ (*منداڵێکی تر بەوێدا تێدەپەڕێت؛ کۆمەڵێک ڕۆژنامەی پێیە و هاوار دەکات*).

**منداڵەکە:** شا هەڵات.. شاعیری گەورەمان خۆرخێ گسینی دوورخراوە دەگەڕێتەوە.. پرۆفیسۆری گەورە دی لۆس ڕیوس بۆ نیشتمان دەگەڕێتەوە...

**پیاوی٢:** هاهاها... شاعیری گەورە خورخێ گسین

دەگەڕێتەوە.. نەخێر.. ناگەڕێتەوە.. ڕەشەباکە هەڵدەکات.. هەڵدەکات..

**پیاوی١:** بێگومان هەڵدەکات و هەر کەسێکیش پەیوەندیی بە پاشا و پاشایەتییەوە بێت، ڕایدەماڵێت.

**پیاوی٢:** (*وەکو ئەوەی لە سەر شانۆ تەمسیل بکات*) بە تینەوە هەڵدەکات و پشتی زۆر کەس دەشکێنێتەوە، هەر لە شاپەرستەکانەوە تاوەکو کۆمارییەکان و ئینجا بێلایەنە بەسەزمانەکانیش.

**پیاوی١:** ڕەشەباکە تەنها شتە فشەڵەکان ڕادەماڵێت (*وەستانێک*) کابرا لەم ناوە بڕۆ.. من ئێستا دڵم خۆشە.. یەکەم بە هەڵاتنی شا و دووەمیش لەبەر ئەوەی دەچم تا شانۆیی —ماریانا پینیدا— ی لۆرکای ئەفسوونباز ببینم.. تکات لێ دەکەم با خوێنم هەڵنەچێت و ئێرە بەجێ بهێڵە.. تاقەتی ئەوەم نییە گوێ لە موحازەراتەکانت بگرم لەبارەی ڕەشەبا و کارەسات و...

**پیاوی٢:** (*وەکو ئەوەی قەسیدەیەک بخوێنێتەوە*) ڕەشەباکە ئاسمانی ئیسپانیا بە هەور و تەپوتۆز و قوڕی تواوە دەتەنێتەوە..

**پیاوی١:** (*پڕی پێدا دەکات تا لەگەڵیدا بیکات بە شەڕ*) دەڵێم دەمت داخە با خوێنم هەڵنەچێت.. ئەی شاپەرستی هەڵەوەڕ.

**پیاوی٢:** (*بە ئەعسابێکی ساردەوە*) تەماشاکە.. کارەساتەکان ئا بەم شێوەیە دەست پێ دەکەن.. ئێمە هەر بە تەبیعەت خۆمان گەرمین.. ئەم خوێنە گەرمەش

دەبێتە هۆی ئەو کارەساتانەی بەسەرماندا دێن.. (وەکو *ئەدائەکەی پێشوو*) گڕکان.. گڕکان لە ژێر پێستە ناسکەکانماندایە... وتووێژێک بەسە بۆ ئەوەی دەس بدەینە ئێخەی یەکتر و خەنجەرەکانمان ببریسکێنەوە (*وەستانێک*) بڕۆ بۆ بینینی لۆرکا.. منیش ئەو شاعیرە ناسکەم خۆش دەوێت.. بڕۆ و گوێ لە وشەکانی ماریانا بگرە و ببینە چۆن لە سەر ئاڵاکە وشەی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری دەچنێت.

**پیاوی١:** (*چەند جارێک بە قووڵی هەناسە هەڵدەکێشێت*) وا بزانم چاکتر وایە بڕۆم.. تۆ بەو بیروباوەڕە شاپەرستانە و منیش بەم هەست و نەستە میللی و خوێنە گەرمەوە لەگەڵ یەکدا ناگونجێین.. شتێکی سەیرە.. نە دەتناسم و نە دەمناسیت و ئەم هەموو قسەیەت لەبارەی کارەساتەوە بۆ کردم.. (*دەچنە دەرەوە.. ئاوازێکی ڕۆمانسییانەی خەوناویمان لە گیتارەکەوە دێتە گوێ.. گوێمان لە گۆرانییەکی خۆشەویستی دەبێت... قەسیدەکانی ئەم شانۆییە هەمووی هیی لۆرکان، تەنها یەکێکیان نەبێت کە هیی نیرۆدایە.. دەرهێنەریش دەتوانێت هەر قەسیدەیەکی تری لۆرکا کە بە گیانی خۆی ئاشنا بێت، لەبری ئەوانەی لە شانۆییەکەدا هاتوون، هەڵبژێرێت*) وشەکانی گۆرانییەکە دەڵێت:

ئەو شەوە شەوی قدیس جەیمز بوو
کارەکە بەو جۆرە تەگبیر کرابوو

گڵۆپەکانی شەقام گەشانەوە
لە کەناری شار،
دەستم برد بۆ مەمکە نوستووەکانی...

(کچە *لاوێکی شۆخوشەنگی ڕووخەونین کە دیوانی –گۆرانییەکانی قەرەجەکان– ی لۆرکای بە دەستەوەیە، لەگەڵ کوڕەلاوێکی قۆزدا دێنە ژووری.. گۆرانییەکە وەکو چرپە بەردەوام دەبێت.. هەردووکیان لە سەر سەکۆیەک دادەنیشن*).

**کوڕەکە:** چ دەنگێکی خۆشە!

**کچەکە:** هەست بە سۆزێکی پەنهان دەکەم تێیدا... وشەکانی چەند ئەفسووناوین..!

**کوڕەکە:** هەر دەڵێی سەبارەت هەست و نەستی ئێمە دەدوێت.

**کچەکە:** تۆ بڵێی دڵدارەکان لەم جۆرە گۆرانییانە بێزار بن؟

**کوڕ:** هەرگیز.. گوێی لێ بگرە.. دەڵێت گڵۆپەکانی شەقام گەشانەوە لە کەناری شار... ئای خوایە، ئەم وشانە تینوێتییەکی سەیری ناو ناخم دەشکێنن.

**کچ:** خۆشەویستم.. دەزانیت؟ گۆرانییەکە وای لێ کردم شتێکی پەنهان لە ناخمدا بدۆزمەوە..

**کوڕ:** ئەو شتە پەنهانە چییە باڵندەکەم؟

**کچ:** (*پێکەنینێکی شیرینی دێتێ*) نازانم چییە.. شتێکە هەستی پێ دەکەم.. وەکو شەپۆلێکە.. شەپۆلێکی سەراسیمە.. بەڵام جوان.. تەنها هەست بەوە دەکەم.. ئای.. ئەو گۆرانییە و ئەو دەنگە خۆشە وایان لێ کردم لەگەڵ تۆدا زیاتر هەست بە ژیان بکەم (*سەری لە سەر شانی کوڕەکە*

دەحەوێنێتەوە) من ئێستا زۆر بەختەوەرم.. زۆر..

**کوڕ:** نیگاکانت چەند جوانن..!

**کچ:** (*سەری پەنجەکانی بە ناوچەوانی کوڕەکەدا دەهێنێت*) من چەند پێویستم بە ناوچەوانت هەیە.. چاوەکانت پرشنگێکی هەمیشەییان تێدایە..

**کوڕ:** ئەی بەهاری هەمیشەییم..! (*گۆرانیبێژەکە سەرلەنوێ بە چرپەیەکی جوانەوە دەڵێت*):

لە کەناری شار

دەستم برد بۆ مەمکە نوستووەکانی...

شیعری ئەم گۆرانییە هیی کێیە؟

**کچ:** هیی لۆرکایە.. تەنانەت گوێیەک گەر هەستیاریش نەبێت، دەتوانێت شیعرەکانی لۆرکا بناسێتەوە.

**کوڕ:** وشەکانی هەمیشە کڵپاوین.

**کچ:** ئۆو.. بەڵێ.. وشەکانی وەکو ماچی گەرم وان، هەرگیز تامیان ناڕوات.. (*وەستانێک*) پێم وتیت چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی لاودا بینیم؟

**کوڕ:** نەخێر.. ئێ.. بە لاتەوە چۆن بوو؟

**کچ:** ئای ئەلبێرتۆ.. چی بڵێم؟ زۆر شەنگە و خاوەن هەست و نەستێکی گەرموگوڕە..

**کوڕ:** ئەی خۆت پێ ناساندن؟

**کچ:** ئەلفۆنسۆ.. شاعیرەکەی هاوڕێم پێی ناساندم.. ئای ئەلبێرتۆ.. گەر دەیبینیت.. لۆرکا.. ئای خوایە.. گەرچی هەمیشە ڕووگەشە و خەندە لەسەر لێوەکانیەتی؛ بەڵام لەپڕ وەکو زامدارێک دەیبینیت..

چاوەکانی بێگەرد و پاکن.. لۆرکا هەر لە تەوقی سەرییەوە تا پێیەکانی دەبریسکێنەوە.

**کوڕ:** چۆن قسە دەکات؟

**کچ:** بە زمانێکی گەلێ پاراو.. جارێکیان بینیم ساتێک لەگەڵ لویس بۆنیۆلی دەرهێنەردا قسەی دەکرد، ئینجا بە شێوەیەکی جوان ئاوڕی دایەوە و لەگەڵ هیراردۆ دیکۆدا دوا.. پاشان بە نەرمییەوە لەگەڵ سلڤادۆر دالیی نیگارکێشدا قسەی کرد.. هەمووشیان بە گەرموگوڕییەوە گوێیان بۆ شل کردبوو.. من کە تەماشام دەکرد، وامدەزانی لە خەونمدا دەیبینم.. وەک ئافرەتێکی سەراسیمەم لێ هاتبوو.

**کوڕ:** تۆ شەیدای بوویت..

**کچ:** شەیدای شیعرەکانی بووم خۆشەویستم.. (*دیوانەکە دەکاتەوە و بە گەرمییەوە شیعرێک دەخوێنێتەوە*).

سەد دلدارەکە
تا ئەبەد
لە ژێر خاکدا ڕاکشاون
ڕێگەکانی ئەندەلووس درێژ و سوورن
دارزەیتوونەکانی قورتووبە سوورن
چونکە سەد خاچ
بۆ یادی ئەوان چێنراون

(*لە خوێندنەوەی شیعرەکە دەوەستێت، بە گەرمییەوە لەگەڵ کوڕەکە دەدوێت*) ئەلبیرتۆ.. بێگومان خۆشم دەوێت.. بەڵام ئەوەندەی شەیدایی تۆ نا.. ئا.. بمبوورە کە لۆرکام زۆر خۆش دەوێت.

**کوڕ:** تۆ بڵێی من غیره له لۆرکا بکەم.

**کچ:** لۆرکا بۆ دڵدارانی وەکو ئێمە هەموو وەرزەکانە.. لۆرکا بۆ خۆشەویستان هەموو شارەکانە، بەڵکو هەموو کێڵگە و شاخ و دەشتەکانە.. بڕوام پێ بکە بە تەنها لۆرکا شکۆمەندیی شیعرمان بۆ دەگەڕێنێتەوە؛ شکۆمەندیی فرای لویس دی لیۆن، فێرناندۆ دی ئیریرا، قدیسە تێریزای خۆشەویست، لویس دی گۆنگۆرا.. (*وەستانێک* –)

**کوڕ:** بەم بۆنەیەوە – دواهەواڵی هەڵاتنی شا چییە؟

**کچ:** *(سەری لە سەر شانی کوڕەکە دەحەوێنێتەوە)* چیمان لە هەڵاتنی شا داوە... بەلای من و تۆوە شا چی دەگەیەنێت.. تۆ و لۆرکا شای منن.

**کوڕ:** سوپاس خۆشەویستم.. خێزانەکەت سەر بە لیبراڵەکانن؟

**کچ:** جا ئەوە پێویست بە پرسیار دەکات؟

**کوڕ:** ئەی لۆرکا..؟

**کچ:** لۆرکا نیشتمانپەروەرێکی تۆخە.. تا ڕادەی شێتی.. ئیسپانیای خۆشدەوێت.. ئەویش لیبراڵە.

**کوڕ:** بێگومان لەمەودوا شیعری ئەفسووناوی دەنووسێت.

**کچ:** بێگومان.. هەموومان بە سەربەستییەوە دەنووسین و بە سەربەستییەوە کار دەکەین.. ئەلبێرتۆ با نزا بکەین تا خوا ڕووناکییەکی ئاڵتوونیی پڕ لە دڵنیایی و خۆشەویستی و بەختەوەری بەسەر ئیسپانیادا ببارێنێت.

**کوڕ:** ئامین.. (*دەست دەخاتە کەمەری کچە*) نزیک بەرەوە لێم... هێشتا ئێمە منداڵترین لەوەی خەمی سیاسەت بخۆین.. ئێستا ئەوەی بە لای منەوە گرنگە، تریفەی چاوی تۆ و زەردەخەنە و دەنگتە.

**کچ:** (*لێی نزیک دەبێتەوە*) ئەی ڕاوچییە ئازیزەکەم.

**کوڕ:** ئەی ڕاوچییە زیرەکەکەم.

**کچ:** (*بە دەنگێکی ناسک و کاریگەرەوە*) ئەی ئەو کەسەی وەکو فریشتەیەک لە خەونمدا دەردەکەویت.

**کوڕ:** ئەی شاعیرە قەشەنگەکە، لە بەکارهێنانی وشەی جواندا دەرەقەتت نایەم.

**کچ:** ئەوەندە بەسە کە هەر بە ناسکییەکەت زۆر شتم پێ دەڵێیت و خۆشەویستیم تێدا دادەگیرسێنیت.

**کوڕ:** تۆ هەمیشە بە هێزەوە لە شوێنە نهێنییەکانم دەدەیت.

**کچ:** دەزانم پاژنەی ئەخیل* لە جەستەتدا دەکەوێتە کوێوە.

**کوڕ:** ڕاوچییەکی لێزانیت.

**کچ:** زۆر.. ئای.. وات دەزانی بەرگەی هێرشەکانم دەگریت.

**کوڕ:** لە سەرەتادا ئا... بەڵام تۆ وەکو شاعیرێک شارەزای بەروبوومەکانی دارستانی پیاویت.

**کچ:** (*بە نازەوە*) هەروەها بە دڕکەکانیشیان.

**کوڕ:** تۆ.. ئاهـ.. لە چێژبەخشیندا شەیتانێکی ڕاستەقینەیت.

**کچ:** ها ها ها ها.. لەبەر ئەوەی چەندین چاو و چەندین ڕۆحم هەیە..

**کوڕ:** پشیلەیەکی ئینسانیت.

**کچ:** دەی خۆشەویستم.. هەڵسە با بڕۆین بۆ ئەو مەیخانەیەی لۆرکا ڕووی تێدەکات... لەوانەیە... بەڵکو بە دڵنیاییەوە ئەم ئێوارەیە لۆرکا دێت بۆ ئەویّ و شیعرە جوانەکانیمان بۆ دەخوێنێتەوە.. دەی...

**کوڕ:** با بڕۆین.

**کچ:** لەویّ لە خۆشیی هەڵاتنی شا پێک هەڵدەدەن، با بچین گویّ لە شیعرە گەرمەکانی ئەو و .. گۆرانیی قەرەجەکان بگرین.

**کوڕ:** با بڕۆین خۆشەویستم.

(*دەردەچن... تاریکی.. ڕووناکی.. لە پیرەمێردێکو پیرەژنێک دەدریّ کە لە هەمان شوێنی کوڕ و کچەکە دادەنیشن*).

**پیرەژن:** دانیشە ئازیزم.. ماندوێتی شەکەتی کردووم.. تۆ باش بە ڕێدا دەڕۆیت.. بەڵام من نەخێر – ئای.. ئای لە ئازاری پشتم.. دانیشە.. لێرەدا تۆزێک بحەوێرەوە.. (*کتێبێک دەدۆزێتەوە*) ئای.. ئەم کتێبەیان لە بیر چووە.. (*دەیخوێنێتەوە*) ئەمە دیوانی گۆرانیی قەرەجەکانی لۆرکایە.

**پیرەمێرد:** وا بزانم هیی ئەو کچە لاوەیە کە لەگەڵ ئەو کوڕەی هاوڕێیدا پێکەوە بینیمانن... مادام ئەو کوڕە قۆزەی لە گەڵدایە، پێویستی بەوە نییە.

**پیرەژن:** زۆر بەختەوەر بوون.

**پیرەمێرد:** ئێستا ئەوان دوو جەستەی نەرمن.. بێگومان بەختەوەرن و شەیدای یەکترن.

*(له دووره‌وه هوتاف ده‌بیستری).*

**پیره‌ژن:** چی..؟ قورگیان ماندوو نه‌بوو؟ ده‌ڵێی مراویی عێراقین ده‌قیرێنن.

**پیره‌مێرد:** ئێمه هه‌قمان چییه به‌سه‌ریانه‌وه... پاشان تۆ بۆچی پێت ناخۆشه... خۆ به قورگی تۆ هاوار ناکه‌ن.

**پیره‌ژن:** ئه‌م هه‌موو هاتوهاواره... ئای خوایه! –شا هه‌ڵات– شا... هیچ گیروگرفتێکی تریان نییه شا نه‌بێت...؟ توخوا ئه‌مه سه‌رده‌می شێته‌کان نییه... هه‌ر له ماوه‌ی ڕۆژێکدا هه‌موو ئیسپانیا شڵه‌ژا.

**پیره‌مێرد:** با بشڵه‌ژێت! مادام خه‌ڵکی به‌خته‌وه‌رن.

**پیره‌ژن:** ڕامۆس.. تۆش وه‌کو من هه‌ست ناکه‌یت که تۆفانێکی گه‌وره له پشت ئه‌مه‌وه‌یه؟

**پیره‌مێرد:** تکات لێ ده‌که‌م خۆشه‌ویسته‌که‌م.. ده‌مت به قسه‌ی خێر هه‌ڵبێنه‌ره‌وه. وه‌کو ئافره‌ته جادووگه‌ره‌کانی «ماکبێس» قسه‌م له‌گه‌ڵدا مه‌که... ئێمه وا له کۆتایی ته‌مه‌نماندایین.. نا –ئێمه هیچ تۆفانێک نابینین– چونکه ئه‌م دنیایه به یه‌کجاری جێ ده‌هێڵین (*بێده‌نگییه‌کی کورت.. گۆرانییه‌ک به هه‌مان ده‌نگی خۆشی پێشوو ده‌بیستری*).

ئه‌گه‌ر بمانه‌وێ
کاتی ئه‌وه هاتووه ئاره‌زوومان
به نێو ده‌ماره‌کانی مه‌رجان و ڕووتیی ئاسمان و
بۆنی خۆشدا تێبپه‌ڕێ
سبه‌ی زه‌مه‌ن سۆزمان ده‌کا به به‌رد و
بایش دێ و له نێو

لقوپۆپەکاندا دەنویَ

**پیرەژن:** ئەوە هەمان ئەو گۆرانییە نییە کە لە مەیخانەکە بیستمان؟

**پیرەمێرد:** با خۆیەتی.

**پیرەژن:** (بە *هەناسەیەکی گەرمەوە*) ئەم لاوە... لۆرکا... وشەکانی یەکسەر لە دڵ دەدەن... وا نییە ڕامۆسی ئازیزم؟

**پیرەمێرد:** (بە *ساردییەوە*) من (*گۆنگۆرا)ی* شاعیرم پێ باشترە... بەڵێ... گۆنگۆرا شاعیرترە. وشەکانی بەتامن... لە نانی گەرم دەچن.. (*هوتاف دێتە گوێ*) خوایە – هاتوهاوار تەنانەت ئەم شوێنە بێدەنگەیشی گرتووەتەوە... ڕامۆس سوێند دەخۆم ئەم هاتوهاوارە وێرانکردنی هێلانەی زۆر چۆلەکەی بەسەرزمانی بە ناوچەوانەوەیە.. هەر وەکو گۆرانییەکە دەڵێت... سبەینێ سۆزەکان دەبن بە بەرد..

**پیرەمێرد:** لەوانەیە... ئێستا خەڵکی هەموو وەکو کەڵەشێر خۆیان گیڤ کردووەتەوە... (*بە گاڵتەپێکردنەوە*) شا هەڵات.. دەستوپێوەندەکەی هەڵاتن..

**پیرەژن:** (*بە گاڵتەپێکردنەوە*) ئەی ئەگەر گەڕایەوە؟ هەموو ئەمانە وەکو ڕێویی دارستان ڕادەکەن...

**پیرەمێرد:** ئێستا هەموو گیانیان هیوایە.. کۆمەڵێک باڵۆنی پڕ لە هیوان.

**پیرەژن:** هیوا.. ها ها... هیوا... قسەی هیچ.. بەڵکو پڕن لە کەف.. ڕامۆسی ئازیزم.. سوپاس بۆ خوا

که ئێمە لە سیاسەتەوە دوورین؛ بەڵام ئێستا ئەوەی گوێی لێمان بێت، بە دوو شاپەرستی کەللەڕەقمان لە قەڵەم دەدات، من ئیسپانیای خۆشەویست خەمباری کردووم، بڕوا بکە هێمنی لە وڵاتەکەماندا نەما (*دیوانەکەی لۆرکای دەداتێ*) هانێ خۆشەویستم.. هەندێ شیعری لۆرکام بۆ بخوێنەرەوە..

**پیرەمێرد:** چاویلکەکەم پێ نییە..

**پیرەژن:** کەواتە با بڕۆین – بەڵام لە بیرت نەچێ بەر لە نوستن هەندێ شیعری لۆرکام بۆ بخوێنیتەوە.

**پیرەمێرد:** بە سەرچاو خۆشەویستم.. دەستتم بدەرێ.. هەڵسە (*بە هەنگاونانی هێمن و خەمگین سەر شانۆ جێ دەهێڵن. تاریکی..*)

(*گۆرانییەکی ئیسپانیی خەمئامێزمان دێتە گوێ و چاکتر وایە گۆرانییەکی چیانشینی بێت، تاریکییەکە بەردەوام دەبێت کە بەڵگەی تێپەڕبوونی کاتێکی درێژە، ڕۆشنایی لە ڕۆژژمێرێکی گەورە دەدرێ کە بە هۆیەوە دەزانین ئەو ڕۆژە (١٧ی ئابی ١٩٣٦)ە... ڕۆشناییەکە بە هێمنی دەبزوێت و دەچێتە سەر ڕووی سەرکردەی جەنگی کەتائیبییەکان «خۆسیە کۆزمان»؛ زۆر شڵەژاوە و جگەرە دەکێشێت.. خۆسیە کابرایەکی ڕووگرژە، وشکە، کەللەڕەقە، ڕەفتارخوێنینە و نیگا و تەماشاکانی لە هیی دڕندە دەچن.. پاش کەمێک ئەفسەرێکی لاو دێتە ژووری، سڵاو لە*

*خۆسیە دەکات... دەنگی گیتارەکە بە شێوەیەکی کاریگەر دەبیسترێ).*

**ئەفسەر:** جەنابی سەرکردە... ئاخرییەکەی فیدریکۆ گارسیا لۆرکامان دەسگیر کرد.

**خۆسیە:** (*لە جێگەکەی ڕادەپەڕێ*) بەڕاست.. براقۆ.. براقۆ.. لە کوێ گرتتان؟

**ئەفسەر:** جێگری پێشووی هاوپەیمانێتیی سەربەخۆی ئیسپانیا (*ڕامۆس ڕویس ئەلنسۆ*) لە ماڵی ڕۆسالسدا گرتبووی.

**خۆسیە:** ئا... لەوێ... لە شەقامی ئەنگۆ..

**ئەفسەر:** بەڵێ لەوێ، گەورەم.. دەتانەوێ بیهێنینە ژوورەوە؟

**خۆسیە:** بێگومان.. حسابێکی توندوتیژم لەگەڵ ئەم ئاژاوەگێڕەدا هەیە.. دەبێ لە خوێندنی بخەم.. ئاوێنەکانی بەسەردا دەشکێنم.. وای لێ دەکەم لەمەودوا چاوەکانی هیچ نەبینن... (*بە جووڵەیەکی خێرا و تووڕە*) بڕۆ هەر ئێستا بیهێنە.

**ئەفسەر:** هەر ئێستا گەورەم. (*دەچێتە دەرێ، پاش کەمێک لۆرکا دێتە ژوورێ؛ ئەگەرچی زۆر ماندووە، بەڵام خۆڕاگر و سەنگینە*).

**خۆسیە:** (*بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەوە*) ئێستاش — ئەی کۆمارییپەرستەکە، بەخێر هاتیت.. ئەی باڵندە دەنگخۆشەکە.. ئەی قەرەجەکە.. دەچوویت دڵی گەرمی جەماوەرت دەخرۆشاند؟ بۆیانت دەخوێند..؟ (*جگەرەیەکی دی دادەگیرسێنێ و بە کەفوکوڵەوە دەیکێشێت*) ئەی بولبولەکە، لە

تووڕەیی ئەو جەماوەرە و بەگژیەکداچوونی گەورەکان نەدەترسایت... دەبینیت.. ئەمە ئەنجامی بەگژیەکداچوونی گەورەکان بوو.. هەموو ئەم کارەسات و خوێنەی لەگەڵ خۆیدا هێنا و لاوازەکان و پیرەکان و بێتاوانەکان و لاوەکانیش قورسترین باجیان دا.. (*وەستانێک*) سەدان هەزار کوژراو... تۆیش لەجیاتیی ئەوەی بێدەنگ بیت، زیاتر و زیاتر بۆ جەماوەرت دەخوێند.. بۆ ئەو لاواز و پیرانە... ئادەی قسە بکە..

**لۆرکا:** جەنابی سەرکردە من چی بڵێم لە کاتێکدا تۆ هەر لە یەکەم ساتەوە بە شێوازی هەڕەشەکردن لەگەڵمدا دەدوێیت.

**خۆسیە:** ئەی دەتەوێ بە زمانێکی ناسک لەگەڵتدا بدوێم؟ دەتەوێ بە چ زمانێک قسەت لەگەڵدا بکەم؛ بە زمانی بولبولەکان یان بە زمانی کڵاوکوڕەکان (*وەک ئەوەی هاوار بکات و بەسەریدا بقیژێنێت*) تۆ بە شیعرەکانت شوێنە هەستیارەکانی خەڵکت دەوروژاند.. لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ نەدەترسایت؟! تۆ مانای ترس دەزانیت؟ لە شیعرەکانتدا زۆر باسی ترست کردووە... ها... ڕات لەسەر ترس چییە؟

**لۆرکا:** من نامەوێ تەنانەت دوژمنیشم چێژی ترس بکات.

**خۆسیە:** ئەی کەواتە بۆچی دەتخوێند؟ بە خەڵکیدا هەڵت دەدا و هانت دەدان؟

**لۆرکا:** (*بە ئەعسابێکی ساردەوە*) ڕاستە من دەمخوێند – بەڵام خەریکی پیاهەڵدان و هاندان نەبووم.

**خۆسیە:** درۆ دەکەیت – تۆ درۆزنیت.

**لۆرکا:** من ڕقم لە درۆیە...

**خۆسیە:** چاکە – کەواتە ئەم چەند دێڕە شیعرەت چییە؟

(*کتێبێکی لۆرکا بە دەستەوە دەگرێ و لاپەڕەیەک دەخوێنێتەوە*)

خوێنی ئەو بایە سەرشێتانەی

لە شاخە سەختەکانەوە شتەکان ڕادەماڵێت

خوێنی هێرشی ئۆقیانووسێکی بێ با

خوێنی دەریاچە بێدەنگە خەواڵووەکە

(*وەستانێک*) خوێن – خوێن – ئەی پێم بڵێ وروژاندن لەمە زیاتر دەبێ چی بێت؟ یاخیبوون دەبێ چۆن بێت؟

**لۆرکا:** ئەم دێڕە شیعرانە پەیوەندییان بە وروژاندن و یاخیبوونەوە نییە.

**خۆسیە:** ئەی شاعیرەکە، هەوڵ مەدە خۆت وەکو شیر سپی پیشان بدەیت.

**لۆرکا:** من بە درێژایی ژیانم وا بووم.

**خۆسیە:** ئای لەم ڕوخسارە مات و مەلوولە.

**لۆرکا:** ڕوخساری شاعیرێکی ئابڕوومەندە.

**خۆسیە:** ها ها.. شاعیرێکی ئابڕوومەند!! ئێمە ڕقمان لە شاعیرەکانە.. چونکە کۆمەڵێک قەلەڕەشن دەخوێنن.. فیدریکۆ گارسیا لۆرکا؛ تۆ نە پاک بوویت و نە وەکو شیر سپی بوویت..

**لۆرکا:** من وەکو ئاڵتوونی ڕووت پاک بووم..

**خۆسیە:** (*بە ڕوویدا هاوار دەکات*) نەء.. نەء.. تۆ زریان بوویت.. تۆ بورکانێک بوویت بەسەر ئێمە و ڕژێمەکەمان و هەموو جەنەڕاڵەکانمانەوە.. تۆ ئاگرپژێن بوویت.. تۆ ناڵە و گرمەی هەور بوویت.. تۆ شۆڕشی چاوەڕوانیی گەجەروگوجەرەکان بوویت.

**لۆرکا:** تۆ زیاد لە پێویست دەڕوانیتە پایە و ڕۆڵی من.. سەرکردە.. هەر کەسە و دەتوانێت بە جۆرێک لە شیعرەکانم بگات و لێکی بداتەوە.

**خۆسیە:** دەڵێیت گوایە لیبراڵی و کۆمارییپەرست نیت؟ باشە.. ئەی سەبارەت (*ماریانا پینیدا*) دەڵێیت چی؟ کێ ژیانی ئەو ژنە شۆڕشگێڕەی لە سەر شانۆ بەرجەستە کرد؟ ماریانا پینیدا.. ئەو ئافرەتەی خەریکی چنینی وشەی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری بوو.. تا ئەوە بوو دواجار ئێمەی سەر بە پاشا کوشتمان.

**لۆرکا:** هەموو ئیسپانیا شانازی بە ماریانا پینیداوە دەکات.

**خۆسیە:** ماریانا پینیدا خوێنی لە شەقامەکاندا ڕشت؛ کەچی تۆیش بە گەورەیی ئەودا هەڵت دا... هەموو وشەکانت بریتین لە خوێن.. خوێنی با – خوێنی شاخەکان.. ئینجا دەشڵێیت بێتاوانم.. چییە فیدریکۆ، تۆ من بە کابرایەکی دەبەنگ و گێل و نەفام دەزانیت؟

**لۆرکا:** جەنابی سەرکردە، شیعر لێک نادرێتەوە... تۆیش بە ڕێگەی تایبەتیی خۆت شیعرەکەم لێک دەدەیتەوە تاوەکو تاوانبارم بکەیت..

**خۆسیە:** بەڵام خوێن هەر خوێنە... خوێن پێویستی بە لێکدانەوە هەیە؟ وشەکانت ڕوون و ئاشکران، بەڵێ پڕن لە ڕق و کینە دژ بە ئێمە.. وشەکانت هەموو گڕن.. (*بە تووڕەییەوە*) ئەوەی گڕمان تێبگرێت، پێویستە چاوەڕێی ئەوە بکات کە ئێمەش گڕی تێدەگرین..

فیدریکۆ دەبێ باجی شیعرەکانت بدەیت؛ هەر وەکو چۆن ماریانا پینیدا لەپێناوی یەکسانی و سەربەستی و دادپەروەریدا ژیانی خۆی کردە باج و دای.. وانییە؟

**لۆرکا:** من تەنها بۆ دوژمنەکانی ئیسپانیا گڕ بووم، چونکە وەکو شاعیرێک ئیسپانیا هەمیشە لە دڵمدایە..

**خۆسیە:** (*بە هەڵچوونەوە*) کەواتە تۆ گڕ بوویت بۆ ئێمە.. ئێمەی فاشیست..

**لۆرکا:** بۆچی تۆ دوژمنی ئیسپانیایت..! (*وەستانێک*) هەر بە ڕاست تۆ دوژمنی ئیسپانیایت؟

**خۆسیە:** (*بە جۆرێک دەدوێت وەک ئەوەی قسەکانی قووت بداتەوە*) بەڵێ من دوژمنی ئێوە و کۆمارییە چەپەڵەکەتانم.. ئێوە ئەی گیانە بەدخوازە لەرزیوەکان.. ئەی دڵە بچکۆلەکان.. ئەی ئەو گیانانەی هەر لە لێدانی یەکەمدا دەشکێنەوە.. ئەی جەستە نەرمەکان... ها... دەی قسە بکە..

**لۆرکا:** ئەی سەرکردە، گیانی من گەورەیە، هەروەها دڵیشم گەورە و بەهێزە.. بەڵێ بۆ گەلەکەی خۆم خوێندم.. شاعیر ئەگەر بۆ گەلەکەی نەخوێنێت، ئەی دەبێ

بۆ کێ بخوێنێت؟ لە زینداندا و لەبەر گێژەڵووکەی ئەو قسە هیسترییانەی کە بێشەرمانە دەیاندەیت بە ڕوومدا.. لە کاتێکدا من دیلی تۆم، وا نەزانیت من لێت دەترسم و دەلەرزم، داواشت لێ دەکەم.. ڕەفتاری بەرزم زەوت مەکە..

**خۆسیە:** ڕەفتاری بەرزت!؟ دەزانم تۆ لە دەنگی شەیپوور ناترسیت... چاوەکانیشت فرمێسکیان تێنازێت ئەی ئەندەلووسی.

**لۆرکا:** لە ئاست زمانێکی ژەنگاویی وەهادا ناترسم.. بەڵام دڵم خەمبار دەکات؛ بەڵکو قسەکانت وا لە مرۆڤ دەکەن لە شەرمدا ڕەنگی ڕووی بگۆڕێت.

**خۆسیە:** زمانەکەمت بە دڵ نییە؟ فیدریکۆ... دەنگی من و دەنگی جەنەڕاڵەکانمان وەکو کۆمەڵە تیرەستێرەیەکی[٣] ڕاپەڕیوی لێ دێت.. ئەوەی تەنانەت بە چرپەش ناوی ئێمە بە خراپ بهێنێت؛ یان بە کۆماریدا هەڵبدات (*هاوار دەکات*) مەرگی پیشان دەدەین... مەرگ.. تەنانەت گەردنی بێتاوانەکانیشیان کۆت دەکەین (*بە گرژی و دەنگێکی بەرزەوە*) لەمرۆ بەدواوە دەبینە شێر و بە ڕووی ئەوانەدا دەنەڕێنین کە خەون بە وشەی کۆمارییەوە دەبینن (*هاوار دەکات*) وردوخاشیان دەکەین.. وردوخاش (*لە لۆرکا دەچێتە پێشەوە و زللەیەکی لێ دەدات*) هەموو ئەو کەللەسەرانەی بیروباوەڕی شێتانە و وشەی وەکو: بەختەوەری و خۆشەویستی و برایەتی و گوڵەمێخەک و زەیتوون و کۆتریان لێ

بێتە دەرەوە، وردوخاشیان دەکەین – *(وەستانێک)* فیدریکۆ.. دوای ئەم مەرگەساتە ئێستا پەشیمان نیت؟

**لۆرکا:** پەشیمان!! ئای کە ئینسانێکی بچووکیت!

**خۆسیە:** من! ئینسانێکی بچووکم..!

**لۆرکا:** ئەی خۆسیەی سەرکردە، من وەکو شاعیرێکی ئابڕوومەند و پاک مامەڵەم لەگەڵ خۆمدا کردووە.. پێش تۆزێک زللەت لێ دام، چونکە تۆ ئینسانێکیت بەسەر خۆتدا زاڵ نیت و ڕەوشتیشت نییە.. ئەی سەرکردە.. بڕوانە چاوەکانم.. ترسیان تێدا دەبینیت؟ هەرگیز.. تۆزقاڵێک ترس چییە نایبینیت.. من شتێکی وام نەکردووە لێی پەشیمان ببمەوە.. دوای ئەوەی ئەو زللەیەشت لێ دام، ئێستا هەرچییەکم لە دەست بچێت دەربەست نایەم.

**خۆسیە:** ئا..!..! بە ڕاست.. هەرچییەکت لە دەست بچێت دەربەست نایەیت؟

**لۆرکا:** هەرگیز.. هەرگیز..

**خۆسیە:** بێگومان.. چونکە شۆڕشەکەتان مرد.. ها ها ها.. دەتانویست بە شۆڕشەکەتان تەوژمی ڕووبارەکە بەرەو دواوە بگەڕێننەوە..

**لۆرکا:** تەوژمی ڕووبار هەمیشە بەرەو پێشەوەیە.

**خۆسیە:** ڕووبارەکەی ئێمە، نەک ئێوە.

**لۆرکا:** من مەبەستم لە ڕووباری گەلی ئیسپانیایە.

**خۆسیە:** هاهاهاها.. ئەو ڕووبارە پاش چەند مانگێکی دی وشک دەکات..

**لۆركا:** دەریا وشک ناکات.

**خۆسیە:** گەل.. نوکتەیەکە و هیچی تر.. هاهاها... ئەی شاعیرەکە.. ئەم گەلە ئەوپەڕی قایل و سەرشۆڕو بێدەنگ بوو.. دەتگوت مێروولەن کار دەکەن.. بە ئارەزووی خۆمان لێمان دەخوڕین.. بەڵام ئێوە هاتن و خەونی جوان و پاشانیش مەرگێکی تایبەتیتان بۆ چنین.

**لۆركا:** ئەی سەرکردە.. بە تەنها گەل خۆی دەزانێت چۆن ژیانی دروست بکات و خەونەکانی بهێنێتە دی.. گەل هونەرمەندێکی مەزنە و دەزانێت کەی لە ئاسمان و زەوییەکەیدا ژیان زیندوو بکاتەوە.

**خۆسیە:** دوای هەموو ئەمانەیش دەڵێیت کۆمارییپەرست نیم؟

**لۆركا:** من شتی وەهام نەوتووە.. هەموو گەل کۆماریی دەویست.. بەڵام ئێوە چەقۆتان لێ دەرکێشا و... ئێوە ئاو و زەویی ئیسپانیاتان خوێناوی کرد.. ئەم زەمینە تاسێنراو بوو.. تاسێنراو.

**خۆسیە:** تاسێنراو؟ تۆ بە مەتەڵ قسەم لەگەڵدا دەکەیت؟ چاکە.. زەمین تاسێنراو بوو – ئەی ئێوە چیتان بۆ کرد؟ هاتن و سەرچاوە و ڕووبارەکانتان لێ بڕی.

**لۆركا:** سەرکردە گوێ بگرە... دەڵێن ئیسپانیا نیمچەدوورگەیە.. بەڵام ڕاستییەکەی، دوورگەیەکە گەلێکی لە ئاو و خۆر چواردەوری داوە.

**خۆسیە:** بە زمانی شاعیر لەگەڵمدا قسە دەکەیت – گەلێکی لە ئاو و خۆر!

**لۆرکا:** ئەی سەرکردە، من هەر بە سروشت شاعیرم.

**خۆسیە:** تۆ بۆ دەتەوێ وەکو مرۆڤێکی زۆر بەڕەوشت قسەم لەگەڵدا بکەیت.

**لۆرکا:** لەبەر ئەوەی هەر بە سروشت بەڕەوشتیشم.

**خۆسیە:** (*بە گاڵتەپێکردنەوە*) هەر بە سروشتیش دەزانیت چۆن جەماوەر دژ بە ئێمە هان دەدەیت.. وا نییە؟

**لۆرکا:** سەرکردە.. گەل خۆی ئاگری شۆڕشی هەڵگیرساند؛ لەبەر ئەوە هەزار لۆرکا لەگەڵیدا بێهودەیە.

**خۆسیە:** بە ڕاست؟

**لۆرکا:** بێگومان.. تۆ ئەگەر لە زمانە ڕاستەقینەکەی گەل تێبگەیشتیتایە، هەڵبەتە دەتزانی کە قسەکەم ڕاستە، گەلەکەی منیش نەیدەتوانی هەتاهەتایە لەو تەنیاییە بەستەڵەکئاسایەیدا بمێنێتەوە.

**خۆسیە:** هاهاهاها... تەنیایی بەستەڵەکئاسا!! نەخێر — دەمێنێتەوە... ئێمە هەتاهەتایە ئەو بەستەڵەکەی لە دەور دروست دەکەین.

**لۆرکا:** تۆ دەزانیت هەناسەی گەل زۆر گەرمە — وەکو هەناسەی بیابان وایە.. دەزانێ کەی بۆ ناو شەقام و شارەکان دادەبەزێت و کەی پێدەشت و شاخەکان دەتەنێتەوە.

**خۆسیە:** لەوە دەچێت پیاوانی هەواڵگرمان باشت نەناسن، پێیان وتم کە تۆ کەسێکیناسکیت.

**لۆرکا:** بۆیە لە سەرەتاوە سادییەتی خۆتت لەگەڵمدا بەکار هێنا؟... باشە.. من زۆر ناسکم.. ئەی

سەرکردە – ناسکییش وەکو شیعر وایە.. ئەویش بە سروشت لە...

**خۆسیە:** (*قسەکەی پێ دەبڕێت*) بەڵام تۆ لەم بارەگایەدا و لەم ژوورەدا.. واتە لەم شوێنەدا کە چارەنووسی تۆی تێدا دیاری دەکرێ (*وەستانێک.. دەنگی دەسرێژی گوللە دێت*) وەکو ئاوێتەیەک لە کەڵەشێر و قاز قسەم لەگەڵدا دەکەیت..

**لۆرکا:** مەبەستت چییە؟

**خۆسیە:** قسەکانم ڕوون و ئاشکران.. مەبەستم ئەوەیە کە بە میزاجێکی زۆر توندوتیژ و بە پڕکێشییەوە دەدوێیت.

**لۆرکا:** میزاجێکی توندوتیژ!! نەخێر.. من خاوەن میزاجێکی هێمن و خۆگر و گیانێکی دلێرم و بێگومان پڕکێشیشم.

**خۆسیە:** هەروەها پێیان وتم کە هەست و سۆزێکی هەستیارت هەیە.

**لۆرکا:** (*بە گاڵتەپێکردنەوە*) کەواتە تۆ لە ڕێی سیخوڕەکانتەوە چاودێریت دەکردم.

**خۆسیە:** بێگومان – بێگومان – تۆ دوژمنێکی ترسناکی ئێمەیت.. دەمویست هەموو شتێک لەبارەتەوە بزانم.. هەواڵگرەکانمان کۆمەڵێک زانیاریی هەڵەیان سەبارەت بە تۆ بەمن داوە.. من وام دەزانی هەر زوو دەڕووخێیت..

**لۆرکا:** دەڕووخێم! منێکی ئەندەلووسیی ئابڕوومەند دەڕووخێم! ئەی سەرکردە، من لە کاتی پێویستدا شاعیرم؛ بەڵام لەو بارودۆخانەشدا

که چارەنووسی تێدا دیاری دەکرێ، خاوەن پڕکێشییەکی پرۆمیسیۆسیم.

**خۆسیە:** (*لە لۆرکا* نزیک *دەبێتەوە و جارێکی دی زللەی لێ دەدات*) پرۆمیسیۆسی... وەکو ئەویش بەگژ زەوی و ئاسماندا دەچیتەوە.

**لۆرکا:** (*بە ساردییەوە*) ئەم ئازایەتییە پێکەنینهێنەرەت لەگەڵمدا.. لە کاتێکدا من دیلی تۆم، بەڵگەی لاوازییەکی ترسناکە لە ناختدا..

**خۆسیە:** (*سنگی وەکو گۆرێلا لێ دەکات*) من.. سەرکردە خۆسیە کۆزمان، کە پێم دەڵێن میزاج خوێناوی، من کە نوێنەری جەنگم و تەنها بە ناوهێنانم خەڵکی دەلەرزن – من.. من لاوازم..!

**لۆرکا:** ئازایەتییەکەت ئازایەتییەکی نەخۆشانەیە.. زۆریش نەخۆشانەیە.

**خۆسیە:** من خاوەن ئازایەتییەکی خۆڕسکم.

**لۆرکا:** هەرگیز.. ئازایەتی ڕۆشنکەرەوەیە.. مەبەستم ئازایەتیی ڕاستەقینەیە.

**خۆسیە:** ڕۆشنکەرەوە؟ مەبەستت چییە.. ڕۆشنکەرەوە یانی چی؟

**لۆرکا:** ئەی سەرکردە.. دەزانیت شاعیری مەزنمان لۆپ دی ڤیگا چۆن وەسفی قارەمانی نەتەوەیی گەورە ڕودریگۆ دی ڤیڤار دەکات؟

**خۆسیە:** چۆن؟

**لۆرکا:** دەڵێت: پرشنگی شمشێرەکەی هەموو گۆڕەپانەکە ڕۆشن دەکاتەوە.

**خۆسیه:** ئەی من؟ من چەپەڵیم ئەم ژووره نیمچەتاریکه ڕۆشن دەکاتەوە.. وا نییه؟

**لۆرکا:** تۆ له وەسفدا زۆر شارەزایت.

**خۆسیه:** ئەی پیس.. چۆن پڕکێشی دەکەیت به چەپەڵ وەسفم بکەیت.. گوێ بگره لۆرکا.. هەر وەک چۆن کات بۆ دواوه ناگەڕێتەوە؛ منیش لەو بڕیارەم پەشیمان نابمەوه که سەبارەت به تۆ دام.. مەرگ.. مەرگ به گولله.. (*هەمان ئەفسەر دێته ژوورەوە و سڵاو بۆ سەرکرده دەکات*).

**ئەفسەر:** گەورەم سەرکرده، فەرمان دەفەرموون ئەو کۆمەڵەیەی دووەم گوللەباران بکەین؟

**خۆسیه:** جارێ.. با چاوم بەو گەجەروگوجەرانه بکەوێت... (*وەستانێک*) له کاتێکدا بەرەو مەرگ دەچوون، گیانی خۆڕاگرتنیان چۆن بوو؟

**ئەفسەر:** ڕاستییەکەی؟

**خۆسیه:** بیڵێ.. بیڵێ..

**ئەفسەر:** زۆر بەرز بوو – هەموویان هاواری مەرگی فرانکۆیان دەکرد و دەیانوت بژی کۆماری..

**خۆسیه:** (*به لۆرکا*) بەڵام ئایا ئەم وشانه هیچ له گیانی خۆڕاگرتن بەرز دەکەنەوە.. هاهاها.. ئەو هاوارکردنه چ سوودێکی هەیه؟ وشەن.. وشەن و له هەوادا بەرز دەبنەوە و پاشان دەخلیسکێن و دەکەونه سەر زەوی.. (*به ئەفسەرەکه*) سەیری ئەم شاعیره بکه که پێی دەڵێن لۆرکا.. باش لێی ورد ببەرەوە.. دەمەوێ سنگی دابڕزێنیت.. دەمەوێ

پشتی بکەی بە بێژنگ... لە گوللەدا درێخی مەکە، بروسکە چۆن لە زەوی دەدات، ئاوەها لێی بدە.

**ئەفسەر:** فەرمانتە گەورەم.

**خۆسیە:** دەمی پڕ لە خۆڵ بکە.. ئەم جۆرە دەمە ترسناکانە پێویستە پڕ بکرێن لە قوڕ (*دەنگی تانک و گوللە و تۆپ دەبیستریٚ، ئاماژە بۆ ئەفسەرەکە دەکات بچێتە دەریٚ.. ئەفسەرەکە بە پەلە دەچێتە دەریٚ*) بۆ مەرگت دەنێرم فیدریکۆ.. پێویستە بمریت.

**لۆرکا:** پێشوازیی لیٚ دەکەم مادامەکی چارەنووسی نزیکمە.

**خۆسیە:** ئای کە ئەعسابت ساردە؟

**لۆرکا:** مردن هەقە.. ئەرکی خۆمم بەجێهێناوە.. پاشان منیش وەکو هەموو مرۆڤێکی دی ڕێبوارێکی دڵباشم لە سەر ئەم زەمینە.. دوای مردنیشم هەر دەخوێنم، دڵدارەکان و بەساڵاچووەکان یادم دەکەنەوە و وشەکانم فرمێسک بە چاویاندا دەهێنێت.. ئیدی لەوە زیاتر من چیم دەویٚ.

**خۆسیە:** (*ئارامی لیٚ بڕاوە و بەدەم چوونەدەرەوەوە*) *وشەن.. وشە.. بۆ مەرگ ئەی لۆرکا.. (بێدەنگییەک.. پاش کەمێک، لۆرکا لەگەڵ ئاوازی گیتارێکدا گۆرانی دەڵێت).*

ئەی نیسانی ئاسمان
ئەی نیسانی بە ڕووناکیی خۆر و بۆن ڕازاوە
وەرە و پێش کەوە..
وەرە و ئەم کەللەسەرە گوڵگرتووانە

پڕ لە هێلانەی ئاڵتوونی بکە

(*بێدەنگییەکی درێژ.. ڕۆشنایی دەچێتە سەر* **ئەنخیلینا** *گۆنزالیز، کارەکەرە* **دڵباش** *و ئەمەکدارەکەی* **لۆرکا**، *بوخچەیەکی پێیە جلوبەرگی شاعیری تێدایە لەگەڵ ژەمێک خۆراک..*)

**ئەنخیلینا:** (*زۆر بە گەرمییەوە تکا لە پاسەوانەکە دەکات ڕێی پێ بدات تاوەکو* **لۆرکا** *ببینێت*) تکات لێ دەکەم.. دەستەکانت ماچ دەکەم مەڵێ نا.. ئەی پاسەوانە باشەکە، ئەگەر دەزانیت بەرگەی چ مەترسییەکم گرتووە تا گەیشتوومە شەقامی دۆکیا.. تۆ بیر لەوە بکەرەوە خۆشەویستم.. بە ناوجەرگەی ئاگربارانادا هاتووم.. تۆ کە پیاویت.. بەڵکو سەربازیشیت، تەنانەت گەر چەکەکەشت پێ بێت، دەتوانیت بگەیتە شەقامی دۆکیا؟ (*بە گەرمییەکی کاریگەرانەوە*) پاسەوانە دڵباشەکە؛ بە تەنها من فیدریکۆ دەناسم، دەزانم، دەزانم چەند ڕاستگۆ و خانەدانە.. بە تەنها من دەزانم ئێستا لە چ بارێکی دەروونیدایە – سوێند دەخۆم لەوەتەی گیراوە، دەمی لە هیچەوە نەداوە (*دەگری*) تەنانەت ئاویش.. (*بە گریانەوە*) فیدریکۆی ئازیزم.. ئەی پاسەوانەکە من ساڵانێکە خزمەتی دەکەم و باشی دەناسم، وا ڕاهاتووە بە دەستی من نان بخوات.. ئەی مەسیحی خۆشەویست، تۆزێ بەزەیی بخەرە دڵی ئەم پاسەوانەوە (*دەنگی تەقە دێت*) ئەم هەموو گوللە و خوێنە چییە لەم شارەدا؟

ئیسپانیا بووەتە دۆزەخێکی سوور.. بۆچی؟ فیدریکۆ.. فیدریکۆ.. دەبا قدیس فیدریکۆ بتپارێزێت کە هەر بە ناوی ئەویشەوە ناویان نایت.. ئاخ.. ئەی مریەمی پاکیزە.. ئەی مریەمی پیرۆز ئەم شتانە بۆ ڕوو دەدەن؟

**پاسەوان:** هاوار مەکە و مەگری.. تکات لێ دەکەم.. سەردان قەدەغەیە.

**ئەنخیلینا:** پاسەوانەکە، دەستەکانت ماچ دەکەم مەڵێ نا.. بهێڵە بچمە لای و تاوێک بیبینم.. ئەگەر دەزانیت دڵی چەند باشە و چەند خانەدانە.. سوێند بێ بە خوێنی مەسیح، بە مریەمی پیرۆز... فیدریکۆ جگە لە نووسین هیچی تر نازانێت.. شیعرنووسین و نیگارکێشان و پیانۆلێدان و گۆرانیوتن – (*دەگری*) ئەی تێرێزای پیرۆز و خۆشەویست، چۆن چاوەڕوانی مەترسی لە یەکێکی وەکو لۆرکا دەکرێ؟ چۆن؟ ئای خوایە، بەیانیان هەر کە لە خەو هەڵدەسا، ئیتر یان گۆرانیی دەوت، یان وشەی جوانی لە دەم دەهاتە دەر و باسی گوڵ و ڕەنگی دەکرد.. (*لاسایی لۆرکا دەکاتەوە تا هەوڵ بدات کار لە پاسەوانەکە بکات*) ڕەنگی سەوزی سێوی، سپیی زەردباو، سپیی سوورباو، سەوزی شینباو، بۆری بەڵەک، پەمەیی خەتخەت، شیری... ئاهـ. ئەی پاسەوانە باشەکە، لۆرکای ناسک هەموو بەیانیانێک بە تەنها خەریکی ئەمانە بوو (*دەگری*) ئیتر چۆن دەبیتە سەرچاوەی مەترسی؟!!

**پاسەوان:** ئەم گریانە بێهودەیە و.. قسەکانت بێسوودن.. پێم وتیت قەدەغەیە.. تێگەیشتیت.. قەدەغەیە... ئەی ئەگەر ئەفسەرەکە بینیتی..؟ یان خوانەخواستە سەرکردە خۆسیە کۆزمان بینیتی.. بەزەییت بە مندا بێتەوە – من کابرایەکم فەرمانم پێ دراوە – لێم تێدەگەیت؟ پاسەوانێکی ئاساییم و هیچم بە دەست نییە.

**ئەنخیلینا:** بێگومان من ڕەچاوی هەڵوێستی تۆ دەکەم.. بە بێدەنگی دەچمە ژوورەوە.. سوێند بێ بە مریەم زۆر لە لای نامێنمەوە – ئەم جلانەی دەدەمێ و بە دیاریەوە دەبم تا چەند پاروویەک نان دەخوات‌و ئیتر دێمە دەرێ.. ئازیزەکەم، دەبێ بەوەفا بم بۆی؛ چونکە ئەو هەمیشە لەگەڵ مندا وەکو باوک دڵودەروون باش و بەبەزەیی و ئابڕوومەند بووە.. زۆری بەسەر منەوە هەیە، پێویستە ئێستا لەم بارە سەختەدا بۆی بسەلمێنم کە کارەکەرێکی بەوەفام.. ئێمەی ژنانی ئیسپانیا هەر بەتەبیعەت بەوەفاین.. تکات لێ دەکەم.. بەزەییت بە دڵی کارەکەرێکدا بێتەوە کە لە ماڵی کابرایەکی ئابڕوومەنددا ژیاوە.. فیدریکۆ لە باوک و برا زیاتر بوو بۆ من (دەگری) هەر بە سەر و سیماتدا وا دیارە جووتیارێکی ڕاستەقینەیت.. ئەی دەزانیت لۆرکا چەند شیعری بۆ ئێوە وتووە.. ئەی مەسیح.. شاعیرێکی وەکو لۆرکا چۆن دەبێتە سەرچاوەی مەترسی؟!! دڵم پێم دەڵێ لۆرکا لەم بارودۆخە ترسناکەدا ناژی،

شەپۆلی ترسێک دڵمی گرتووەتەوە و سەبارەت بە فیدریکۆ وشەی خەمبار بە گوێمدا دەچپێنێ.. برای پاسەوان، بڕوا بکە سەرکردە خۆسیە کۆزمان هەڵەیەکی گەورە دەکات وا دوژمنایەتیی لۆرکا دەکات (*بێدەنگییەکی کورت – لەگەڵ خۆی دەدوێت*) فیدریکۆی خۆشەویستم.. هەرگیز لەو باوەڕەدا بوویت ئەم هەموو دوژمنەت لێ کۆ ببنەوە؟ تۆی فریشتە، تۆی دڵ پڕ لە سۆز و خۆشەویستی و ناسکی.. دەتوانم ئێستا بتهێنمە بەرچاوی خۆم چۆن تریفەی سەرسامی لە چاوەکانتەوە پەخش دەبێ.. (*دەگری*) دوێنێ لە جەژنی قدیس یوحەننادا لە دڵەوە دوعاخوازی ئەوە بووم ئەگەر (*سەرخس*)[٤]ەکە گوڵی گرت، گوڵێکت بۆ لێ بکەمەوە؛ نەک بە نیازی ئەوەی دەوڵەمەند بم؛ بەڵکو بە نیازی ڕزگاربوونی تۆوە ئازیزەکەم.. (*بە کوڵتر دەگری*) برای پاسەوان، بڕوا بکە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بەوپەڕی گەرموگوڕییەوە لە ئاهەنگی قدیس جەیمزی خۆشەویستیدا بەشداریی کرد.. ئاخ.. فیدریکۆ چیی کردووە؟ کالۆسۆسیلۆی کوشتووە؟[٥]

**پاسەوان:** مەگری خوشکێ.. گریان سوودی چییە.. پێویست دەکات وەکو تووتی بیلێیمەوە، ناتوانم بتکەمە ژوورەوە. سەردانی کابرایەکی وەکو لۆرکا مەترسیی تێدایە و قەدەغەیە.. بە ئیسپانی قسەت لەگەڵدا دەکەم.. تێناگەیت – قەدەغەیە..

**ئەنخیلینا:** ئێستا ئەگەر بهێڵیت بۆ چەند دەقیقەیەک بە نهێنی بچمە ژوورەوە، کێ دەزانێت؟ بیکە بە خاتری خوێنی مەسیح ئەم چاکەیەم لەگەڵدا بکە.. خەڵکی ئەم شارە بەزەیی لە دڵیاندا نەماوە.. بەزەییت پێمدا بێتەوە و بهێڵە چەند دەقیقەیەک چاوم پێی بکەوێت.. ئەگەر دەزانیت ئێستا چ ئاگرێک وا خەریکە هەناوم دەخوات.. تەماشاکە.. هەموو لەشم دەلەرزێ... لەوەتەی فیدریکۆ گیراوە، تۆزێک خەو چییە نەچووەتە چاوم.. تکات لێ دەکەم.. بۆ قسە ناکەیت؟ (*دەگری*) دەرم مەکە.. هەر بۆ چەند دەقیقەیەک — (*وەستانێک*) لەو ژوورەیە..؟ لەپێناوی قدیسەکاندا بهێڵە بچمە ژوورەوە.. هەر چەند دەقیقەیەک.. دەی جووتیارە دڵنەرمەکە..

**پاسەوان:** (*دوای ئەوەی بەو قسانە دڵی نەرم دەبێت*) باشە.. بەڵام بە بێدەنگی بچۆرە ژوورەوە.. تەنها چارەکە سەعاتێک.. بەبێ گریان.. بە چرپەیش قسە بکەیت.. دەنگت بەرز نەکەیتەوە.. باشە.. دە بڕۆ ژوورەوە.. لە بیرت نەچێ بە چرپە قسە بکەیت..

**ئەنخیلینا:** (*لە خۆشیدا بڕوا ناکات.. شانی پاسەوانەکە ماچ دەکات*) سوپاس — (*دەچێتە ژوورەوە.. تاریکی.. ڕووناکییەکی ئەرخەوانی لە لۆرکا و ئەنخیلینا دەدرێ.. ئەنخیلینا بە وورووژم ڕادەکات و بە سۆزێکی گەرمی دایکانەوە باوەش بە لۆرکادا دەکات، هەروەها لۆرکایش باوەش بەودا دەکات و باوەڕ ناکات هاتبێت بۆ لای*).

**ئەنخیلینا:** (*بە دەنگێکی کز و پڕ لە خۆشەویستی و خەمەوە*) فیدریکۆ.. فیدریکۆ.. خۆشەویستم.. گەورەم.. گەورە خۆشەویست و ئازیزەکەم.. (*چاوەکانی فرمێسکاوین*) ئاهـ.. بریا دەتزانی چۆن گەیشتوومەتە ئێرە.. بە هەزار حاڵ گەیشتوومەتە ئێرە گەورەم... خوێن هەموو شوێنێکی گرتووەتەوە.. گولله وەکو هەوا هەموو شوێنێکی تەنیوە.. تانکەکان بڵاو بوونەتەوە.. لە هەموو شوێنێک گرتن و کوشتنە.. هەموو خوێن گرتوونی فیدریکۆ.. مریەمی پاکیزە و پیرۆز بمانپارێزێت (*سەرلەنوێ باوەش بە لۆرکادا دەکاتەوە*) گەر هەندێ لە هاوڕێ بەوەفاکان نەبوونایە، هەرگیز نەمدەزانی لەم بەندیخانەیەی شەقامی دۆکیا گیراویت.. (*بە هەنسکەوە و فرمێسکیش لە چاوانی دێنە خوار*) دوای ئەوەی دیار نەمایت، چووم بۆ ماڵی شاعیر لویس ڕۆسالیای هاوڕێت – ڕاستە ئەو سەر بە کەتائیبییەکانە، بەڵام تۆی زۆر خۆش دەوێ – ئەو پێی وتم لێرەیت – هەر لەوێش زانیم ئەوەی خەبەری لێ داویت، ڕامۆن لویس ئەلونسۆی پیاوکوژە.

**لۆرکا:** (*بە هاوارێکی کپەوە*) پیاوکوژ.. تاوانبار.. ئاخ... ڕامۆن لویس ئەلونسۆ.. ئەوە بۆیە بۆ هەر کوێ دەچووم، وەکو سێبەرەکەم دوام دەکەوتیت؟

**ئەنخیلینا:** ئای خوایە.. هێنایانیت بۆ لای ئەم خوێنڕێژەیش.. خۆسیە کۆزمان.. ئەم جەللادە..

**لۆرکا:** هەر بە ڕاستی جەللادێکی ڕاستەقینەیە ئەنخیلینا.. دەزانیت فەرمانی داوە گوللەبارانم بکەن.

**ئەنخیلینا:** *(قوڵپی گریانێکی کتوپڕی دێ)* ئەی هاوار.. ئەی هاوار.. دەزانم ئەم جەللادە هەرچی بەزەیی بێت لە دڵیدا نییە.. *(وەستانێک)* ئەی دادگایی کردیت؟

**لۆرکا:** دادگایی؟ نەخێر.. ویستی قسەی سووکم پێ بڵێت.. بەڵام من بە گیانێکی خۆڕاگرانەوە ڕووبەڕووی وەستامەوە.

**ئەنخیلینا:** زۆر چاکت کرد گەورەم.. پیلاتۆس لە ئینجیلدا دەڵێت ئەوەی لە ناوچەوان نووسراوە نووسراوە.. ئەوە ئەو سەرەتایەیە کە نە هەرگیز ون دەبێت و نە درۆی پێوە هەڵدەبەسترێ – مادامەکی تۆیش مردنت بۆ نووسراوە، ئیتر بۆچی وەکو کەسێکی ترسنۆک بمریت *(بە دەنگێکی نزم دەگری)* بەڵام مردن و لەم تەمەنەدا.. ئای خوایە.. فیدریکۆی خۆشەویستم.

**لۆرکا:** ئەنخیلینا مەگری.. من پێویستم بە زەردەخەنە شیرینەکانتە، نەک فرمێسکەکانت.. پێویستم بەو لێوانەیە کە بە شادی هەڵدێن، نەک بە پەژارە – ئەنخیلینا من خۆم داوەتە دەست چارەنووسم.. چیی تێدایە گەر لەپێناوی ئیسپانیادا بمرم – *(وەستانێک)* ئەنخیلینا دەزانیت من هەر لە منداڵیمەوە دڵم وا خەبەری دەدامێ کە مردنێکی سەیر دەمرم.. بەڵکو مردنێکی زۆر دراماتیکییانە..

**ئەنخیلینا:** چۆن ئازیزم، بۆچی؟

**لۆرکا:** گوێ بگرە.. منداڵ بووم.. بەیانییەکیان خەوم زڕاو بەر لەوەی خۆر هەڵبێت هەڵسام – هێشتا ئاسمانی «ئەستریمادۆر» تەم گرتبووی.. لە نێوان دوو پەیکەری شکاو و کۆندا دانیشتم و تەماشای خۆرم دەکرد کە خەریک بوو هێدی هێدی هەڵدەهات... پەیکەرەکان لە مەڕمەڕ دروست کرابوون و پاشماوەی سەدەی هەژدەیەم بوون.. لەو شوێنەی منی لێ بووم، کۆمەڵێک کۆشکی چۆڵ هەبوون لە کۆشکە کۆنەکانی پیاوە گەورەکانی ئیسپانیا دەچوون.. لەپڕێکدا بەرخێکم بینی بە لای مندا تێپەڕی؛ لە ڕانەکەی جیا بووبووەوە، لە ناو کۆشکە وێرانەکانەوە شەش بەراز پەیدا بوون و بە هەڵپە شالاویان بۆ بەرخەکە برد و لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا ملیان شکاند و لەتوپەتیان کرد (*وەستانێک*) ئەگەرچی کە ئەوەم بینی زۆر ترسام، بەڵام لە جێی خۆم نەجووڵام و سەیری بەرازە ڕەشەکانم دەکرد چۆن لەژێر باڵی ترس و بیمی ئەو بەرەبەیانەدا ملی بەرخەکەیان شکاند.[٦]

**ئەنخیلینا:** (بە *سەرسووڕمانەوە*) فیدریکۆ.. بۆچی ئەم بەسەرهاتە ترسناکەم بۆ دەگێڕیتەوە؟

**لۆرکا:** خۆسیە کۆزمان و پیاوەکانیش وەکو ئەو بەرازانە ملی من دەشکێنن... هەر لە منداڵیمەوە دڵم ختوورەی دەکرد کە کەسانێک لەتوپەتم دەکەن.

**ئەنخیلینا:** (*دەگری*) تۆ بەم قسانە ئازارم دەدەیت.

**لۆرکا:** ئەنخیلینای دڵنەرم.. من دەزانم تۆ منت چەند

خۆش دەویێ.. بەهەرحاڵ، من دەمرم (بە دەنگێکی خەمگینەوە) هەموو ئێوارانێ کاتێ هێدی هێدی شەو دادێ، یادم بکەرەوە.. یادی مرۆڤێک بکەرەوە کە ئازاری مێروولەیەکی نەداوە و بە ڕاستگۆییەوە لەگەڵ خۆی و لەگەڵ خەڵکیدا ژیا.

**ئەنخیلنا:** ئاهـ – تۆ هەمیشە وا بوویت.. لەگەڵتدا ژیاوم و دەتناسم.. فیدریکۆی خۆشەویستم، تۆ گەروویەکیت جگە لە گۆرانیوتن هیچی تر نازانێت.. *(دەگری)* بۆچی دەیانەوێت دەنگت بکەن بە خۆڵەمێش.. بۆچی؟؟؟

**لۆرکا:** ئای ئەنخیلینا – ئاسایش نەما.. لەگەڵیدا مەنتیقیش نەما و هەروەها خۆشەویستییش... ئێمەش خەریکە هەست و سۆز بە تەواوەتی بەسەرماندا زاڵ دەبێت.

**ئەنخیلینا:** (*هاوار دەکات*) ئا.. خواردنەکەم لە بیر چوو.. هەندێک لەو خواردنانەم بۆ هێناویت کە حەزت لێیانە.. ئەمانەش جلوبەرگی پاکن.. بخۆ خۆشەویستم.. بێگومان دەمێکە نانت نەخواردووە.

**لۆرکا:** ڕاست دەکەیت.. دوایین نانخواردنم دوو ڕۆژ لەمەوبەر بوو، لە ماڵی هاوڕێی شاعیرم (*ڕۆسالیا*).

**ئەنخیلینا:** (*پارووی بۆ دەکات*) هانێ.. بخۆ ئازیزەکەم.. هەندێ جار چارەنووس کوێرە.. کێ دەڵێ ئازادت ناکەن..

**لۆرکا:** ئازادم بکەن؟ هەرگیز شتی وا ڕوو نادات.. لە سەرێکەوە لەبەر ئەوەی ئەو پیاوکوژی تاوانبارە..

ڕامۆن لویس ئەلۆنسۆ خەبەری لێ داوم و شتی بۆ هەڵبەستووم، لە سەرێکی تریشەوە ئەو دادگاییەی لە نێوان من و ئەو کابرا خوێنخۆرە.. خۆسیە کۆزماندا ڕووی دا.. هەرگیز ئەقڵ نایبڕێت ئازادم بکەن.. نەخێر.. نەخێر.. کۆزمان و ڕامۆن دەیانەوێ شکۆمەندیی خۆیان لەسەر لاشەی من هەڵچنن..

**ئەنخیلینا:** بڵێ شورەییان نەک شکۆمەندییان.. دەی.. هانێ خۆشەویستم بخۆ.. (*زوو زوو پارووی بچووکی دەداتێ*) تۆ حەزت لە مریشکی کوڵاو و ترشیاتە، ئەمەیش زەیتوونە خۆشەکەتە.. بخۆ خۆشەویستم (*زەیتوونێک دەکاتە دەمی لۆرکاوە*) تۆ گۆرانیی زۆرت بۆ زەیتوون وتووە (*وەستانێک، وەک ئەوەی بیر بکاتەوە، پاش تۆزێک بە دەنگێکی زۆر نزم گۆرانی دەڵێ..*)

ئێستاش لە باخی زەیتوونەکەوە
بێدەنگییەکی شەپۆلدار
سەر ڕێگەکە سەرشار ئەکا
(*دەوەستێت، بە شەرمێکی جوانەوە دەڵێت*)
دێڕەکانی ترم لەبەر نییە

**لۆرکا:** (*دێڕەکانی تری شیعرەکە تەواو دەکات*)
پاشان دەگەمە کۆمەڵە مێرووڵەیەکی سوور
بە تووڕەییەوە بەرەو پێشەوە ملی ڕێیان گرتووە
لەگەڵ خۆشیاندا
مێرووڵەیەکی تریان ڕاپێچ کردووە.

**ئەنخیلینا:** (*لە هەمان کاتدا پێدەکەنێت و دەگری..*) فیدریکۆی ئازیزم.. هانێ پارووییەکی تر بخۆ.. ئاخ.. بریا بیانهێشتایە لێرە لەگەڵ تۆدا بوومایە تا خزمەتم بکردیتایە.

**لۆرکا:** (*پێدەکەنێت*) نوکتەیەکی خۆشە.. ئەنخیلینای ئەمەکدار، ئێرە بەندیخانەیە.. (*پارووییەکی بچووک دەخوات*) سوپاس ئەنخیلینا.. چێشتی دەستت هەمیشە بەتامە.. گەر مردووەکان بیانتوانیایە بیر بکەنەوە.. تەنها مرۆڤە باشەکانیان دەهاتەوە یاد.. (*وەستانێک.. هەناسەیەک هەڵدەکێشێت*) بە ویستی خۆت و بە وەفادارییە ئیسپانییە ڕەسەنەکەتەوەو بەبێ ئەوەی چاوت لە مووچەوە بێت، وەکو دایکێک و خوشکێکی ڕاستەقینە هاتیتو خزمەتی منت کرد (*وەستانێک*) گەر مردم، نیوەی میراتییەکەمت دەدەمێ، گەر ژیاشم، ئەوا کۆمەڵێک شیعرت بۆ دەکەمە دیاری.. ئەوەی لە توانامدا بێ بۆ کارەکەرێکی بەوەفای بکەم، بە تەنها ئەوەیە.. (*وەستانێک*) ئا... خانووە لادێییەکەم لە – لاهویرتا دی سان ڤێسانتی – ئەی ڕەنگە ئاوابووەکانی خۆر.. ئەی شەو.. ئەی ئاوەکان.. ئەی بۆنە خۆشەکان.. ئاهـ. ئەنخیلینا، هەرچییەکت دەوێت لە خانووە لادێییەکەم ببە.

**ئەنخیلینا:** من هیچم لە تۆ ناوێت.. دەمەوێ بژیت.. دەمەوێ وەکو ئەو ئەڵماسەی جارانت لێ بێتەوە کە لە ناو هاوڕێ ئەدیبەکانتدا پرشنگت دەدایەوە.. دەمەوێ

به دەنگە خۆشەکەت شیعر بۆ خەڵکی بڵێیت.. (*وەستانێک.. بە دەنگێکی گەرم و خەمگینەوە*) بە تەنها من دەتناسم فیدریکۆ.. بە خوێنی مەسیح سوێند دەخۆم بە ناوی ئەو قدیسەشەوە کە ناویان بەسەرتدا دابڕیت، تۆ ژیانی خۆت دەکەیتە قوربانیی ناوبانگی شاعیریت. ئەگینا پێم بڵێ بۆچی؟

**لۆرکا:** ناوبانگم و.. ئەو دوژمنانەیش کە بەبێ هۆ ڕقیان لێمە..

**ئەنخیلینا:** خۆزگە دەیانهێشت من لەبری تۆ بمردمایە..

**لۆرکا:** نا ئەنخیلینا.. قایل نابم.. جگە لەوە، ئەوان ژیانی فیدریکۆ گارسیا لۆرکایان دەوێت – نا.. هەرگیز بە کەسێکی ترم ناگۆڕنەوە.

**ئەنخیلینا:** (*بە گەرمی و خۆشەویستییەوە*) فیدریکۆ.. گەورەی ئازیزم.. (*دەگری*) تکات لێ دەکەم وەکو قارەمانێک بمرە.. من لە کاتێکدا ئەمەیشت پێ دەڵێم، ئاگر هەناوم دەخوات.. بەڵام.. تکات لێ دەکەم.. وەکو قارەمانێک.. بمرە..

**لۆرکا:** ئەنخیلینا.. من ئێستا و لە هەڵوێستێکی چارەنووسسازانەی ترسناکی وەکو ئەمەدا، لەپێناوی ئیسپانیایەکی بەختەوەر و گەشاوەی سبەینێدا و لەپێناوی مێژووی خۆم و ناوی خۆمدا دەبێ وەکو مرۆڤێکی ئابڕوومەند و ئازا بمرم.

**پاسەوان:** (*بە دەنگێکی نزم و بە توورەییەوە بانگی دەکات*) ئافرەت.. پێم وتیت چارەکە سەعاتێک.. خێرا بکە وەرە دەرێ.. وا پاسەوانەکانی تر دێن.. خێرا بکە..

تکات لێ دەکەم خێرا بکە و وەرە دەرێ بەر لەوەی یەکێکیان بتبینێت.. دەی دەی.. بجووڵێ..

**لۆرکا:** ئەنخیلینای ئازیز بڕۆ... سوپاس بۆ ئەم هاتنەت ئەی ژنە خانەدانەکە.. بڕۆ خوات لەگەڵ.. دڵت هیچ نەکات... لەبەر من ئازاری خۆت مەدە.. هەر وەکو پیلاتۆس دەڵێت: ئەوەی لە ناوچەوانمان نووسراوە نووسراوە.. ئەمە چارەنووسی حەتمیی منە.. لە سپێداندا.. لە شەودا.. لە هەموو وەرزەکاندا منت بێتەوە یاد، دەستنووسەکانم کۆ بکەرەوە و بیدە بە فرانسیسکۆی برام.. یان بە خوشکەکەم.. یادم بکەرەوە.

**ئەنخیلینا:** (*بە گەرمییەوە باوەشی پێدا دەکات و دەگری*) گەورە خانەدانەکەم..ماڵئاوا ئەی دڵ پڕ لە سۆز و بەزەیی.. ماڵئاوا ئەی مرۆڤە باش و دڵگەورەکە.. ماڵئاوا ئەی ئەو کەسەی نازانم پارچەکانی لەشت فڕێ دەدرێنە کوێوە تاوەکو بێم و تۆزێک فرمێسک لە سەر گڵکۆکەت برێژم؛ تاوەکو ئەو زامانە ماچ بکەم کە دەیکەنە سنگی پاک و بێگەردت.. (*بە کوڵەوە دەگری*) بمبەخشە ئەگەر شتێکی خراپم بەرامبەرت کردبێت؛ یان بە جۆرێک ڕەفتارم لەگەڵدا کردبێت پێت خۆش نەبووبێت.

**لۆرکا:** (*سەری ماچ دەکات*) بڕۆ ئەی خانمە بەوەفاکە.. ئەی قدیسەکە.. بڕۆ خوات لەگەڵ و یەکە یەکە ئەندامانی خێزانەکەت لەبری من ماچ بکە.

**پاسەوان:** (*بە دەنگێکی تووڕەوە*) خێراکە ئافرەت.. ناوت

چییە؟ دەتەوێ بمکوژن.. خێراکە وەرە دەرێ *(ئەنخیلینا بە دەستی خواحافیزی دەکات کە لە لای دەرگاکەوە وەستاوە و پاشان دەچێتە دەرێ.. تاریکی.. ڕۆشناییەک لە ئەفسەرەکە دەدرێ).*

**ئەفسەر:** وەرە ژووری.. *(مۆسیقاری مەزنی ئیسپانیا «دیۆنسیکۆ کۆترالیز»ی نیشتمانپەروەر و مامۆستای گەلی غەرناتە دێتە ژووری.. گیتارەکە ئاوازێکی گەلێ خەمناکی لێوە دەبیستری)* جارێ لەگەڵ ئەم لۆرکا ناوەدا بمێنەرەوە تاوەکو دوایین فەرمانم لە لایەن سەرکردە خۆسیەوە پێ دەگات. *(ئەفسەرەکە دەڕوات).*

**کۆترالیز:** *(گەرچی زۆر شەکەتە؛ بەڵام کە لۆرکا دەبینێت سەری سووڕ دەمێنێت و لێی ورد دەبێتەوە)* چی؟! تۆ بڵێی ئەمە خەون نەبێت؟ فیدریکۆی خۆشەویستیش گیراوە.. تۆ لێرەیت.. کەی و لە کوێ گرتیانیت؟

**لۆرکا:** بەر لە چەند ڕۆژێک دیۆنسیکۆی ئازیزم.. وەرە دابنیشە، ماندوو دیاریت *(بە خەمبارییەوە)* تەنانەت تۆش سەلامەت نەبوویت.. ئاخ.. کەواتە با دڵم ورد بێت.. *(بە گەرمییەوە باوەشی پێدا دەکات)* مۆسیقازانەکەمان شەکەتە.. ئای خوایە.. خەریکە بڕوا ناکەم.

**کۆترالیز:** بڕوا بکە.. ئاهـ. فیدریکۆ من زۆر شەکەتم — ئازاریان زۆر دام.. چی بکەین.. ئیتر ئەمە ژیانە — من پەشیمان نیم، بە هەموو هێز و توانامەوە لەپێناوی

کۆماریدا هەوڵم دا، ئاڵۆزی کەوتە مەسەلەکانەوە، هیتلەر هاتە ناوەوە و فرانکۆی هان دا، هێزە ڕاستڕەوەکانیش وەکو گورگی برسی ڕیزەکانی خۆیان ڕێک خست، کردنەوەی ئەم داوەدەزووانەی گۆڕەپانەکە هەروا ئاسان نییە.. بەڵام فیدریکۆ.. خۆت دەزانیت.. هیچوپووچیی ڕژێم و ئەو ژیانە مردووە لە توانای بەرگەگرتندا نەمابوو (*وەستانێک*) شوورەییە.. بەڵکو ئابڕووچوونە مرۆڤ حەز بە تەمەندرێژی بکات لە کاتێکدا دەسەڵاتی نەبێت ژیانە پڕ کلۆڵییەکەی خۆی بگۆڕێت؛ لە کاتێکدا نەتوانێت گوزارشت لەوە بکات کە هەستی پێ دەکات.. یان کاتێک گەلەکەی بە کلۆڵی دەبینێت و ئەمیش لە ئاستیدا وەکو تەماشاکەرێکە و دەستەوسانە.. (*وەستانێک*) تۆیش لەگەڵمدا نیت فیدریکۆ؟

**لۆرکا:** بێگومان لەگەڵتدام کۆترالیزی ئازیز.. لەوە دەچێت حوکمڕانییەکی خوێناویتر لەوەی ڕیمۆن دی ڕیڤیرا چاوەڕێی ئیسپانیا بکات.

**کۆترالیز:** فرانکۆ..! زۆر لە ڕیڤیرا خوێناویترە.

**لۆرکا:** ئاهـ. ئیسپانیای ئازیز.. تاریکاییەکی درێژخایەن بە خۆتەوە دەبینیت.. (*وەستانێک*) پارووییەک لەم مریشکە ناخۆیت؟ تۆزێک زەیتوون و ترشیات و هێلکەی کوڵاوم لایە، ئەنخیلینای کارەکەرم بۆی هێنام..

**کۆترالیز:** ئەنخیلینا!! چۆن گەیشتە ئێرە؟ شار گڕی گرتووە.. چۆن هێشتیان بێتە ژوورەوە؟

**لۆرکا:** ئەنخیلینا ئەوەی لە توانای مرۆڤدا نەبێت دەیکات.. تۆ دەزانیت ژنانی ئیسپانی چەند بەوەفا و قوربانیدەرن.

**کۆترالیز:** (*بە هێمنی دەخوات*) دوو ڕۆژ دەبێ دەمم لە هیچەوە نەداوە.. ئاهـ. ئەو خوێنڕێژە دەبەنگەی پێی دەڵێن خۆسیە کۆزمان، زۆر قسەی ناشیرینی پێ وتم.

**لۆرکا:** لەگەڵ منیشدا بە زمانێکی پیس و چەپەڵ دووا.

**کۆترالیز:** دڕندەیە.. بێئابڕووە.. بێڕەوشتە، فاشیستێکی چەپەڵە.. ئای فیدریکۆ.. بریا ئاگات لە قسەکانمان دەبوو.. کۆمەڵێک قسەی ڕەقم پێ وت (*دەخوات و دەدوێت*) پێی وتم: دیۆنسیکۆ کۆترالیز وەکو سەگ فڕێت دەدەم.. منیش پێم وت: ئەی کۆزمانی ترسنۆک.. تۆ لەبەر ئەوەی ترسنۆکیت؛ هەرچی توانات هەیە دەیخەیتە گەڕ بۆ ئەوەی کەسانی وەکو من بکوژیت... تۆ تۆپەڵێک خۆپەرستی و گەمژەییتو هیسترییانە دەتەوێ دڵی چەند جەنەڕاڵێک قایل بکەیت.. تۆ ئەی خۆسیە کۆزمان، ڕۆژێک دێت لە مێژوودا فڕێ دەدرێیتە ناو زبڵدانەوە.

**لۆرکا:** (*قسەکانی کۆترالیزی پێ خۆش دەبێت*) زۆر چاکت کرد.. چاکت کرد کۆترالیز.. دەی چەند پاروویەکی تر بخۆ..

**کۆترالیز:** ئەمەندە هەڵەوەڕی دەکات مێشکی مرۆڤ ماندوو دەکات... (*دەخوات*) فیدریکۆ دەزانیت.. هەفتەیەک بەر لە گرتنم لە ئاوازدانانی کۆپلەیەک شیعرت بوومەوە لە دیوانی گۆرانیی قەرەجەکان..

**لۆركا:** (بە خۆشییەوە) بە ڕاستتە؟ ئەمە شتێكە زۆر بەختەوەرم دەكات.

**كۆترالیز:** گەر ماندوو نەبوومایە تۆزێكم لە ئاوازەكە بۆ دەوتیت.

**لۆركا:** بەڵكو پێویستە بۆم بڵێیت.. خوا دەزانێت.. لەوانەیە یەكتر نەبینینەوە.. چونكە كۆزمانی جەللاد فەرمانی داوە گوللەبارانم بكەن..

**كۆترالیز:** ها.. نا.. نا.. (*سەری دادەنەوێنێت*) ئاهـ.. لەگەڵیدا ئازا بوویت؟

**لۆركا:** بێگومان كۆترالیز.. بەڵام من بەو شێوە ڕەقەی تۆ لەگەڵیدا نەدووام.. تۆ توندوتیژیت.. من بە شێوەی تایبەتیی خۆم لەگەڵیدا دووام.. خۆت دەزانیت من تەنانەت لەگەڵ دوژمنەكانیشمدا هەر ناسكم.

**كۆترالیز:** دەزانم – دەزانم.. تۆ زۆر ناسكیت.. زۆر..

**لۆركا:** دەی.. ئەوە لە بیر خۆت ببەوە.. تازە بڕیار لەسەر چارەنووسمان دراوە.. ئێستا هیچ نەبێت با گوێم لە چەند دێڕێكی ئاوازەكە بێت.

**كۆترالیز:** (*بە دەنگێكی خۆش گۆرانی دەڵێت*):
ئەسپەكانیان ڕەشن
سمەكانیان ڕەشن
بە سەر زینەكانەوە
پەڵەی مەرەكەب و مۆم دەبریسكێتەوە
گەر كەللەسەریان بە گوللە دروست بكرێ
ناگرین
بە گیانی لە چەرمی ئەستوورەوە

به ڕێگەکەدا لێژ دەبنەوە..

**لۆرکا:** (*بەگەرمییەوە چەپڵە لێ دەدات..*) ئافەرین کۆترالیز.. براڤۆ.. براڤۆ.. ئاوازێکی زۆر جوانە.. (*وەستانێک*) ئێی، ئەی مۆسیقارە مەزنەکەی غەرناتە.. لە بایەکانی ئاسمان بپاڕێمەوە تا بتپارێزێت – پێم بڵێ نوێژ بۆ کێ بکەم تا بتپارێزێت؟

**کۆترالیز:** ئێستا کەس نامپارێزێت و ڕزگارم ناکات تەنها خۆم نەبێت؟

**لۆرکا:** چۆن؟!

**کۆترالیز:** بچم بۆ لای سەرکردە خۆسیە کۆزمان و داوای لێبوردنی لێ بکەم و جوێن بە کۆماری بدەم و بە شان و شکۆی فرانکۆدا هەڵبدەم.

**لۆرکا:** جا ئایا کۆترالیزی مەزن شتی وا دەکات؟

**کۆترالیز:** نەخێر.. ئەگەر هەزار ژیانی تر و هەزار بەهرەی تر و هەزار بلیمەتی و هەزار پلەوپایەی ترم بدەنێ، شتی وا ناکەم فیدریکۆ، من غەرناتەییەکی ڕەسەنم و ئیسپانیا دەپەرستم و لەپێناویدا هەزار جار دەمرم.

**لۆرکا:** (*باوەشی پێدا دەکات و ماچی دەکات*) دەبا غەرناتەی خۆشەویست بەختەوەر بێت و شانازیت پێوە بکات.. بەڵکو هەموو شارەکانمان.. هەر لە گالیسیا و ئەسترامادۆر و ئیشبیلییەوە تاوەکو مەدرید.. چونکە تۆ ڕۆڵەی ڕەسەنیانیت.. (*بێدەنگییەک.. دەرگاکە دەکرێتەوە.. ئەفسەرەکە خێرا دێتە ژووری*).

**ئەفسەر:** فیدریکۆ گارسیا لۆرکا.. دیۆنسیکۆ کۆترالیز.. بچنە دەرەوە (*سەیری یەکتر دەکەن و بە گەرمییەوە باوەش بە یەکتردا دەکەن*).

**کۆترالیز:** لۆرکا، وا ڕووەو مەرگ دەچین.. با بە متمانەی ئەو عاشقانەوە بچین کە بۆ ژوانەکانیان دەچن.. نیگاکانت والا بکە لۆرکا.. یەزدانی ئیبیریی ئەندەلووسی بەهرەیەکی مەزنی پێ بەخشیویت.. کەواتە لەم ساتە دژوارانەدا شایستەی ئەوە بە (*وەستانێک*) مەهێڵە ڕێگە شەکەتت بکات.. ڕووبەڕووی سنوورەکانی ترسناکی بوەستەوە.. با خۆڕاگر بین.. مردن هەقە.. ئاواتە گەورەکانیش مافی ئەوانەن کە لە دوای ئێمەوە دێن.. دەی ئەی باڵندە دەنگخۆشەکە.

**لۆرکا:** دەی کۆترالیزی ئازیزم (دەچنە دەرەوە.. *تاریکییەکی درێژخایەن کە بەڵگەی تێپەڕبوونی کاتە.. دەنگی تەقەی زۆر دەبیسترێ.. بێدەنگییەک.. ئەم دێڕانەی دوایی بە دەنگێکی خۆش لە بڵندگۆیەکەوە دێتە گوێ.. کە چەند دێڕێکی قەسیدەیەکی شاعیری چیلی، پابلۆ نیرۆدایە*):

مەدرید.. هێشتا زامت تەڕ بوو
هێشتا وەنەوز چاوانتی شەکەت کردبوو
بەڵام بە تفەنگێکی کۆن و بەردەکانەوە
بەرگریت لە خۆت دەکرد و
بە سەر شەقامەکاندا ڕات دەکرد و
ئاسەواری خوێنە پیرۆزەکەت لە دوای خۆت جێ دەهێشت..

*(تاریکی.. ڕۆشنایییەکی سەوز لە ڕووی کچەئەکتەر مارگریتا خیرگو دەدرێ.. لاوێکی خانومانە.. ئینجا لە ڕووی کچەئەکتەر لولا مەمبریفس.. ئەمیش هەر جوانە.. مارگریتا لە سەر تەختەی شانۆیە و لە شانۆیی –زەماوەندی خوێن–دا دەوری دایک دەبینێت.*

**دەرهێنەر:** (*ڕێنمایی مارگریتا دەکات*) مارگریتا.. ئازیزەکەم.. دەمەوێ سۆز و خەمێکی پتر لە دەنگتدا دەربکەوێ.. هەست بە ئازارێکی زیاتر لە وشەکاندا دەربکەوێت.. دەمەوێ لە دەنگتدا گوێم لە لۆرکا بێت.. دەمەوێ وشەکان دەیەها باڵ بگرن تاوەکو سەرسامی و ئازار لە بینەردا بورووژێنن.. دەمەوێ کاتێک بینەر گوێی لێت دەبێت، بهەژێت.. دەمەوێ گوێم لە ئاهـ و ناڵەی دایکێک بێت کە ناخی تووشی خوێنبەربوون بووە..

**مارگریتا:** بە سەر چاو.. هەوڵ دەدەم.

**دەرهێنەر:** ئێستا لەو بڕگەیەوە دەست پێ بکە؛ فرمێسکەکانی ئێوە.. دەی ئازیزەکەم.

**مارگریتا:** (*بە گەرمییەوە تەمسیل دەکات*) فرمێسکەکانی ئێوە لە چاوانتانەوە دەبارێن؛ بەڵام من کاتێک تەنیا دەبم، فرمێسکەکانم دەبارێن.. لە کەڵەموستی پێیەکانمەوە، لە ڕەگوڕیشەمەوە سەردەکەن و لە خوێن بەکوڵترن..

**دەرهێنەر:** (*بە گەرمییەوە چەپڵە لێ دەدات*) جوانە... زۆر جوانە.. براڤۆ.. ئێستا دەمەوێ گوێم لە دوایین

برگە بێت.. بە هەمان شێوە لەوەوە دەست پێ بکە کە دەڵێت: خەونەکەم دەکەمە..

**مارگریتا:** باشە.. (*دەست پێ دەکات*) خەونەکەم دەکەمە کۆترێکی ساردی عاجی سپی کە لەگەڵ خۆیدا گوڵی کامیلیای بەفرین بۆ حەساری کەنیسەکە ببات؛ بەڵام نا.. بۆ حەساری کەنیسەکە نا.. بۆ پێخەفی زەوی.. نامەوێ کەس ببینم.. نامەوێ کەس ببینم.. زەوی و من..»

**دەرهێنەر:** جوانە.. براڤۆ مارگریتا، تۆ و لۆرکای ئەفسوونباز بۆ ئەوە خولقاون یەکتر تەواو بکەن.. با کەمێک بحەوێینەوە (*یەکێک لۆلا مەمبریفس بانگ دەکات.. لۆلا دەچێتە دەرەوە و پاش دەقیقەیەک دێتەوە ژووری و هاوار دەکات).*

**لۆلا:** ئاهـ. کارەسات.. مارگریتا کارەسات ڕووی داوە کارەسات.. چ کارەساتێک.

**مارگریتا:** (*بە سەرسوورمانەوە سەیری لۆلا دەکات*) چی ڕووی داوە؟ بۆ وا هاوار دەکەیت لۆلا..؟ قسە بکە.. چی ڕووی داوە؟ بۆچی دەگریت؟

**لۆلا:** ئەی هاوار مارگریتا.. ماڵئاوایی هەمیشەیی بکە... ئیتر تا چەندان ساڵی دی خەم لێمان نابێتەوە..

**مارگریتا:** لۆلا.. چی ڕووی داوە خۆشەویستم؟ بۆ بەم گریانە دەمترسێنیت.. نابینیت پرۆڤە دەکەم.. ئەم گریانە چییە.. چی ڕووی داوە؟ قسە بکە.

**لۆلا:** چی ڕووی داوە؟ ئێمە لێرە خەریکی شانۆیی زەماوەندی خوێنین؛ بەڵام لەولا خوێنێکی

ڕاستەقینە ڕژاوە.. خوێنی ئەو کەسەی زەماوەندی خوێنی نووسیوە *(دەگری)*.

**دەرهێنەر:** *(بە دەنگێکی خنکاوەوە)* چی؟ فیدریکۆ..؟ چیی بەسەر هاتووە!

**لۆلا:** بوو بە حەسرەتێکی درێژخایەن بۆ ئێمە.. ئاهـ. چ دڵێک دەتوانێت فیدریکۆی لە بیر بچێتەوە.. بریا نەمدەناسیت فیدریکۆ... بریا ڕوخسارە جوانەکەتم نەدەبینی.. بریا گوێم لێت نەدەبوو کاتێک بە دەنگە خۆشەکەت شانۆییەکان و شیعرەکانت بۆ دەخوێندینەوە...

**مارگریتا:** *(بە ترسێکی زۆرەوە)* لۆلا.. تۆ بە ڕاستتە..

**لۆلا:** پێش چەند دەقیقەیەک ئۆکتاڤیۆی هاوڕێمان پێی وتم و چوو تا بەوانی تریش بڵێت.. ئاهـ. سنگیان بە گوللە دابێژاوە.. ئۆکتاڤیۆ وای وت.. لەگەڵ دیونسیکۆ کۆترالیزی مۆسیقار و لە دۆڵی –ڤیزنار–.. هەواڵەکە وا بە هەموو ئیسپانیادا بڵاو دەبێتەوە *(دەگری)* – ئاهـ بۆ ئەو سنگە پڕ سۆز و خۆشەویستییە.. *(هاوار دەکات)* فیدریکۆ.. فیدریکۆ..

**مارگریتا:** *(ئەمیش دەست بە گریان دەکات)* ئەی مریەمی پیرۆز... بە ڕاست لۆرکا مرد؟ ئیتر لەگەڵماندا نایەت بۆ ئەرجەنتین و کوبا.. لەمڕۆ بەدواوە زەماوەندی خوێن و ماڵی بێرناردا ئاڵبا پێشکەش ناکەین؟ ناچین بۆ خانووە لادێییەکەی لە –لاهویرتا دی سان ڤێسانتی–؟! *(وەستانێک – بەدەم گریانەوە)*

لەمەودوا چاومان بە نیگای پاک و منداڵانەی ناکەوێت لە چاوەکانیدا؟! ناچینە لای پەنجەرەی ماڵەکەیەوە! تابلۆکانی نابینین! ئیتر گوێمان لە قسەکانی نابێت.. دوای کۆچی ئەو چ تاریکییەک باڵ بەسەرماندا دەکێشێت، لە کاتێکدا ئێمە بە ڕووناکیی وشەکانی ئەو دەژیاین..

**لۆلا:** (*ڕوو لە دەرهێنەرەکە دەکات کە بە درێژایی ئەو گفتوگۆیە وەکو پەیکەرێک وەستاوە*) گۆنزالیز.. چۆن فرمێسک نارێژیت.. لە کاتێکدا تۆ زیاتر لە ئێمە و بە قووڵییەوە لەگەڵ وشەکانی لۆرکادا ژیاویت.. بگری.. بگری.. کوا فرمێسکەکانت؟

**دەرهێنەر:** (*بە دەنگێکی خەمگینەوە و سەری داخستووە*) پێویستە فرمێسکی بۆ برێژین.. ڕەوانبێژییەکەیمان لە دەست چوو.. جووڵە جوانەکانی.. کە لە جووڵەی شاعیرە ڕۆژهەڵاتییەکان دەچوو کاتێک شیعر دەخوێننەوە.. (*وەستانێک*) گەر لەوپەڕی خەمباریدا بووینایە، دوای ئەوەی گوێمان لێ دەگرت، خەمەکانمانی دەتواندەوە و دڵمانی پڕ دەکرد لە خۆشی و شادی.. (*فرمێسکەکانی دەسڕێت*) لەمەودوا کێ بە وشەی جوان باسی چینەکانی خۆرمان بۆ بکات کە زوو دەڕمێن.. کێ سەبارەت بە پەلکەزێڕینەی لمی سەر کەنارەکان گۆرانیمان بۆ بڵێت؟!

**مارگریتا:** خوایە.. کێ وەکو ئەو دەتوانێت بەو ڕەوانی و ئاسانییە وشەی جوان بڵێت..

**لۆلا:** فیدریکۆ مرۆڤێکی ئازا بوو..

**مارگریتا:** (وەکو شێت) ئەم هەواڵەی ئۆکتاڤیۆ هێنای، ڕەنگی لە ڕوومان بڕی.. ئاخ.. لۆلا.. بەم هەواڵە دڵمت کونکون کرد.. ئیتر بۆ هەتاهەتایە فرمێسکەکانمان وشک ناکەن فیدریکۆ.. (*لۆلاش دەچێتە سەر شانۆو خەمبارانە لای مارگریتاوە دەوەستێت*).

**لۆلا:** کەواتە جەستەی ئەو سارد بووەوە.. قسە خۆشەکانی نەمان.. ناسکی و چرپەکانی ون بوون... گەمە و گاڵتەی ناو ئێمە و هاوڕێکانی تەواو.. ئای خوایە.. ئەی شادمانییەکەی.. ئاوازە خۆش و خەمگینەکانی.

**مارگریتا:** ئەو فیدریکۆیەی کە خاوەن ئەفسوونێکی ئاڵتوونی بوو، ئاوەها بە چاوترووکانێک نەما.. ئەو منداڵە گەورەیەی بەختەوەریی لێ دەچۆڕا (*وەستانێک*) ئێستا دەبێ هاواری ڕاستەقینەمان بکەین.. ئەو هاوارەی لە گیانەوە دەردەچێت (*دەگری*) ئێستا ئیسپانیا هەتیو کەوت.

**لۆلا:** ئێستا.. ئێستا پێویستە لەپێناوی ئەودا هەرچی ئارەزووە سەرەتاییەکانی ناو ناخمانە، بیانورووژێنین.

**مارگریتا:** دەبا خەمە کۆن و نوێیەکانمان دەرپەڕێنین.

**لۆلا:** لە ناسکترین دڵی غەرناتەدا گوللەیان تواندەوە.

**مارگریتا:** ئیسپانییە ڕەسەنەکە کەوتە سەر زەوی..

**لۆلا:** منداڵە خۆشەویستە بە ناز پەروەردەکەمان مرد (*دەگری*) منداڵە ئەندەلووسییەکەمان.

**مارگریتا:** لاوە قەشتاڵییەکەمان.

**لۆلا:** ئاهـ. ئەی خاکەکەی دۆڵی ڤیزنار چۆن جەستەی پاکیت لە خۆ گرت؟ چۆن..؟ چۆن.؟

**دەرهێنەر:** (بە دەنگێکی خەمگینەوە) با لەگەڵ گۆمیز دی لا سیرینادا بڵێین «فرمێسکەکان بە تەلەکانەوە دەگیرسێنەوە؛ بۆیە بروسکەکان خەمبار دەکەن.» هەموو برووسکەکان خەمبارن.

**مارگریتا:** هەموو لێوە ئابڕوومەندەکان خەمبارن.

**لۆلا:** ئێستا ڕێوبانەکانی ئالباسکۆ دی لا کستیانا و ئەو چایخانانەی ڕووی تێدەکردن چۆڵن.

**مارگریتا:** (*وەک ئەوەی بڕوا نەکات*) هەر بە ڕاست ئەو دەست و پەنجانەی زەماوەندی خوێن.. ماریانا پینیدا.. ژنی پینەدۆزەکەیان نووسی، سارد بوونەتەوە؟

**دەرهێنەر:** (*بە دەنگێکی پڕئازارەوە*) سەری خۆشەویستەکەمان گوڵ دەگرێت و زاری تامی خوێ دەدات، هەنارەکانی دەگەشێنەوە و سەرلەنوێ پەپوولە جوانەکانی باڵ دەگرنەوە و بەردە پیرۆزەکانی دەچریسکێنەوە و زەیتوونەکانی دەبریقێنەوە و مرۆڤی ئیسپانیا پەڕاگەندە نابێت.

**دەرهێنەر:** لەمڕۆ بەدواوە مرۆڤ لێرە بە خۆڕایی نامرێت.. ئەگەر مردیش، مەرگێکی پیرۆزانە دەمرێت و گڵکۆکەی وەکو گڵکۆی پیاوە قدیسەکانی لێ دێت..

(*ڕۆشناییەکی مرواریئاسا لە مارگریتا دەدرێت.. بە دەنگێکی زۆر خەمگینەوە ئەم بڕگە شیعرییە دەڵێتەوە*):

لە ئیشبیلیە.. شازادەیەکی تری وەکو ئەو نەبوو
لەگەڵیدا بەراورد بکرێ،
دڵێکی وەکو ئەو دڵە بەهرەمەندە مەزنەش نەبوو
ئازایەتیی پەرجووئاسای
ڕووبارێک بوو لە شێر
وەک پەیکەرێکی تاشراویش
ئابڕووی باڵای کرد.

**لۆلا:** (*ڕۆشناییەکەی لێ دەدرێتەوە*) خانمان.. بەڕێزان.. لە کاتێکدا ئەم هۆڵە جێدەهێڵن.. هیوادارین منداڵە ئەندەلوسییە شەهیدەکەمانتان لە بیر نەچێتەوە، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژانیش خەم دای گرتن، پەنا ببەنە بەر وشەکانی ئەو.. چونکە ئەم غەرناتەییە بۆ ئەوە خولقاوە کە خەمی دڵە شەکەت و ماندووەکان بڕەوێنێتەوە.

شانۆنامەی

# گوڵی بەهار هات

جەلیل قەیسی

## ١

*«ژوورێکی ڕووتوقووتە، پەنجەرەیەک لە دەستەڕاست هەیە و دەرگایەکیش لە دەستەچەپ، بەڵام نابینرێ. ئەکتەرو دەرهێنەرێک دوایین پرۆڤە (جەنەراڵ پرۆڤە)ی پیەسێکی شانۆیی دەکەن. دەرهێنەرەکە ئەگەرچی شەنگ و ناسک دیارە، بەڵام هەندێ جار وشکە، گرژ و مۆنە، توندوتیژە، زوو تووڕە دەبێت و زوو دەخرۆشێت، وێڕای دەرهێنەر، دەوری دوو شێتیش دەبینێت، کاتێک دەوری شێتی یەکەم دەبینێت، دەمامکێک دەپۆشێت گوزارشت لە تووڕەیی و خۆبەگەورەزانین و جۆرێکی سەیر لە دەبەنگی و شێتی دەکات، دەمامکەکەی دی ڕووی لاوێکی ڕێکوپێک و شەنگ و هەستیار و خەمبارە.»*

**دەرهێنەر:** (*دەمامکی یەکەمی بە دەستەوەیە، سەرنجی ئەکتەرەکە دەدات، ئەکتەرەکە دەوری مرۆڤێکی دڵباش و ناسک دەبینێت و لەوپەڕی هۆشیاریدایە*) گوێبگرە، ئەمە دوا پرۆڤەمانە... ئا... باشە... زۆر باشە... ئێستا سەیری من بکە... لەوێدا بوەستە... بە وردی تەماشام بکە... نا نا نا... لاساییم مەکەرەوە... هەمیشە هەوڵ بدە خۆت شتی نوێ بخوڵقێنیت... هەموو شتێکم لە جەستەت دەوێ، جەستەت هەزار زمانی هەیە... دەمەوێ بەکاریان بهێنیت... باشە...

جەستەت تۆزێک خاو بکەرەوە... دەمەوێ هەموو توانات بخەیتە گەڕ؛ تا ئەوەی لە دەروونتدایە بیخەیتە ڕوو... نا نا نا... نامەوێ زیاد لە پێویست بخرۆشێیت... لەو شێتە ڕابمێنە کە دەیەوێ ئازارت بدات... ئاوەها بە بەرهەڵستییەوە... باشە... بە بەرهەڵستییەکی پترەوە... دوودڵییشی لەگەڵدا بێت... بارێکی سایکۆلۆجیی دووفاقە... زۆر چاکە... (*ئەکتەرەکە بە گەرمی و کەفوکوڵەوە بە کۆمەڵێک جووڵەی پانتۆمایمی، داواکارییەکانی دەرهێنەرەکە بەجێ دەهێنێت*) ئێستاش... پێم وتیت دەیەوێت هەڵبکوتێتە سەرت... دەست پێ بکە (*دەرهێنەرەکە دەمامکی یەکەم دەپۆشێت و دەوری شێتی یەکەم دەبینێت*) وەکو پێم وتیت، بە بەرهەڵستییەوە، ڕەفتاری پیاوێکی شێت مەنوێنە... بە درێژایی شانۆییەکە ئەوەت لە یاد نەچێت کە تۆ شێت نیت؛ بەڵکو مرۆڤێکی ژیریت و ئاخنراویتە ناو کۆمەڵێک شێتەوە... ئێستا دەست پێ بکە).

**ئەکتەر:** (*بە چوونە ناو دەورەکەوە*) هاوڕێم... ئازیزم... من تێناگەم ئەم هەموو دوژمنایەتی و بەدڕەفتارییەت چییە لەگەڵمدا؟ (*بە پاڕانەوەوە*) بڕوام پێ بکە من مرۆڤێکی باشم و ناچار کراوم بۆ ئێرە بێم... هەوڵ بدە لە مانای ناچارکردن تێبگەیت (*بە سەرسوڕمانەوە*) تۆ هەر کە هەڵدەچیت، یەکسەر وەکو پڵنگی برسی هێرش دەهێنیتە سەرم، پاشان تۆ بۆچی هێندە کەللەڕەقیت؛ هەر سووریت لەسەر

ئەوەی هۆی گۆشەگیری و خەمباریم بزانیت، باشە دەبێ هەموو جارێک من باسی کێشەکەی خۆمت بۆ بکەم... (*وەستانێک*) وازم لێ دەهێنیت گەر پێت بڵێم بۆیە خەمبارم چونکە زۆر هەستیارم، چونکە هەستم ناسکە و ئازارم زۆرە (*وەستانێک*) گوێ بگرە... من کوڕی کابرایەکم زۆر دەوڵەمەندە... بەڵام زۆر هیچوپووچ و دەبەنگە، بۆیە ئینسانێکی ناچیزە و تەڵەکەباز، شەیتانێکی ڕاستەقینە، توانیی فرسەتی لێ بهێنێت و دەست بەسەر سامانەکەیدا بگرێت (*وەک شتێکی ئاڵۆز شی بکاتەوە*) هەر وەکو مار خۆی کشاندە ناوماڵەکەمانەوە، لە ماوەی دوو ساڵدا دڵی خوشکەکەمی بە لای خۆیدا ڕاکێشا و چووە بن کلێشەی باوکمەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیتوانی ڕووبەڕووی سەرسەختی و وریایی من ببێتەوە و چونکە ڕقم لە خۆی و بیروباوەڕ و هەلپەرستیی بوو؛ فڕوفێڵی بۆ ساز کردم و تەڵەی بۆم نایەوە و منی تووشی ئێرە کرد (*وەستانێک*) ئێستا باوکم بووەتە گەمە بە دەستییەوە (بە گەرمییەوە) بڕوام پێ بکە من مرۆڤێکی هێمن و بێوەیم.

**دەرهێنەر:** (*دەمامکەکە لادەدات*) چاکە.. تۆزێک دەنگت بەرز بکەرەوە و با پتر بەرەنگارییشی تێدا بەدی بکرێ، بەڵام لە یادت نەچێ، با لەگەڵ بەرەنگارییەکەدا کەمێک ترس هەبێت... بەردەوام بە... (*دەمامکەکە دەپۆشێتەوە*).

**ئەکتەر:** نا... نا... (*شێتە لە ئەکتەرەکە نزیک دەبێتەوە*) لەوە زیاتر نزیک مەبەرەوە... دەستت بەرز مەکەرەوە... ئەوەتانێ... دەتەوێ سەرلەنوێ زللەم لێ بدەیتەوە... گوێ بگرە... ئاهـ... تۆ کەللەڕەقیت... تەماشای جەستەم بکە... تەماشا بکە... ڕاستە من مرۆڤێکی بێ داروبارم؛ بەڵام کە جووڵێنرام، بڕوام پێ بکە خەستەخانەکە ژێرەوژوور دەکەم... بەڵکو هەموو جیهان... لە هیوابڕانی مرۆڤی لاواز سڵ بکەرەوە، ئەی ئەو دێڕە شیعرەت نەبیستووە کە دەڵێت:

گاڵتەت بە فیڵی لاوازان نەیەت، چونکە

دەشێ مار بە ژاری دووپشک بمرێ

(*بێدەنگییەک*) سڵ لە هەست و نەستی مرۆڤی لاواز بکەرەوە... من مرۆڤێکی زانستخواز و ڕۆشنبیرم (*بە نەرمییەوە، دەیەوێت کاری تێبکات*) بڕوام پێ بکە گەر لەو هەڵچوونەت کەم بکەیتەوە، لەوانەیە بتوانم سوودت پێ بگەیەنم... یەکێک هەیە دژی من هانت بدات؟ کێیە؟ بۆچی؟ (*شێتەکە هەوڵی هێرشکردن دەداتەوە و شێوەی وەک گیانەوەرێکی دڕندە دەنوێنێت*) پێم وتیت هێمن ببەوە... تکات لێ دەکەم هێمن ببەوە.

**شێتی١:** (*بە خۆبەگەورەزانینەوە*) بەڵام تۆ زللەت لێ دام... قسەی سووکت پێ وتم، یارمەتیی هاوڕێ نەخۆشە پەڕپووتەکەتت دا تا ئەویش بە هەموو هێزییەوە زللەم لێ بدات (*وەستانێک*) تا وەکو ئێستاش هەست بە ئازاری جێی زللەکەت دەکەم... (بە

*گاڵتەپێکردنەوە*) تۆیەک کێشت چەند کیلۆگرامێک دەبێت؛ زللە لە گایەکی سەرشێتی وەکو من بدەیت (*لەپڕێکدا زللەی لێ دەدات*) ئەمڕۆ لەم ژوورەدا دەتکوژم... (وەکو *گا دەقۆڕێنێت*) بەڵێ... لێرەدا...

**ئەکتەر:** (*بەوپەڕی دڵنەرمییەوە*) من... زللەم لێ نەداویت... من ڕقم لە توندوتیژییە... بە درێژایی ژیانم شەڕم نەکردووە (*بە پێداگیرییەوە*) تەنانەت لە منداڵیمدا وام دەزانی تەنها گیانەوەران بە شەڕ دێن... (*وەستانێک*) گوێ بگرە... دەزانیت کوڕی دەوڵەمەندەکان چۆن دەژین؟ هەر وەکو کیژۆڵە... بۆیە زۆربەیان ترسنۆکن (*شێتەکە دەیەوێت هێرش بکاتە سەری، ناوبەناو وەک گا دەقۆڕێنێ یان وەکو شێر دەنەڕێنێ*) نا نا نا... ئەم دەنگانە نامترسێنن... پاشان... ئەو پێلێنانەم بە لاوازی تێمەگە (*بە بەرهەڵستییەوە*) من لەو پەروەردە بۆرجوازییە چەپەڵەم یاخی بووم... لەو ناسکییەم ڕزگار بووم... بەڵێ... هەر بۆیە لێرەشم (*بە متمانەوە*) من ئێستا مرۆڤێکی ترم... (*بە دەنگێکی بەرزەوە*) لێم نزیک مەبەرەوە، من ڕقم لە گوێڕایەڵیکردنی کوێرانەیە (*بە هەڕەشەوە*) وتم لێم نزیک مەبەرەوە (*کە شێتەکە زۆر نزیک دەبێتەوە، زللەیەکی لێ دەدات*) بگرە... ئەمەش زللەیەکی تر... (*وەستانێک*) من ڕقم لە فەرماندانە... نا... مرۆڤێکی هەروا ئاسان نیم (*شێتەکە وەکو گیانەوەرێکی دڕندە کە هەوڵی دەرفەتێک دەدات تێیدا پەلاماری نێچیرەکەی بدات؛*

به *دەوری ئەکتەرەکەدا دەسوورێتەوە*) لە شوێنی خۆت بوەستە... وا دەزانیت لێت دەترسم... من لە باوکم و لەو شەیتانە تەڵەکەبازەش کە پیلانی دژ بە ئێمە گێڕا، یاخی بووم (*هاوار دەکات*) من شێت نیم (*شێتەکە زللەیەکی بۆ دەهاوێژێت، بەڵام ئەم بە جووڵەیەکی خێرا خۆی لێ لادەدات*) وتم وریا بە... وریا بە لەمڕۆ بەدواوە هەست و نەست و کەرامەتم بریندار نەکەیت... تۆ و سێ لە هاوڕێکانت ناسکترین بەشی دەروونم و دەروونی برادەرەکەم بریندار دەکەن (*بە پڕکێشییەوە لە شێتەکە دەچێتە پێشەوە*) ئێستا هێمن ببەوە... هێمن ببەوە... (*وەستانێک*) ئای خوایە... کاتێک هێمن دەبیتەوە، ناسک دێیتە پێش چاو.

**شێت:** (*بە دەبەنگییەوە*) تۆ لە دواوە دەستمت گرت، هاوڕێکەیشت... ئەو پەڕپووتە... دای بە سک و پشتمدا و بە هەموو هێزییەوە شەقی تێهەڵدام... بەڵێ شەقی لە سکیشم هەڵدا... (*وەستانێک*) بە مشتەکۆڵەش دای بە سەرمدا... هەروەها ئێرەش... خوار ملم (*وەستانێک*) من... کە گایەکی سەر شێتم... پەڕپووتێک لێم بدات... نا نا نا... کەس ناتوانێت لێم بدات... (*زللە لە ئەکتەرەکە دەدات*) تۆ تامی زللەکانم دەزانیت... وا نییە؟

**ئەکتەر:** نابێ ئیتر زللە بهاوێژیت (*بە هەڕەشەوە*) بۆ خواش پێت دەڵێم؛ لە هاوڕێکەم و لە من دوور بکەوەرەوە، ئەگینا...

**شێت:** (پێی دەبڕێت) ئەگینا... ها ها ها... ئەو پەڕپووتە... ئەو نەخۆشە دەمکوژێت... ها ها ها... هاوڕێ چاکەکەت...

**ئەکتەر:** چاکترین مرۆڤە لە ژیانمدا ناسیبێتم؛ بەڵکو خانەدانترین مرۆڤە مرۆڤێک بیناسێت (*بە دەنگێکی ناسکی نزیک لە چرپە*) گوێ بگرە و هۆش بهێنەرەوە سەرت، ئەگەر من هیوایەکم بە چوونەدەرەوە هەبێت لەم توونی ئاگرە بۆ ناو ژیان و هاتنەدیی خۆزگەکانم، ئەوا ئەو هەر بە تەواوی هیوابڕاو و نائومێدە... (*بە سەرسامی و ئازارەوە، وەک ئەوەی بە خۆی بڵێت: تۆ بڵێی ئەم گایە لێم تێبگات*) ئاهـ.. دەزانیت نائومێدی چی لە ئینسان دەکات؟ ئەو هاوڕێ لاوازەم ئینسانێکی مەزنە... ئەقڵێکی گەورە... سۆز و خۆشەویستی... بیروباوەڕ...

**شێت:** (*وەک ئەوەی ئەم وشانە جووڵاندبێتی... بە دەبەنگی و بە شێوەیەکی میکانیکییانە*) بەڵام ئەو زللەی لێ دام، تۆش زللەت لێ دام و تێت هەڵدام... (*وەستانێک*) نا... تۆ ناوبژیت نەکردین... نا، تۆش قسەی سووکت پێ وتم، کارێکی وات کرد ئەو پەڕپووتە تۆڵەم لێ بسەنێتەوە... (*بە تووڕەیییەوە*) بەڵام ئێستا من تۆڵەی خۆم دەسەنمەوە.

**ئەکتەر:** گەر لەو بڕوایەدایت بەو جۆرە هەڵسوکەوتم کردبێت؛ باشە، داوای لێبوردن دەکەم.

**شێت:** (*بە توندی زللەیەکی لێ دەدات، ئەکتەرەکە زللەکەی لێ دەداتەوە، دەبێت بە شەڕیان، لێک دەئاڵێن، پاش*

*کەمێک و دوای هەوڵدانێکی زۆر، ئەکتەرەکە شێتەکە لە خۆی دوور دەخاتەوە و بۆ دواوە دەگەڕێتەوە... هەردووکیان هەناسەبڕکێیان پێ کەوتووە).*

**شێت:** من گەورەترین چەتوونی شار بووم... هەموو لە سێبەرم دەترسان (پێکەنینێکی پڕ *قەشمەری*) کەچی پەڕپووتێک، بەڵکو مشتێک ئێسقان شەقم تێهەڵبدات... ها ها ها ها... زللەم لێ بدات (*هاوار دەکات*) شەق بۆ گای سەرشێت دەهاوێژێت؟؟ (*سەرلەنوێ هێرش دەباتەوە سەری*) ئەی تۆ... *(بە هەمان ڕەفتاری میکانیکییانەوە)* لە دواوە دەستم بگرێت تا ئەو مشتە ئێسقانە لێم بدات، ئەو پەڕپووتە... من کە لەم شارەدا لە هەموو کەس چەتوونتر بووم (بە گەرمییەوە *ئاخ هەڵدەکێشێت*) بۆ کوێ لە دەستم دەردەچیت... لەم ژوورەدا لەناوت دەبەم... ئەمڕۆ لەناوت دەبەم.

**ئەکتەر:** (*بە هۆشیاری و ئاگاییەوە لێی دوور دەکەوێتەوە*) نا... ڕووت گرژ مەکە... خۆت مەکە بە پڵنگ بەسەرمەوە... ماسولکەکانتم پیشان مەدە... (*وەستانێک*) دڵنیابە هەر شتێکی خراپ بکەیت لێت خۆش نابم (*ئازایانە ڕووبەڕووی دەوەستێتەوە*) پاشان تۆ زیاد لە پێویست بە شان و باهووی خۆتدا هەڵدەدەیت... نا... بە پێچەوانەوە... تۆ ئینسانێکی لاوازیت... زۆر لاوازیت.

**شێت:** من؟... من لاوازم؟ (بە *متمانەوە*) من غەزەبی خوام... من ترسناکم...

**ئەکتەر:** بەڵکو تۆ زۆر لاوازیت.

**شێت:** من؟ من بورکانم... دەتسووتێنم.

**ئەکتەر:** بەڵکو تۆ مرۆڤێکی بەسەزمانیت.

**شێت:** (*تووڕەتر دەبێت*) من موسیبەتێکی گەورەم... من بەڵایەکی ڕەشم.

**ئەکتەر:** تۆ شایانی سۆز و بەزەییت.

**شێت:** من گایەکی سەرشێتم (*تووڕەییەکە دەگاتە ڕادەیەک ڕووو دەکاتە دیوارەکە و بە شێوەیەکی هیستریائاسا بە هەردوو دەستی دەدات بە دیوارەکەدا و ئینجا بە سنگی خۆیدا*) من گایەکی سەرشێتم... من ئاگرم...

**ئەکتەر:** (*بەرەو ڕووی دەبێتەوە*) تۆ نائومێدیت... دەزانیت بۆچی نائومێدیت؟

**شێت:** (*بە گاڵتەپێکردنەوە*) نائومێد!! من... وتم من تووڕەییەکی ڕەشم... من شایانی بەزەییم؟!!

**ئەکتەر:** بەڵێ.

**شێت:** (*لە پاش بێدەنگییەک*) بۆچی؟

**ئەکتەر:** لەبەر ئەوەی لاوازیت.

**شێت:** (*تووڕەییەکی هیستریانە دای دەگرێت، هەر وەکو کەنگەر بە دەوری ئەکتەرەکەدا چەند بازێک دەدات، لەپڕێکدا شانی ئەکتەرەکە دەگرێت و بە توندی ڕای دەتەکێنێت، پاشان لە سەر زەوی بەرزی دەکاتەوەو بە ڕوویدا دەقیژێنێت*) من لاوازم...؟ (*دای دەگرێتەوە سەر زەوی*) یان گایەکی سەرشێتم؟

**ئەکتەر:** گایەکی بەهێزیت... بەڵێ... هەر بە ڕاستی گایەکی بەهێزیت... بەڵام زۆر لاوازیت.

**شێت:** (*بە زەویدا دەدات*) ئەم هەموو هێزە و کەچی پێم دەڵێ لاوازیت (*بە شێوەیەکی گەمژانە گاڵتەی پێ دەکات*) ها ها ها ها... وەکو پەڕێک وابوویت بە دەستمەوە... تۆ مشکێکی بچکۆلانەیت... تەماشا بکە... (*دەگەڕێتەوە و بەرزی دەکاتەوە و پاشان بە کاوەخۆ دەیداتەوە بە زەویدا*) دەتوانم لە پەلوپۆت بخەم... تێگەیشتیت؟

**ئەکتەر:** (*هەڵدەسێت، بە ئازایەتییەوە بەرەو ڕووی دەبێتەوە*) لەگەڵ ئەوەشدا تۆ ئینسانێکیت شایانی بەزەییت.

**شێت:** (*هاوار دەکات*) تۆ یاری بە ئاگر دەکەیت... دەتەوێت چۆن ملی چۆلەکەیەک هەڵدەکێشم، ئاوەهاش گوێی تۆ لە بندا هەڵبکێشم؟

**ئەکتەر:** (*لەسەر بەرهەڵستیی خۆی بەردەوامە*) هەموو هاوارەکانت ناتوانن ترس بخەنە دڵمەوە.

**شێت:** تەنانەت ئەگەر گوێشم لە بندا هەڵکێشایت؟

**ئەکتەر:** (*بە دەنگێکی پڕ گەرموگوڕییەوە*) تۆ ئینسانێکی زۆر چاکیت.

**شێت:** مەرایی مەکە.

**ئەکتەر:** بەڵکو ڕووبەڕووت دەوەستمەوە.

**شێت:** ڕووبەڕووم دەوەستیتەوە؟ چۆن؟... چۆن؟

**ئەکتەر:** (*بە توندی بە سەریدا هاوار دەکات*) دوور بکەوەرەوە *لێم*... پێم وتیت دوور بکەوەرەوە *لێم* (*بە هەموو هێزیەوە زللەی لێ دەدات*) زیاتر دوور بکەوەرەوە... زیاتر (*شێتەکە زۆر سەرسام دەبێت و وای لێ دێت بە تۆزێک ترسەوە گوێڕایەڵیی دەکات*)

برۆ ئەوێ... ئەو گۆشەیە... نەجوولێیت (*بە کەمێک دڵنەرمییەوە*) تۆ ئینسانێکی شایانی خۆشەویستیت... شایانی بەزەییت... لەبەر ئەوەی لاواز و دڵباشیت... مەجوولێ... پاڵ بدە بە دیوارەکەوە... دەستەکانت خاو بکەرەوە... ئێستاش هێمن ببەوە... ئاهـ... تەماشا ئێستا چەند هێمنیت (*وەستانێک، بە سۆزەوە*) بۆچی کارێکی وا دەکەیت هەموو ڕۆژێک لەم ژوورە یا ژوورێکی تردا دەستبەسەرت بکەن... پەلی کەسانی تریش بە خۆتەوە ڕادەکێشیت... تۆ پێویستت بە هێمنی هەیە... هێمنی...

**شێت:** (*دوای بێدەنگییەکی زۆر، بە دەنگێکی غەمگین و بە هەمان شێوەی میکانیکییانە*) ئەو پەڕپووتەی هاوڕێت لێی دام... تۆش یارمەتیت دا.

**ئەکتەر:** هێمن بە... تکات لێ دەکەم هێمن ببەوە و ئەوە لە یاد مەکە... فێر ببە چۆن لە بیری خۆتی ببەیتەوە.

**شێت:** (*بە شێوەیەکی گەمژانە ئاماژە بۆ سەری خۆی دەکات*) بەڵام سەرم لە بیری ناچێتەوە... بۆیە منیش تۆڵە لە تۆ و... لەو دەسەنمەوە (*بە دەنگێکی کز*) چۆن قسە بە گایەکی وەکو من دەوترێ.

**ئەکتەر:** تکات لێ دەکەم هێمن ببەوە...

**شێت:** شێت چۆن هێمن دەبێتەوە؟ (*لەپڕێکدا هاوارێک دەکات لە هاواری هندییە سوورەکان دەچێت و هێرش دەکاتە سەر ئەکتەرەکە*) من ئاگرێکی گڕدارم... لێرە هێمنی نییە... تۆ زللەم لێ دەدەیت... ئەو پەڕپووتە زللەم لێ دەدات و شەقم تێهەڵدەدات...

منی چەتوون... نا (*هاوار دەکات*) تەنها خۆم دەتوانم زللە لە خۆم بدەم (*هەر وەکو گۆریلا دەدات بە سنگ و ڕووی خۆیدا و نەڕەیەکی خنکێنراوی لێ دەبیسترێ*) بەڵام یەکێکی دی زللەم لێ بدات... نا نا نا... نا... (*جارێکی تر بە باوەش هەڵی دەگرێت و بە ژوورەکەدا دەیگێڕێت*) سەیر بکە، منداڵێکی بچکۆلانەیت و هیچی تر... ئولولولو... تۆزێک زیاتر هێزت لەسەر دابگرم ئێسکەکانت تێک دەشکێن (*وەستانێک*).

**ئەکتەر:** وازم لێ بهێنە... واز لەم قسە بێسەروبەرانەشت بهێنە.

**شێت:** (*وازی لێ دەهێنێت*) قسەی بێسەروبەر... ها ها ها... من لەم ژوورەدام تا لە پەلوپۆت بخەم.

**ئەکتەر:** (*بەسەریدا دەقیژێنێت*) وتم واز بهێنە... بۆ دواوە بگەڕێرەوە... خێرا (*شێتەکە بە گوێڕایەڵی و ترسەوە دەگەڕێتەوە دواوە*) هەردوو دەستت بۆ سەرەوە بەرز بکەرەوە و لەوێدا بوەستە، دایان نەگریت تاوەکو خۆم پێت دەڵێم. (*وەستانێک*) نەکەیت بجووڵێیت... بۆ ئەمەندە دڵڕەقیت لەگەڵ من و هاوڕێکەمدا... دەتەوێت لە خۆت و خۆڕایی ژیانم تێک بدەیت (*وەستانێک*) هەقت چییە بەسەر هەستیاری و گۆشەگیری و بێدەنگیی منەوە... پێم بڵێ کێیە دژی من هانت دەدات، بۆچی و چۆن؟ (*شێتەکە دەیەوێت دەستەکانی دابگرێت و لێی بچێتە پێشەوە و هاوار بکات*) نا... نەجووڵێیت... لە شوێنی

خۆتدا بوەستە (*ئەکتەرەکە لە پێشەوەی شانۆ نزیک دەبێتەوە و بە دەنگێکی نزم لەگەڵ خۆیدا دەدوێت*) نا... هەرگیز مەترسە... هەرگیز... بە تەنها ترسنۆکی وات لێ دەکات زوو هەڵبژێریت... بەڵێ کە زوو هەڵبژێریت... ئەم شێتەش... گەر جڵەوی بۆ شل بکەیت، وات لێ دەکات مردن لە نێو دەستە ترسناکەکانیدا هەڵبژێریت. (*بێدەنگییەکی درێژ*).

**شێت:** (*بە تکاوە*) گەر ڕێم بدەیت دەستم دابگرم، گوێڕایەڵت دەبم و بە بێدەنگی دادەنیشم.

**ئەکتەر:** باشە... دابنیشە.

**شێت:** (*بە دەنگێکی کز*) هەر وەکو جاری جاران باسی خوشکەکەتم بۆ بکە، ئەو خوشکە جوانەت کە ئەو شەیتانە تەڵەکەبازە دزیویەتی (*بێدەنگییەک*) وتت سامانەکەی باوکیشتی دزیوە؟ هەروەها تۆش (*بە تووڕەییەوە*) دەبوایە زامدارت بکردایە – بەڵکو دەبوایە بە منت بوتایە تا تۆڵەی تۆم لێ بسەندایەتەوە (*وەستانێک*) کەللەیەکم لێ دەدا و ساردم دەکردەوە؛ ئینجا سەریم لە ملی جیا دەکردەوە (*وەستانێک*) دەزانیت بۆچی وەکو تۆپ یاریی بە ئێوە کرد؟

**ئەکتەر:** بۆچی؟

**شێت:** (*بە گاڵتەپێکردنەوە*) چونکە تۆ هەستیار و شەرمن و گۆشەگیر و هەر وەکو خۆشت دەڵێیت ڕۆشنبیریت، چیی لە خوشکەکەت کرد؟

**ئەکتەر:** هێنای و بوو بە ژنی.

**شێت:** ئای کوڕی سەگ... (*وەستانێک*) چۆن؟!

**ئەکتەر:** کاری کردە سەر بیر و هەست و نەستی، ئافرەت... جیهانێکی تایبەتییە.

**شێت:** (*بە پێکەنینەوە*) هەست و نەستی... ها ها ها... تۆشی گەیاندە ئێرە... بەم بۆنەیەوە ئێمە لە کوێین؟

**ئەکتەر:** لە شوێنێکی ئەم جیهانە...

**شێت:** وەکو کوێ؟

**ئەکتەر:** نازانم...

**شێت:** سەر لووتکەی شاخێک؟

**ئەکتەر:** ڕەنگە (*بە ئازارەوە لەگەڵ خۆیدا*) شوێنێکە هەرگیز لە یادم ناچێت... هەتا هەتایە لە یادمدا دەمێنێتەوە.

**شێت:** شتێکی جوانە... جارێکیان هەر هەردووکمان بووین لێرە؛ پێت وتم خوشکەکەت کچێکی بەهێزو سەرسەختە.

**ئەکتەر:** وابوو.

**شێت:** وابوو؟ بۆ وابوو... مرد...

**ئەکتەر:** نەخێر... بەڵام ئێستا ئەو کچە بەهێزەی جاران نەماوە... ئێستا هەر وەکو شینەشاهۆ بەبێ جیاوازیکردن هەموو شتێک دەخوات.

**شێت:** (*بە پێکەنینەوە دەپرسێت*) بۆچی شینەشاهۆ بەبێ جیاوازیکردن دەخوات (*توند پێدەکەنێت*) بەبێ جیاوازیکردن.

**ئەکتەر:** مەبەستم ئەوەیە ئێستا کەر بووە.

**شێت:** کەر؟

**ئەکتەر:** شینەشاهۆ گیانەوەرێکی کلۆڵە.

**شێت:** تۆ بە منیش دەڵێیت گیانەوەرێکی کلۆڵیت، منیش شینەشاهۆم؟

**ئەکتەر:** بەڵێ...

**شێت:** واتە منیش وەکو خوشکەکەتم.

**ئەکتەر:** کێ دەڵێت وا نییە (*بە ئازارەوە*) کاتێک مرۆڤ نەیتوانی جیاوازی لە نێوان شتەکاندا بکات... کۆتایی دێت... (*وەستانێک، بێدەنگییەکی درێژ... هەندێک دەنگی تێکەڵوپێکەڵ دێنە گوێ... غەڵبەغڵبو چرپەچرپ... دەنگی قاپ و قاچاغ و کەوچک و دەنگی تێکەڵی خەڵک... شێتەکە ڕوو لە پەنجەکە دەکات و لاسایی هەڵسوکەوتی ئەوانە دەکاتەوە کە دەیانبینێت... یەکێک نان دەخوات... یەکێک قاپی بە دەستەوەیە... یەکێک ڕادەکات*).

**شێت:** ها ها ها... هەر وەکو شینەشاهۆ دەخۆن... ئاهـ شۆربا... ئێمە هەموو شینەشاهۆین... ئاهـ.. بیر لە تامی پیاز بکەرەوە... برنج... وەرە بۆنی پیاز بکە... ئاهـ.. بۆنی نیسکێنە دەکەم... پیاو دەبزوێنێت... وا لیک بە دەممدا دێتە خوارێ... نیسکێنە...

**ئەکتەر:** نانی گەرمیشی بخەرە سەر...

**شێت:** ئای کە بەتامە... ئێوە لەماڵەوە نیسکێنە لێ دەنێن؟

**ئەکتەر:** بۆ... نا...

**شێت:** وتت خوشکەکەت وەکو شینەشاهۆ بەبێ جیاوازیکردن دەخوات؟

**ئەکتەر:** ئێستا بەڵێ (*بە چرپەوە لەگەڵ خۆی دەدوێت*) هەر لە ڕاستیدا ئێستا شینەشاهۆیە.

**شێت:** حەزم لە پارچەیەک گۆشتە لەگەڵ نیسکدا.

**ئەکتەر:** واز لە بەشە گۆشتەکەی خۆم دەهێنم بۆ تۆ...

**شێت:** سوپاست دەکەم... ئا... هەڵمی نیسکێنەکەم لە یاد چوو...

**ئەکتەر:** چییەتی؟

**شێت:** پیاو دەتوانێت بیلێسێتەوە.

**ئەکتەر:** چۆن؟

**شێت:** ئاوەها... (*بەتامەوە شتێکی خەیاڵی دەلێسێتەوە*) وەرە سەیری ئەو دەبەنگە بکە چی دەکات... ها ها ها ها... بە نیسکێنەوە دەستی دەشوات... ها ها... شینەشاهۆیەکی ڕاستەقینەیە... ئەی ئەوەیان... بە پیاز تۆپێن دەکات... (*دوای بێدەنگییەکی درێژ، ئاوڕ لە ئەکتەرەکە دەداتەوە*) تۆ سەگبابێکی ڕاستەقینەیت.

**ئەکتەر:** سەرلەنوێ... بۆچی سەگبابێکی ڕاستەقینەم؟

**شێت:** لەبەر ئەوەی تۆ ناهێڵیت نیسکێنە بخۆم.

**ئەکتەر:** من؟

**شێت:** بەڵێ (*بە هەمان شێوەی میکانیکییانە*) من لە هاوڕێ پەڕپووتەکەتم دا.. بۆچی تۆ هاتیت و خۆتت تێهەڵقورتاند تا ڕزگاری بکەیت... بێگومان بۆ ئەوەی ئەو باریک و بنێسە زللەم لێ بدات و لە دۆزەخدا بمێنمەوە و بێمە ئەم ژوورەوە تا وەکو شینەشاهۆ لە خواردن بێبەش بم.

**ئەکتەر:** ئازیزم تۆ زوو ئەعسابت ماندوو دەبێت.

**شێت:** گایەکی وەکو من لە لایەن مێشێکی وەکو هاوڕێکەتەوە زللەی لێ بدرێت؟ (*لێی نزیک*

دەبێتەوە و *زللەی لێ دەدات*) ئاوەها... ئەم زللەیەش بخۆ (*ئەکتەرەکە خۆی لە زللەی دووەم دەرباز دەکات*) پەڕپووتێک زللەم لێ بدات...

**ئەکتەر:** سەرلەنوێ دەستت پێ کردەوە... زللە مەهاوێژە... هێمن ببەوە... وەکو تۆزێک لەمەوپێشت (*هەمان ڕێگەی پێشوو لەگەڵیدا بەکار دەهێنێتەوە و خێرا زللەیەکی لێ دەدات*) نا... دەست پێ ناکەیتەوە... ئەگینا...

**شێت:** ئەگینا چی؟

**ئەکتەر:** توندتر زللەت لێ دەدەم...

**شێت:** چۆن؟

**ئەکتەر:** واز بێنە... تەواو... هێمن ببەوە...

**شێت:** (*بە پاڕانەوەوە*) زللەی ترم لێ بدە... دەی زللەم لێ بدە... ئۆهـ.. پێم خۆشە زللەم لێ بدەیتەوە... دەست پێ بکە.

**ئەکتەر:** تکات لێ دەکەم بەسە، هێمن بە.

**شێت:** تکات لێ دەکەم زللەی ترم لێ بدەرەوە... قایم.

**ئەکتەر:** (بە نەرمییەوە *زللەیەکی سووکی لێ دەدات*) بەسە تکات لێ دەکەم.

**شێت:** قایم... قایم.

**ئەکتەر:** نا...

**شێت:** زللەیەکی توند (بە تووڕەییەوە) ئەگینا من زللەت لێ دەدەم...

**ئەکتەر:** (*بە سەرسامییەوە*) ئێستا تەواو... بڕایەوە...

**شێت:** (*لە ئەکتەرەکە ڕادەمێنێت، ڕووی گرژ دەبێت*) تۆ

تووڕەیی هەموو جیهانم تێدا دەتەقێنیتەوە.

**ئەکتەر:** وتم بڕایەوە... بیر لە شتێکی دی بکەرەوە.

**شێت:** (*هەمان هەڵچوونی هیستریانەی تووش دەبێتەوە*) من توندوتیژم... دەزانیت؟

**ئەکتەر:** دەزانم... بێگومان دەزانم... (*توندتر زللەی لێ دەدات*) ئەمەش تاقە ڕێگەیە بۆ هێمنکردنەوەت، وا نییە؟

**شێت:** ڕاستە... وایە... بەڵام بۆچی ئەو شیتەت بەر زللە نەدا کە دەستی بەسەر سامانەکەتاندا گرت؟

**ئەکتەر:** لە دەستم دەرناچێت... نەء...

**شێت:** نەهێڵێت ڕابکات... (*هەڵدەکوتێتە سەر ئەکتەرەکەو هەوڵ دەدات بیخنکێنێت*) بیخنکێنە... ئاوەها... هەناسەی بگرە... دەی... تۆزێک لەمەوپێش چۆن ڕات کرد ئێستاش ڕابکە... ڕابکە و بڕۆ بیکوژە... ئەی سەگ... ئەو شینەشاهۆیەی خوشکیشت سەرببڕە.

**ئەکتەر:** (*دوای هەوڵدانێکی زۆر دەتوانێت خۆی لە دەستی ڕزگار بکات*) دوور بکەوەرەوە لێم... دوور بکەوەرەوە لێم.

**شێت:** تۆ ترسنۆکیت...

**ئەکتەر:** بەڵکو لە کاتی پێویستدا زۆر ئازام (*بە دەنگێکی خنکاوەوە*) وازم لێ بهێنە.

**شێت:** (*هیستریا دەیگرێت*) لەتوپەتی بکە... کوتکوتی بکە... ڕابکە و لەتوپەتی بکە.

**ئەکتەر:** بێگومان وای لێ دەکەم.

**شێت:** هەر وەکو پارچەیەک نان بیجوو (وەک

*کاوێژکردنی وشتر جیرە لە ددانی دەهێنێت)* سەیر بکە... ئاوەها بیجوو.

**ئەکتەر:** وەهای لێ دەکەم... وەهای لێ دەکەم...

**شێت:** *(هەمدیسان هێرش دەکاتەوە سەری و بە زەویدا دەدات)* من چۆن ژنە سۆزانییەکەم و دۆستەکەیم کوشت تۆش بیکوژە... ئاوەها... چەقۆیەک لێرە... چەقۆیەک لەوێ... لەشیم کرد بە بێژنگ... ئاوەها (بە لێدان دەکەوێتە گیانی ئەکتەرەکە).

**ئەکتەر:** فریام بکەون... فریام بکەون... فریام بکەون... *(هاواری فریاکەوتنی پەی دەر پەیی لێ بەرز دەبێتەوە، بەرپرسیاری قاوشەکە دێتە ژوورەوە، کابرایەکی لاوازی درێژە؛ سیمایەکی فێڵبازانەی هەیە، جلوبەرگە سپییەکەی پاکە).*

**بەرپرسیارەکە:** *(شێتەکە کە دەیبینێت، لە ترساندا هەڵدەلەرزێت و ڕادەکاتە گۆشەیەکی ژوورەکەوە، وەکو کیسەڵ لە شوێنی خۆیدا هەڵدەکورمێت، ڕوو لە ئەکتەرەکە دەکات)* دەشڵێیت گوایە شێت نیت و زوڵمت لێ کراوە بۆ ئێرەیان هێناویت، تۆ ڕۆشنبیر و... زانستخواز و... و... و... ئەمە سێیەم جارە لە ماوەی مانگێکدا ناچار بم لەم ژوورەدا دەستبەسەرت بکەم... ئادەی ئادەمیزاد تێم بگەیەنە شێتی چۆنییە؟ هەر بە ڕاستی چۆنە؟ تەماشای دەموچاوت بکە... دەیان ئاسەواری لێدانی پێوەیە... ڕۆشنبیرا ...! تۆ لێرە ترسناکترین ئاژاوە دەنێیتەوە... کابرا تۆ مێشکت ناخەیتە کار... بەزەییت بە لاوێتیی خۆتدا

نایەتەوە بۆ ئەو ژیانەی لێرە لەگەڵ شێتەکاندا بەسەری دەبەیت (*وەستانێک*) هۆش بهێنەرەوە سەرت، بە مەرجەکانی مێردی خوشکەکەت و باوکت قایل بە و ژیانێکی خۆش لەگەڵ ئافرەتی جوان و ئۆتۆمبێلی ڕازاوەدا بەسەر ببە... واز لە قسەی زل و بەتوێکڵ بهێنە... قسەی پڕوپووچ و ڕۆشنبیری و بیروباوەڕی ئینسانی و ئیعتیبارات...

**ئەکتەر:** ڕێت نادەم قسەم پێ بڵێیت.

**بەرپرسیار:** قسەت پێ بڵێم؟! ها ها ها ها... هەر بە ڕاست تۆ شێت نیت؟ ئەی کەواتە شێتی چۆن دەبێت؟ هەیە شەق لە ناز و نیعمەت هەڵبدات و بۆ ئێرە بێت؛ ئەمە چییە باوەڕی بە کۆمەڵێک قسەی زل و ڕۆشنبیری هەیە.

**ئەکتەر:** ژیانی خۆمە و سەربەستم تێیدا... پاشان من وەکو تۆ ئینسانێکی هەلپەرست و بەرتیلخۆر نیم.

**بەرپرسیار:** مێشکێکی پووچ... سەربەست... باشە سەربەست بە... لێرە لەگەڵ ئەم شێتانەدا لاوێتیی خۆت بسووتێنە.

**ئەکتەر:** ژیانم پەیوەندیی تەنها بە خۆمەوە هەیە و بەس.

**بەرپرسیار:** (بە *شاگەشکەییەوە*) باشە، بەڵام من قایل نابم لێرە ئاژاوە بنرێتەوە.

**ئەکتەر:** کام ئاژاوە؟ من هەموو شتێک دەزانم.

**بەرپرسیار:** بەبێ چەنەبازی (بە *قەشمەرییەوە*) هاوڕێ شێتەکەت... ئەو پەڕپووتەی کە خۆشت دەوێ و وەکو دەڵێیت هەستیار و شاعیر و ڕۆشنبیرە،

تۆزێک لەمەوپێش کەرێتییەکی تری نواند؛ لەبەر ئەوە دەیهێنمە لای تۆ... وەکو سزایەک دەبێ ئەمشەو لەگەڵ تۆدا بمێنێتەوە... ئەی دوو ڕۆشنبیرەکە (*ئینجا ڕوو لە شێتەکە دەکات کە بە درێژایی ئەو ئاخاوتنەی پێشوو بە ترساوی لە جێی خۆیدا وشک بووبوو*) تۆش گاکە بڕۆ دەرەوە... (*شێتەکە بە ڕاکردن دەچێتە دەرەوە*) خەڵکێکی شێت... شەق لە نیعمەت دەدەن... (*دەچێتە دەرەوە... بێدەنگییەکی درێژ... دەرهێنەر دێتە ژوورەوە دەمامکەکەی تری پۆشیوە*).

**شێتی دووەم:** (*بە سەرسووڕمانەوە، بە دەنگێکی ناسک و غەمگینەوە*) ئاهـ.. هاوڕێم ئێمە بەبێ ویستی خۆمان وا بەیەک دەگەینەوە (*وەستانێک*) تەماشا ئەم گۆی زەوییەمان چەند بچکۆلەیە... زۆر بچکۆلەیە... وەکو هەڵمات (*بە سۆزەوە لە ڕووی ئەکتەرەکە ڕادەمێنێت*) ئۆو... ئەو گایە زۆری لێ داویت، کاتێک هەڵدەچێت گایەکی ڕاستەقینەیە (*وەستانێک*) ئەم پەڵانە چین؟ خوێن... نا نا... دەستی وەک قوڕقوشم قورسە... (*وەستانێک*) ئەم بەیانییە کاتێک دای بە سەرمدا، وەخت بوو کوێر بم (*وەستانێک*) تاکو ئەم ساتەش هەر گێژم... بەر چاوم تاریکە (*وەستانێک*) دەزانیت ئەو لە تێڕوانینەکانی من دەترسێت... چێژ لە لێدانم وەردەگرێت (*وەستانێک، بە گاڵتەوە*) دەڵێت من لە دۆستی ژنەکەی دەچم...

بیهێنەرە پێش چاوت من دۆست بم (*بە هەست بە گەورەییەوە*) بەڵام چەند لە لێدانم بەردەوام بێت؛ من هەرگیز ئاخ هەڵناکێشم... کاتێک دلێرانە لە بەردەم لێدانەکەیدا دەوەستم، زیاتر ترس و تووڕەیی دای دەگرێت (*وەستانێک*) لە بێدەنگیم دەترسێت... جارێکیان ویستی بمخنکێنێت، بەڵام بە بێدەنگی و تێڕوانینەکانم ترساندم (*وەستانێک، بە چرپەیەکی خەمگینەوە*) پاشان بۆچی لێی بترسم... دوای ئەوەی خەونەکانم لە دەست چوون، چیم بۆ ماوەتەوە (*وەستانێک*) ئێستا هیچ شتێک لەم دنیایەدا شک نابەم. (*وەستانێک*) بوونی من ئێستا شوورەییە... وەکو بوونی کرمێک وایە... (*وەستانێک*) بۆچی قسە ناکەیت؟ ئەمڕۆ زۆر خەمبارم... (*وەستانێک*) ئەی تۆ ئازیزم؟

**ئەکتەر:** منیش ئێستا بە ڕۆژانێکی پڕ کلۆڵیدا تێدەپەڕم.

**شێتی٢:** کیژەکەی هاوڕێت دە ڕۆژ دەبێت بۆ سەردانت نایەت.

**ئەکتەر:** ئاهـ.. تۆ ڕۆژەکانیش دەژمێریت... ئای کە مرۆڤێکی دڵباشیت.

**شێتی٢:** هەندێ یادگاریی خەمناکم تێدا دەخرۆشێنێت. (*ئاخ هەڵدەکێشێت*) هەر کە دەیبینم، مێشکە جەنجاڵەکەم هێمن دەبێتەوە (وەستانێک، بە دەنگێکی پڕ خەمەوە) تا ئێستا ئافرەتێکی وا خەونینم نەدیوە... هەندێک جار خەیاڵ دەیباتەوە وەکو ئەوەی شتێکی ئازاردەر بە مێشکییەوەی دابێت... لە من زیاتر

خەیاڵ دەیباتەوە (*وەستانێک*) نازانیت بۆچی بۆ سەردانت نایەت؟

**ئەکتەر:** نازانم... ڕەنگە ئەو شەیتانە ڕێی لێ گرتبێت یان هەڕەشەی لێ کردبێت... کێ دەزانێت؟

**شێتی۲:** ئا... مێردی خوشکەکەت... ڕەنگە *(وەستانێکی درێژخایەن)* هەوڵت داوە بە شێوەیەکی قووڵ لەو کیژەی هاوڕێت تێبگەیت؟

**ئەکتەر:** تا ڕادەیەک ئا... ئەو حەزی لە بێدەنگییە...

**شێتی۲:** بێدەنگی شتێکی مەزنە... ئەو بە پێچەوانەی خوشکەکەتەوەیە.

**ئەکتەر:** خوشکەکەم؟

**شێتی۲:** ئۆ... ئەویش وریا و زیرەکە... بەڵام تێناگەم ئەو شەیتانە چۆن توانیی هەڵی بخەڵەتێنێت!

**ئەکتەر:** کەواتە تۆ بە وردییەوە چاودێریی خوشکەکەم و کیژەکەی هاوڕێمت دەکرد؟

**شێتی۲:** شاعیر...! شێتی شاعیرێکە... بەڵام شاعیرێکی هیچ لەباردانەبوو... ئێی... شیعر دەبەنگییە... (*وەستانێک*) خوشکەکەت... کیژەکەی هاوڕێت (*ئاهێکی گەرمی پڕ ئازار*) سەرم... چ ئازارێکی کوشندە لە سەرمدایە، ئەو گایە بە لێدانەکانی مێشکمی تێک دا (*وەستانێک، بە خەمێکی زۆرەوە*) ئێستا مێشکم ناوبەناو شتی لە بیر دەچێتەوە (*وەستانێک*) خوشکەکەت... نا... کچێکی هەروا ئاسان نییە... نا... هەرگیز.

**ئەکتەر:** دەزانم.

**شێتی٢:** هەستیارییەکی سامناکی هەیە... کاتێک بۆ سەردانت دەهات، وشە بە وشە گوێم بۆ قسەکانی شل دەکرد... ئەویش وەک تۆ خاوەن هەستێکی واقیعییە (*وەستانێک*) بەڵام میزاجی و هیستریيە (*وەستانێک*) ڕۆژێک دێت خوشکەکەت ئەو مێردە تەڵەکەبازەکەی خۆی بکوژێت... ئەمە شتێکە گومانی تێدا نییە... دەبینیت... ها ها ها ها... مەزەنەی شاعیر و شێتێکە... ها ها ها ها.

**ئەکتەر:** دەیکوژێت؟ چۆن... و بۆچی؟

**شێتی٢:** لەبەر ئەوەی ئەو شەیتانە هێندە چاوچنۆکە، نازانێت چۆن چاودێریی خۆی و ئیرادەی خۆی بکات.

**ئەکتەر:** لێت ناگەم.

**شێتی٢:** چاوچنۆکی...! ئاهـ.. شتێکی سامناکە... هەندێ جار ئیرادە دەتوێنێتەوە (*وەستانێک*) وتت کە شیعر زۆر دەخوێنیتەوە... ئەو بەیتە شیعرانەی شاعیری کورد ئەحمەدی خانیت بیستووە؟

**ئەکتەر:** کام بەیتانە؟

**شێتی٢:** مالت نەڤێتن تو ئەی نیکۆنام
حبا وی دکەت مرۆڤی بەدنام
زینهار مەبە لە مالی حارس
لەورا کوو دەبەن ژدەست وارث
(*وەستانێکی درێژ*) دەبینیت... ئەو تەڵەکەبازە ڕۆژێک بە دەستی خوشکەکەت دەکوژرێ... چەندم پێ خۆشە کیژەکەی هاورێت ببینم.

**ئەکتەر:** بۆچی؟!

**شێتی٢:** ئەوەی ئافرەتی خۆش نەوێت دەبەنگە... وا نییە؟ پاشان پێم خۆشە هەمیشە بە بەختەوەری بتبینم (*وەستانێک، بە خۆشەویستییەوە*) لەو باوەڕەدا نیت کە بەختەوەری وا لە مرۆڤ دەکات دوژمنترین کەسی خۆی لە بیر بچێتەوە؟

**ئەکتەر:** ڕەنگە...

**شێتی٢:** بەڵکو بە دڵنیاییەوە وایە... لە یادمە ماوەیەک لەمەوبەر یەکێکیان زۆر دڕندانە لێی دایت، ئێوارەش دوای ئەوەی کیژەکەی هاوڕێت بینی؛ چوویت بۆ لای ئەو کەسەی لێی دایت و ماچت کرد.

**ئەکتەر:** بەڵێ ڕاستە.

**شێتی٢:** بەختەوەری ئەفسوونی هەیە... چ ئەفسوونێک.

**ئەکتەر:** کەواتە تۆ چاودێریی هەموو هەڵسوکەوتێکی من دەکەیت؟

**شێتی٢:** لەبەر ئەوەی خۆشم دەوێیت.

**ئەکتەر:** بۆچی؟

**شێتی٢:** چونکە تۆ ڕقت لە ساختەیی و درۆکردنە... ئینسانێکی پاک و بێگەردیت... کیژەکەی هاوڕێشت، ئای خوایە... ڕوویەکی نەرمونیان.. دوو چاوی بێگەرد، لە دوایین سەردانیدا و بەو بەرگە بەهارییەوە لە گوڵێکی قەشەنگ دەچوو.

**ئەکتەر:** ئەمڕۆ میزاجت زۆر تەواوە.

**شێتی٢:** تەواو بوو، بەڵام دوای ئەوەی ئەو گایە بەر زللەی دام و شێوا... دای بە سەریشمدا... (*وەستانێک*) ئەم بەیانییە زۆر هێمن بووم؛ لەوپەڕی هۆشیاریدا

بووم (*وەستانێک*) دەزانیت ڕەنگی چاوەکانی کیژەکەی هاوڕێت چۆنە؟

**ئەکتەر:** (*خەیاڵ دەکاتەوە*) نەء...

**شێتی٢:** ئۆ... تۆ ورد بین نیت... چاکە، لە ڕەنگی بەڕوو دەچن... دەزانیت لە ژێر نەرمەی گوێی چەپیدا چی هەیە؟

**ئەگەر:** نا هەرگیز.

**شێتی٢:** خاڵێکی بچکۆلانە.

**ئەکتەر:** سەیرە...

**شێتی٢:** شوێنەواری زامێکی بچووکیش لە ژێر شەویلەیدایە...

**ئەکتەر:** ها ها ها ها... ئای کە زەینڕوونیت.

**شێتی٢:** (*ئاهێکی گەرم... بە دەنگێکی خەمگینەوە*) زۆر لە کیژە هاوڕێکەی من دەچێت.

**ئەکتەر:** بە ڕاست...؟ بەم بۆنەیەوە ئێستا ئەو کیژەی هاوڕێت لە کوێیە؟

**شێتی٢:** مرد... بە شێرپەنجەی جگەر.

**ئەکتەر:** ئۆو... ئۆو...

**شێتی٢:** ئای خوایە... ئافرەتێکی ساغ و دروست بوو... خۆشنیهاد بوو... هەموو گیانی خۆشەویستی و هێمنی و میهرەبانی بوو... (*وەستانێک*) لەناکاو وەری... هەر وەکو گوڵێک کۆتایی هات (*چەند لە قسەکردندا بەردەوام دەبێت هێندە تووشی وڕێنە دەبێت*) فرمێسکەکانیت دێنەوە یاد؟ زۆر بە هێمنی بە گۆناکانیدا دەهاتنە خوار... دڵۆپ

دوای دڵۆپ... (*وەستانێک*) چی؟! نایەتەوە یادت؟

**ئەکتەر:** نەخێر.

**شێتی٢:** ئەی لەگەڵمدا نەبوویت؟ لە تەنیشتمەوە نەوەستابوویت پێکەوە تەماشای فرمێسکەکانمان دەکرد چۆن بە هێمنی دەهاتنە خوارەوە، تۆیش بەردەوام بۆ سەردانم دەهاتیت.

**ئەکتەر:** من لێرە تۆم ناسی... لەم شوێنەدا ئازیزەکەم.

**شێتی٢:** (*خەیاڵ دەکاتەوە... چەند جارێک بە سەری خۆیدا دەدات*) لەمەوبەر بینیوتە لووی شێرپەنجە چۆن تەشەنە دەکات؟ چۆن گەورە دەبێت (*دەگری*) ئەم هەموو دواکەوتنە گەمژەیە لە پزیشکییشدا بۆ...؟ ئەگەر چاوێکی تیژی وەکو چاوی منت دەبوو؛ دەتبینی ئەو ئازارە بەندەی ناو ناخی مرۆڤ چۆن هاوار دەکات (*وەستانێک، بە ئازارێکی زۆرەوە*) بینیوتە ئازار چۆن وەکو مار لوول دەخوات؟ (*وەستانێک*) ئەگەر لەگەڵ مندا دەبوویت؛ بەڵکو لە گەڵمدا بوویت و لە بیرت نەماوە... ئاهـ.. کاتێک بە دیار هاوڕێکەمەوە بووم و لووەکەش ئەوی دەخوارد (*بە دەنگێکەوە لە فیشکەی مار دەچێت*)... ئازار... هەر وەکو شاڵاوی تینوێتی... ئەی هۆش... دەزانیت هۆش چی دەکات؟ تاوێک بە هۆی ئازارەوە کپ دەبێت و تاوێکی دی زیاد لە توانای خۆی کار دەکات. (*لە ئەکتەرەکە نزیک دەبێتەوەو توند شانی دەگرێت، پاش ئەوەی تووڕەییەکی هیستریانە ڕووی دەگرێت؛ شانی ڕادەوەشێنێت*)

ئازارێک... دەپاڕایەوە... وەکو تینوێتییەکی خنکێنەر... تینوێتییەکی بیابانیی کوشندە... ئاوەها شانی گرتبووم‌و ڕای دەتەکاند (*بە کوڵەوە دەگری*) دەیویست ڕزگاری بکەم... وای دەزانی ڕزگارکردنی بە دەست منە... ئای خوایە... دەمبینی هۆشی سێ ئەوەندەی توانای خۆی کاری دەکرد... (*بێدەنگییەکی درێژ بە گریانەوە*) تۆ لە چاوی مرۆڤ ورد بوویتەتەوە بەر لەوەی پاش چەند دەقیقەیەک بمرێت؟ دەزانیت چی دەکات؟ سەمای دواییني دەکات... سەمایەک تێکەڵ لە ئەوین و تامەزرۆیی و خۆزگە و... شەیدایی و ستەم و ماڵئاوایی ئەبەدی... ئای خوایە... لە سەمای چاوەکاندا کۆمەڵێک شەپۆلی هەستی شاراوەی نێو ناخ دەبینیت... (پێکەنینێکی خەماوی) بڕوام پێ بکە وەکو لازارۆس[٧] وابوو... دەیویست بە هەر نرخێک بێ بیژێنمەوە... (*بێئاگایانە زللەیەک لە ئەکتەرەکە دەدات و ڕای دەوەشێنێت*) بەڵام ئایا من دەتوانم ببمە مەسیح... مەسیح تەنها هەر خۆی مەسیحە... وا نییە؟

**ئەکتەر:** هێمن ببەوە خۆشەویستم... تکات لێ دەکەم... هێمن بە.

**شێتی٢:** (بێدەنگییەکی درێژ) ئەگەر مێردی خوشکەکەت جارێکی دی بۆ ئێرە دێتەوە.

**ئەکتەر:** تکات لێ دەکەم وەکو دواجاری هاتنی هەمدیسان هێرشی بۆ مەبە... بە هۆیەوە ئازارێکی زۆریشت چەشت... بە تەنها ڕقت لێی ببێتەوە... ڕقلێبوون زۆرە...

**شێتی٢:** چاوەکانی... ئاهـ.. ڕق و کینەیەکی سەیریان تێدایە... هیچوپووچییەکی ڕاستەقینە... دوژمنایەتی و چاوچنۆکی (*وەستانێک*) لە چاوەکانی شاعیرێکی بێبەهرە دەچن کە بوو بە هۆی وازهێنانم لە جیهانی شیعر... پیلانی دژ بە بەهرە شیعرییەکانم گێڕا... کاتێک قەسیدەکانی خۆمم پیشان دەدا، دەستی بە چەنەبازی و ئامۆژگاریم دەکرد، بە زاراوەی ئاڵۆز و زمانێکی ئاڵۆزتر دەدوا... تا لە کۆتاییدا قەناعەتی پێ هێنام کە هەرگیز نابم بە شاعیر، بە شێوەیەکی سەیر دەستی بەسەرمدا گرت... بە تایبەتی بەسەر بیروباوەڕمدا... ئاهـ.. بەهرەمەند بووم، دەسبەرداری جیهانی شیعر بووم... (*وەستانێک، بە ئازارەوە*) بەهرە بەبێ ئیرادە هیچ نییە... بڕوا بکە ژیان هەمیشە قێز لە مرۆڤی ترسنۆک دەکاتەوە، بەڵێ... کەسیش لە ئامێز ناگرێت ئەوانە نەبێت کە بە ئازایەتییەوە ڕووبەڕووی دەوەستنەوە، من وەکو مەڕ خۆم بە دەستەوە دا و وازم لە جیهانی شیعر هێنا، (*بێدەنگییەکی درێژ، چەند هەناسەیەکی گەرم هەڵدەکێشێت و بە سەری خۆیدا دەدات*) کیژەکەی هاوڕێت گوڵێکی جوانە... پێویستە لە ناخی تێبگەیت.

**ئەکتەر:** تۆزێک هێمن نابیتەوە؟

**شێتی٢:** هێمن ببمەوە... من زۆر خەمبارم هاوڕێم... یارمەتیم بدە خەمەکانم بڕەوێنەوە... (بە دەنگێکی نەرم و

*کاریگەرانە*) گوێ بگرە... نەهێڵیت کیژەکەی هاوڕێت وەکو ژنەکەی ئەو گایە دەبەنگە پایەی ڕەوشتیی خۆی ون بکات (*وەستانێک*) چونکە ئەگەر ئافرەت پایەی ڕەوشتیی خۆی ون کرد، پەنا دەباتە بەر نزمترین کردەوە لەپێناوی گەیشتن بە مەرامەکانیدا (*بێدەنگییەکی درێژ... وڕێنەکەی تووش دەبێتەوە*) بۆچی شتەکان لە مێشکمدا لێک پچڕاون، چیم دەوت؟ من... بۆچی لەناکاو بیرم دەشێوێت و شیرازەی دەپچڕێت؟ (*بێدەنگییەک*) کیژەکەی هاوڕێت لە کوێیە؟ بۆچی نەهات؟ بە ڕاست لە کوێیە؟

**ئەکتەر:** لە شوێنێکە لەم شارە.

**شێتی٢:** لە عێراقی کۆندا ئەم شارە ناوی «ئاراپخا» بوو، ئەم شارە شارێکی شێت و بەدبەختە (*گوێی لە لێزمەی باران دەبێت*) باران...

**ئەکتەر:** لێزمەی بارانی بەهار بەخوڕە!

**شێتی٢:** (*وڕێنەکەی زیاد دەبێت*) تۆش لێرەدا... لە مێشکتدا شەپۆلەکانی بیرت لێک دەپچڕن؟ ئاوەها لەپڕ... هەر وەکو شەپۆلی تەلەگراف (*وەستانێک، بە سەرسووڕمانێکی زۆرەوە*) سەر جیهانێکی سەیرە! کۆمەڵێک تەلی لێکئاڵاوە.

**ئەکتەر:** بەڵێ... بەڵێ... (*بارانەکە بەخوڕتر دەبارێت*)

**شێتی٢:** عێراقییە کۆنەکان پاش وشکەساڵییەکی درێژخایەن؛ کاتێک بارانێک دەباری، هۆکەیان دەگەڕاندەوە بۆ باڵندەیەکی لۆزەندەر... ناوەکەیم لە یاد چووە...

**ئەکتەر:** باڵندەکە چی دەکات؟

**شێتی٢:** ئەم باڵندەیە دوای ئەوەی بە هۆی باڵەکانییەوە ئاسمان بە هەوری گەردەلوول دەتەنێت، دێت تا خەڵک ڕزگار بکات (*وەستانێک*) لەو باوەڕەدام هەر ئەو باڵندە ئەفسانەییە ئێستاش بارانی بۆ شاری ئاراپخا هێناوە... ئاراپخا شارێکە خاوەن پاکیزەییەکی پەنهانە... وا نییە؟

**ئەکتەر:** بەڵێ.

**شێتی٢:** ئاراپخا شارێکی ناسکە... سپییە... خەونینە... (*وەستانێک*) تۆ ناوی –نمۆ– ی خواوەندت بیستووە؟

**ئەکتەر:** نەخێر...

**شێتی٢:** خواوەندی باپیرە کۆنەکانمانە... سۆمەرییەکان... خواوەندی سۆمەری –نمۆ– دوو خواوەندی لێ بوو؛ خواوەندی نێر –ئانۆ– کە خواوەندی ئاسمانە، هەروەها خواوەند –گی–.

**ئەکتەر:** (*بە سۆزەوە بە سەر شانیدا دەدات*) تۆزێک هێمن نابیتەوە...

**شێتی٢:** من... باسی... شاری ئاراپخا دەکەم... باسی خواوەندی بای سۆمەری –ئینلیل– و خواوەندی مانگ –نانا– ... ئەمانە شارستانێتیان خوڵقاند (*بێدەنگییەکی درێژ*) بڕوام پێ بکە سکاڵای خۆم لای ئەو خواوەندە دەکەم تا تۆڵەم بسەننەوە... هەروەها تۆڵەم لەو گایەش بکەنەوە کە مێشکمی تێک دا (*بە سۆزەوە*) چاکت کرد منت لە دەستی ڕزگار

کرد... ئای خوایە... هەرچەند لێم دەدات دەڵێت تۆ لە دۆستی ژنەکەم دەچیت... ها ها ها ها... ئای لەو تووڕەییە ڕەشەی... کاتێک هەڵدەچێت، ئیتر کوێر دەبێت و هیچ نابینێت. (*بێدەنگییەکی درێژ*) کیژەکەی هاوڕێت لە دوایین سەردانیدا زۆر خەمبار بوو...

**ئەکتەر:** دەزانم.

**شێت:** خەمبارییەکەی لە خەمباریی زەنگی مردووناشتنی دەکرد (*تاوێک بارانی بەخوڕتر دەبارێت*) دوای ئەم بارانە شارەکەمان دەبووژێتەوە، من هەمیشە دوای باران بە گەڕەکەکانیدا دەگەڕێم و هەموو دیمەنەکانی هەڵدەمژم... (*بێدەنگییەک*) خوشکەکەت لە ڕووی درۆدا میزاجی و هیستیرییە... ڕاستە ئەو ساختەچییە پاکیزەییەکەی پیس کردووە؛ بەڵام تۆڵەی خۆی دەسەنێتەوە (*وەستانێک*) تۆش دەگەڕێیتەوە ناو خێزانەکەتان... هەروەها بۆ لای ئەو گوڵە جوانەش... کیژەکەی هاوڕێت؛ بەڵام من و ئەوانەی دی و گاکە... گۆڕەکانمان لێرە دەبن (*وەستانێک، بە دەنگێکی پڕ کاریگەری و خەمەوە*) ئێمە خەونەکانی خۆمانمان ون کرد؛ بەڵام تۆ لە کۆمەڵێک خەونی خۆشدا دەژیت... من فەرمانی پەرتەوازەیی هەمیشەییم بەسەردا دراوە... فەرمانی تێکچوونی شیرازەی بیر و ڕا و خەیاڵو خەونەکانم (*وەستانێک*) تکا دەکەم کە کاتی خۆی هات، یادی ئەم تەنیاییەم بکەیتەوە کە لێرە بەسەری دەبەم... یادی شاعیرێکی سەرنەکەوتوو...

عاشقێکی سەرنەکەوتوو... یادی شێتێکی بێوەی بکەرەوە... (*وەستانێک*) کاتێک لەگەڵ هاوڕێ ناسکە جوانەکەتدا دەبیت یادم بکەرەوە (*وەستانێک*) مێردی خوشکەکەت زۆر ناژی.

**ئەکتەر:** بۆچی؟ چۆن؟

**شێتی۲:** ئێی... خەیاڵی شێتێکە هەمیشە ڕاست دەکات.

**ئەکتەر:** تەنها خەیاڵە یان...

**شێتی۲:** چاوچنۆکی شتێکی سامناکە... فیرعەونەکان دەیانوت «ئەوەی کێڵگەی بە گوناهـ ئاو بدات، درۆی تێدا دەڕوێت و خۆیشی هەتاهەتایە چەرمەسەری دەبینێت، ئەوەی درۆ گەشە بە سامانەکەی بدات، منداڵی نابێتو میراتگری نابێت و کەشتییەکەی لە شارەکەی لەنگەر ناگرێت... پیاوی چاوچنۆک پێویستی بە سەرکەوتنە، بەڵام لە نائومێدیدا، سەردەکەوێت.»

**ئەکتەر:** تۆ شتی زۆرت لەبەرە.

**شێتی۲:** وەک هەموو شاعیرێکی سەرنەکەوتوو. (*دەنگی بەرپرسیارەکە دەبیسترێ، دەرگاکە دەکاتەوە... نایەتە ژوورەوە*).

**بەرپرسیار:** وەرن ژەمەنانەکەتان بخۆن... دوو هەستیارەکە... دوو شێتەکە... دوو هۆشمەندەکە... (*وەستانێک*) تۆش ئەی کەللەڕەق... کیژەکەی هاوڕێت بۆ سەردانت هاتووە.

**شێتی ۲:** (*بە شادییەکی منداڵانەوە*) هات... گوڵی بەهار هات... بجووڵێ... (*دەچنە دەرێ*).

**کۆتایی**[٨]

* ئەم شانۆنامەیە کاتی خۆی و لە سەرەتای هەشتاکاندا، نووسەر واتە جەلیل قەیسی خۆی بە دەسنووس بۆی ناردم و ئەمە دەقی وەرگێڕراوی دەسنووسەکەیە و هیچی لێ لانەبراوە، بەڵام دواتر کە نووسەر لە کتێبێکدا و لەگەڵ چەند شانۆنامەیەکی تردا چاپی کرد، کەمێک دەسکاریی کردبوو.

* شایانی ئاماژەپێدانە کە ئەم شانۆنامەیە لە سەر شانۆی چالاکیی قوتابخانەکان و لە ڕۆژی ١٩٨٥/١٠/١٥ەوە لە لایەن کۆمەڵێک لاوەوە لە سلێمانی بۆ ماوەی دوو هەفتە پێشکەش کرا، لە دەرهێنانی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو «حسین میسری» بوو.

شانۆنامەی

# ئەی شاعیران...ماڵئاوا

جەلیل قەیسی

## دیمەن

باخچەیەکی فراوانە لەو باخچانەی لە بەهاردا و بە تایبەتییش لە ڕۆژانی پشوودا خەڵکێکی زۆر ڕووی تێدەکەن.

لای چەپی شانۆوە دارگێلاسێک هەیە، لە دوورەوە کۆمەڵێک خانووی دار و *«خاچی کڵێسەیەک کە دەبریسکێتەوە، دەبینرێن، زەویی باخچەکە بە گەڵای وەریو داپۆشراوە.*

*تاوتاویش شنەبایەک هەڵدەکات و لەگەڵ خۆیدا ئاوازەکانی ئۆرگۆنی یەکێک لە - کانتاتە-کانی «باخ»ی مۆسیقار دەهێنێت... ڤنسنت ڤان گوخ بە هەنگاونانی قورسەوە دێتە ژوورەوە، نەخۆشە، ماندووە، غەمبارە و ڕەنگیشی زەرد هەڵگەڕاوە.*

*جاربەجار بەوپەڕی ماتەمینییەوە و هەندێ جاری تریش بە ورێنە و بە ئازارەوە و ناوبەناویش بە مەنتیقێکی جوانەوە دەدوێ...»*

**گوخ:** (*گوێ بۆ ئاوازەکانی ئۆرگۆنەکە ڕادەدێرێ*) ئاهـ.، ئێستا لە توانامدایە «باخ»ی مەزن بهێنمە بەرچاوم کە چۆن لە پشت ئۆرگۆنی کڵێسەکەوە دانیشتووەو بەدوای ئیمان و ئاوازدا دەگەڕێ... ئای باخ، چەند بە کەللەڕەقییەوە دەگەڕا و لە کەشە ئایینییەکانەوە ئیلهامی وەردەگرت تا کەمێک ترس و ملکەچی و ئازاری پەشیمانیی خۆی بڕەوێنێتەوە (*سەبیلەکەی*

*دەردێنێ و بە جۆشەوە خەریکی دووکەڵکردن دەبێت و لەبەر خۆشییەوە وردەوردە ئەو ئاوازە دەڵێتەوە کە خەریکە دەنگی نامێنێ*). باخ خەیاڵێکی مەزن بوو... (*چەند برگەیەکی ئاوازەکە دووبارە دەکاتەوە، لە دارگێلاسەکە ورد دەبێتەوە... لە ئاواز وتنەوەکەیش دەوەستێ... لەگەڵ دارەکەدا دەدوێ*) تۆیش نەخۆشیت؟ (*قەدی دارەکە دەگرێت*) درەختە نەشمیلانەکە... تۆیش وەک من گیانت پڕ بێزارییە؟ تۆ بڵێی کاممان ئەوی ترمانی نەمر کردبێت! من لە تابلۆکەمدا، یان تۆ وەکو بوونێک؟[٩] ڕۆژانێکی درێژ ماندوو بووم بە دەست گواستنەوەتەوە بە هێمنی و بێدەنگی بۆ سەر پارچە قوماشەکەم (*وەستانێک*)، بەڵام تۆ ئێستا جوانتریت... ئای خوایە کە قەشەنگ و نازدار دیاریت لە ژێر ئەم خۆرەتاوە هەنگوینییەدا... خۆرەتاوی پاییز، ئای فاوست چەندە ڕاستت کردووە کە وتووتە:
زەمەن بوەستە، لەبەر ئەوەی جوانیت... (*لە درەختەکە ورد دەبێتەوە*) تۆ ئێستا لە ژێر ئەم خۆرەتاوە هەنگوینییەدا زۆر جوانتریت، ئەو ڕۆژەی نیگارم کێشایت، ئەمەی ئێستا نەبوویت – چەند لێت ڕامام و دەوروخولم دایت، چەند بیرمت گۆڕی و شوێنت پێ گۆڕیم و ڕەنگت پی گۆڕیم... ئای خوایە... هەر وەکو ئافرەتێکی ئەفسوونباز ئێستا بە شێوەیەکی دی دێیتە پێش چاو (*شنەبایەک هەڵدەکات و گەڵا وەریوەکان بەملا و ئەولادا پەرش دەکات، گوخ*

دەنووشتێتەوە و گەڵایەک *هەڵدەگرێتەوە*)، زەرد وەک ئەوەی تووشی سیل بووبێت، (*ئاخێکی قووڵ هەڵدەکێشێت)* ئێی... پاش چەند ڕۆژێکی دی زستان دێ و پاشانیش بەهار، لەگەڵ بەهاریشدا خۆزگە و ئاوات و خەون و ئەوین دێن، دووپاتبوونەوەیەکی بێزارکەر و خۆشیشە... ئای سروشتە جوانەکە، هەر خۆت زمانی شارستانێتییەکەی ناوەوەی خۆت دەزانیت، بە تەنها هەر خۆیشت وەک پرتویس١٠ چۆنت بوێت، لەگەڵ وەرزەکانتدا خۆت دەگونجێنیت (*دەست بە دووکەڵکردن دەکاتەوە و چەند برِگەیەکی ئاوازەکەی باخیش لەبەر خۆیەوە دەڵێتەوە*) *بە دەوری درەختەکەدا دەسووڕێتەوە... سەیرێکی ئاسمان دەکات*).

ئەم هەورە کۆچەرییانە چەند جوانن! تۆ بڵێی چ نیگارکێشێک بتوانێ نیگاری ئەو هەورە هەڵچوانە لە کاتی کۆچکردنیاندا بکێشێت؟ دەبێ بۆ کوێ کۆچ بکەن...؟ لەوانەیە بەرەو ئەو دوورگە دوورانە بچن... بۆ تاهیتی، ئەو شوێنەی گۆگانی خۆشەویستی لێ دەژی... گۆگان.

(*بە دەنگێکی غەمگینەوە*) ئاهـ.. ئێستا تۆ لە کوێیت ئەی بەهرەمەندە مەزنەکە... ئەی ئەوەی بە زۆر خۆمان لە تابلۆ مەزن و قسە خۆشەکانت هەڵدەقورتاند.

(*وەستانێک*) ئێی... گۆگانی توندوتیژ هەمیشە دڵی خۆی بۆ واڵا دەکردین تا لێوەی بچینە

گشت دەروازەکانی داهێنانەوە... (*بە دەنگێکی لەرزۆکەوە*) ئێستا بە تەنیا دەژیت (*هەر وەک ئەوەی گۆگان لە بەردەمیدا بێت و لەگەڵیدا بدوێت*) گۆگان، دەزانم بۆیە ڕاتکرد و ڕۆیشتیت، چونکە بەدوای جوانیی پاکیزەدا دەگەڕایت.. بەدوای هەژانی بێگەرد و کەفوکوڵی ڕاستەقینە و گەرموگوڕیدا دەگەڕایت.

(*بە دەنگێکی خنکاوەوە*) دەزانم گۆگان، تۆ لە فەیلەسووفەکانی یۆنان دەچیت (*دەداتە قاقای پێکەنین*) ها... نا نا... نا... قەشمەریت پێم نەیەت، تۆیش وەک فەیلەسووفەکانی یۆنان باوەڕت وایە کە ترس و تۆقینی تەواو مەرجی پێویستە بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێتە دانا و داهێنەری جوانی.

(*وەستانێک... سەبیلەکە دەکێشێت*) تۆ بڵێی ئەوێ جگە لە دارستانی فراوان و دەریای زومرووتئاسا و باڵندەی ڕەنگاوڕەنگ چیی تری لێ بێت؟

ئای گۆگان، تەنها من دەزانم کە چەندە تینووی کۆچکردن و بینینی ئەو دوورگە دوورانە بوویت، لێرە بۆرجوازییەت بێگەردی و جوانیی بۆگەن کردووە... ئێی گۆگان، خۆزگە بە خۆت و فڵچەکەت و قوماشەکەتەوە کە بە ناو ئەو جەنگەڵستانانەدا مل دەنێیت، دەمبینیت تا بمزانیایە چۆن دیمەنەکان و ئافرەتە مانگۆفرۆشە ئەسمەرە ڕووت و خەواڵووەکان ڕاو دەکەیت (*دەست بە پێکەنینێکی هیستیری دەکات*) تۆ عاشقێکی گەورەیت، بەڵام

ئەقڵ دەیبڕێ تا ئێستا ماندوو نەبوویت! باشە ئەی ئەو کەسەی هەموو پاریست سەرسام کرد، بێزار نەبوویت؟ لەو جەنگەڵستانانە تاقەتت نەچوو؟ ئای گۆگان، ئیرادەیەکی چەند پتەوت هەیە (*وەستانێک... بێدەنگی، (ئاوازی «کانتاتە»کەی باخمان) دێتەوە بەر گوێ*) بەڵام ئازیزەکەم، لە جیهاندا هیچ هونەرێکی مەزن و جوان نییە زۆرمان لەسەر نەکەوێ... (*ئاوازەکە بەردەوام دەبێت و گوخیش لەبەر لێوەوە چەند برگەیەکی دەڵێتەوە*) گۆگان تۆ بڵێی جاربەجار یادم بکەیت؟

لەوانەیە... چونکە وا تێدەگەم لەو جۆرە کەسانە نەبم کە زوو لە بیر دەچنەوە... ها ها ها.. وا نییە؟ بێگومان یادم دەکەیت و لە دڵی خۆیشتدا دەڵێیت: مرۆڤێکی چاک و بێگەردە، بەڵام گاڵتە و قسەی خۆشی کەمە – ها ها ها ها... (*بە چپە*) ئاهـ.. باشە گۆگان یەکێکی وەکو من کە هەموو تەمەنی منداڵیی پڕ بووبێت لە ترس و لەرز و چەوسانەوە، قسەی خۆش و گاڵتە لە کوێ بهێنێت (*بە دەنگێکی غەمگین و کزەوە*).

هەمیشە دەبوایە غەمبار و دڵتەنگ بوومایە (*زەردەخەنەیەک دەکەوێتە سەر لێوی و هەندەی پێ ناچێت دەگۆڕێت بۆ پێکەنینێکی هیستیری*) ئەی تۆ؟ ئاخ لە تۆیش، لەگەڵ ئەو مۆنی و گرژییەشتدا هەمیشە خۆشنوودی لە ناوەوە ڕووناکی دەکردیتەوە، جا ئایا یەکێک وەک تۆ

بێت، دەزانیٚ نائومێدی چییە؟ نەخێر... هەرگیز... ئێمە هەموو لەو ڕەقی و هێمنی و سەرسەختییەت سەرمان سووڕدەما... ها گۆگان، بۆچی لە نامەکانتدا دەڵێیت کاتێک بیر لە من دەکەیتەوە، یەکسەر فرمێسکەکانمت دێتەوە یاد، ئەو فرمێسکانەی سڵیان لیٚ دەکەیتەوە... مەبەستت کام فرمێسکانەیە؟ فرمێسکە بێدەنگەکانم؟
باشە تۆ بڵێی فرمێسکی بێدەنگ هێندە ترسێنەر بێت؟ (*وەستانێک، بۆ جارێکی دی سەبیلەکەی دادەگیرسێنێتەوە و بە گوڕەوە دووکەڵ دەکات*) ئێی گۆگان... ئەو سەردەمەی تۆم دەناسی، ژیان لە گیانمدا هەڵدەقولا، پێم دەوتیت با هەر وەک «با» ئیش بکەین، تۆیش دەتوت ڤنسنت سەبرت هەبێت (*بە دەمارگرژییەوە*) پێم دەوتیت: گۆگان، کەمیڵ دێمۆلان[11] لە بیستوسیٚساڵیدا توانیی بەندیخانەی باستیل وێران بکات، تۆیش وەڵامت دەدامەوە: ئەمە ڕاستە... بەڵام دروستکردنی کاسێدراڵی گەورەیش هەروا گاڵتە نییە، ها ها ها ها... (*دەوەستێت... سەبیلەکەی دەکێشێت... پاڵ بە قەدی دارەکەوە دەداتەوە... دەنگەدەنگ و پێکەنین و مقۆمقۆی پچرپچڕ لە دەرەوەی شانۆ دەبیستریٚ... گوخ سەیری خاوەن دەنگەکان دەکات، کە هێشتا نەهاتوونەتە سەر شانۆ*).

**دەنگی**

**کیژێکی لاو:** (*بە ناسکییەوە*) ئازیزەکەم... پاییز هەمیشە وا

مات و مەلوولە، دێت و چی لە سروشتدا هەیە، تووشی زەردوویی دەکا...

**دەنگی**

**پیاوێک**(١): هەموو ئەم سروشتە دەوڵەمەندەش لە نەبوون هەژارتر دەکات. (*گشتیان پێدەکەنن*) هەتا پاریسی قەشەنگیش لە پاییزدا وەکو بێوەژنی لێ دێ (*پێدەکەنن*).

**دەنگی**

**پیاوێکی تر**(٢): بەڵام گوێ بگرن، لەگەڵ ئەم ماتەمینییە پڕئازارەشدا، پاییز تامی خۆی هەیە...

**دەنگی**

**کیژە لاوەکە**: بەڵێ تامێکی ترش... تامێکی مەلوول، تکایە ئەگەر قەشمەری دەکەیت... تامی چی؟ بە کورتی، سروشت لە بەهاردا وەکو منداڵێکی ماندووی خەواڵووی لێ دێت.

**دەنگی**

**پیاو**(١): چی! خەواڵوو؟ بە پێچەوانەوە ئازیزەکەم... لە پاییزدا دەکەوێتە نەڕەنەڕ ، پاییزان دەست بە هەناسەدانەوە دەکات... بەڵام هەناسەوەرگرتنە تووڕەکەی...

**دەنگی**

**کیژە لاوەکە**: ڕەنگە... من پاییزان هەست بە ماتەمینییەکی زۆر دەکەم و سۆزم بۆ زۆر شتی نادیار دەبێت... (*وەستانێک*) دەی با لێرەدا پرۆڤەیەک بکەین، تەنها دوو هەفتەمان بۆ پێشکەشکردنی شانۆییەکە ماوە (بە *سەرمەستییەوە*) خۆشترین و جوانترین شت

لەم وەرزە غەمگینەدا ئەوەیە کە ئێمە وەختی خۆمان یا بە پرۆڤە یان بە لەبەرکردنی وشە قورسەکانی «کۆرنای»ەوە بەسەر دەبەین، دەی لاپەڕە ۱۰۷ بکەنەوە... پرۆڤە لە دیمەنی شەشەمدا دەکەین... دەی هۆراسی پیرەمێرد...

(*بە گاڵتەکردنەوە*) هۆراسی پیرەمێرد لە قووڵایی ڕۆمای دێرینەوە قەڵەمباز بۆ ئەم باخچەیە دەدات... دەی هۆراسی ئازیز، دەست پێ بکە.

**هۆراس:** (*ئەم دیمەنەی شانۆنامەی هۆراس*۱۲ *وا* پێشکەش *دەکرێ وەک ئەوەی ئەکتەرەکان لە سەر تەختەی شانۆ بن*) ها جۆلیا... بۆیە هاتوویتە ئێرە تا مژدەی سەرکەوتنمان بدەیتێ؟

**جۆلیا:** بەڵکو هاتووم تا دوایین هەواڵەکانی گەرمەی جەنگت پێ ڕابگەیەنم، کوڕەکانت شکستیان هێنا و ڕۆماش کەوتە چنگی ئەلباوە، لە یانەکەش دوانیان کوژراون و تەنها مێردەکەی ماوەتەوە...

**هۆراس:** ئای کە کۆتاییەکی شووم بوو بۆ ئەم جەنگە خەمهێنەرە، ڕۆما سەرشۆڕی ئەلبا بێت و ئەویش تا دوایین هەناسەی لەپێناویدا نەجەنگێت، نا نا... ئەستەمە ئەمە ڕاست بێت... جۆلیا تۆیان هەڵخەڵەتاندووە... ڕۆما تێکبشکێ و کوڕی منیش زیندوو بێت... من خوێنی خۆم چاک دەناسم و ئەویش ئەرکی خۆی باش دەزانێ.

**جۆلیا:** هەزارانی وەکو من لە پشت شووراکانەوە توانییان ئەمە ببینن... زۆربەی خەڵکی سەرسام کرد، بەڵام

کاتێک خۆی بە تەنیا بینییەوە بەرامبەر سێ دوژمنیەتی و خەریکن دەوری بگرن، هەڵهات و خۆی ڕزگار کرد.

**هۆراس:** ئەی ئەو سەربازانەمان کە خیانەتی لێ کردن، نەیاندۆزییەوە؟ ئەو ترسنۆکەیان خستە ڕیز خۆیانەوە؟

**جۆلیا:** دوای ئەو تێکشکانە دڵتەزێنە حەزم نەکرد هیچی تر ببینم.

**گوخ:** (*بە گەرمییەوە چەپڵە لێدەدات*).

ئای کە جوان ددان بە وشەکاندا دەنێیت، خۆشی دەڵێیت، گەر ئێستا کۆرنای زیندوو بوایە و گوێی لێتان بوایە، تێر ماچی دەکردن... (*تووشی حاڵەتێ لە حاڵەتە هەڵچووەکانی خۆی دەبێت*) جۆلیا تۆ زۆر ناسک و نازداریت... ئای کە کیژێکی ڕۆحسووکیت... بێگومان ئەو جۆلیایەی کۆرنای وێنەی کێشاوە، لە تۆ دەچێت... ڕوخسارت چەند جوانە، هەر لە ڕوخساری کیژۆڵەیەک دەچێت (*بە گەرموگوڕییەکی زیاترەوە*) من دەتوانم نیگارت بکێشم... دەتوانم نیگاری دەنگە ناسک و بەسۆزەکەشت بکێشم (*کچەکە پێدەکەنێت*) گاڵتەت پێ نەیەت جۆلیا... ئاهـ.. سوێند دەخۆم کە دەنگی تۆ لە دەنگی ئیسرافیلیش خۆشترە... دەزانیت ئیسرافیل کێیە؟ نەء...

ئیسرافیل سازژەنی فریشتەکانە و خاوەن نەرمترین دەنگە لە نێو هەموو ئافەریدەکانی تردا... (*بە غەمبارییەوە*) جۆلیا... ڕۆژێک بە خەیاڵی خۆم

نیگارێکت دەکێشم... من خاوەن خەیاڵێکی گەرمم جۆلیا... دەتوانم هەموو شتێک بهێنمەوە یادی خۆم و بیخەمە ژێر ڕکێفی خۆمەوە... (*وەستانێک، بە ترس و بە شەرمەوە)* تەنها ڕستەیەکی کۆرنای دووپات بکەرەوە تا دەنگت بە تەواوی لە خەیاڵمدا بنەخشێنم... دەی فریشتەکە... جۆلیا، وا بزانە من بینەرم... من لە سەد بینەر بەتواناترم... دەی، ئەو دێڕە جوانانەی لەبارەی جەنگ و ئەو لایەی سەرکەوتنی بە دەست هێنا، دووبارە بیانلێرەوە دەی...

**دەنگی**

**کیژە لاوەکە:** ئەوە ئەو نیگارکێشە شێتەیە کە ماوەیەک لەمەوبەر گوێی خۆی بڕیبوو... با بڕۆین... (*دوور دەکەونەوە، گوخ چەپڵە لێ دەدات... بە دەنگێکی پڕ ماتەمینی و ئازارەوە*).

**گوخ:** ئای جۆلیا... هەزار خۆزگە بەو کەسەی ڕۆژێک لە ڕۆژان پەی بە کلیلەکانی دڵت دەبات... ئێی... تۆ ناخی خەڵکی دەبزوێنیت و سەرسامیان دەکەیت... بگرە بەو جوانییەتەوە ئیلهام بە زۆر کەسانیش دەبەخشیت... (وەستانێک، سەبیلەکەی دەکێشێ) ژن... جگە لە ژن کێ هەیە بتوانێ جوانیی ناخی پیاو بەدی بکا و بیدۆزێتەوە... هەر بۆیەشە لوتریک١٣ سەری کردووەتە سەر ژن و هەمیشە کڵپاوی و شاد و قەشمەر و بەدمەستە. (بێدەنگی) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەزانم ئەعسابی چەند ئازاری دەدات(وەستانێک لەپڕێکدا دەداتە قاقای پێکەنین)

هەر ئافرەتە شێتی ئەون و خۆیانی بەسەردا دەدەن، کەچی کە منیش دەبینن لێم هەڵدێن... باشە بۆچی؟ چی لە دەموچاومدایە وایان لێ دەکات قێزم لێ بکەنەوە... تۆ بڵێی من ئەوەندە ناشرین بم؟ هەتا کریستینی١٤ تێکشێواو و پشتکۆم و سۆزانییش حەزی نەدەکرد هیچ یارمەتییەکی بدەم و هیچ بەزەییەکم پێیدا بێتەوە و هەڵهات... وارسۆلای پوورزام، نازانم بۆ لێم دەترسا و بگرە لە سۆز و خۆشەویستییەکەشم دەترسا... خوایە تۆ بڵێی بەختم ئەوە بێ لە ژیاندا هەر ئافرەتێ لە قووڵایی دڵمەوە خۆشم بوێت، بۆم نەبێت... یان هەتا ئەوەی کە بەزەییشم پێیدا دێتەوە؟ بۆ؟
لەبەر ئەوەی من کە یەکێکم خۆش دەوێ، بە دڵسۆزییەوە خۆشم دەوێ؟ ئێی... لەوانەیە جۆرە دەبەنگییەکیش لە دڵسۆزیدا هەبێت...
(*وەستانێک*) ئەی گۆگان... هەر ئافرەتە خۆیان بەسەر دەست و پێیدا دەدەن و ئەویش زڵلەیان تێدەسرەوێنێت (*بە دەنگێکی نزم و غەمگینەوە*) منیش تا ئێستا نەبووە ئافرەتێکم خۆش بوێ تووشی ئازار و ئەشکەنجەم نەکات (*بە تووڕەییەوە وەک یەکێک گلەیی بکا*) باشە بۆ تۆزێک ئارام ناگرن تا بزانن چ ناخێکی هەژاو و کڵۆڵم لەگەڵ خۆمدا هەڵگرتووە... بۆ سەبر ناکەن تا بزانن چەندە تیژبینم و چەندە شتی نادیار دەبینم کە زۆری دیکە نایبینن (*وەک یەکێک بگری*) خوایە...

هەموو گیانم پڕ خۆشەویستیی مرۆڤە، بەڵام جگە لە سیو١٥ی ئازیز، کەسێک نەبووە منی لە دڵەوە خۆش بوێت (*هاوار دەکات*) سیۆ... سیۆ (*بە دەستێکی لەرزۆکەوە سەبیلەکە دادەگیرسێنێتەوە و دەیکێشێت و بە دەوری دارەکەدا دەسووڕێتەوە... هاوار دەکات*) سیۆ، کێ دەتوانێ هەڵچوونەکانی ناو ناخم هێمن بکاتەوە... کۆمەڵێ زریانی پێکهاتوو لە بیر و ڕەنگ و چەندین بابەت لە ناوەوە دەمهەژێنن، (*هەر وەکو سیۆ لە بەردەمیدا بێت و لەگەڵی بدوێت*) سیۆ... لە ئازارچەشتندا گەیشتوومەتە ئاستێکی وەها تەنانەت گەورەترین سەرکەوتنیش لەمەودوا ناتوانێ ڕزگارم بکات. ونبوون... شکستهێنان... گاڵتەپێکردنی ڕەخنەگران و هیچوپووچیی کۆمەڵێ خەڵکی پووچەڵ... ئەم پیلانگێڕییە بێدەنگ و ئەنقەستانە چی بەختەوەری و ئاواتم هەبوون هەموویان لەگەڵ خۆیاندا برد... (بە *دەنگێک کە لە فیشکەی مار دەچێت* ) من وا بەرەو شێتبوون دەچم...

سیۆ شێتبوون چۆن دەست پێ دەکات؟ بە زنجیرەیەک شکست و فەشەلهێنان... ئاخ، ژیانی منیش هەمووی شکستە سیۆ، جگە لە خۆیشم کێی تر ئەم هەقیقەتە دەزانێ!!؟ کاتێک دەڕوانمە ئاسۆی ژیانم و ئەو پرۆژانەی لە سەری نەخشەم کێشان، چی دەبینم؟ کوێرەڕێیەکی چواردەورتەنراو و ژیانێکی پڕ لە ئەشکەنجە... بەڵێ، منێک کە هەمیشە

خەونم بە سەرکەوتنی ئەو پرۆژانەوە دەبینی کە دەستم دەدانێ... (*وەستانێک... بە تووڕەیی و ئازارەوە*) هەتا لە تابلۆفرۆشتنیشدا سەرنەکەوتم، کۆمەڵێک بۆرجوازیی چەپەڵ بە ڕق و کینەوە لەم بارەیەوە دووابوون...

ئەم دڕندانە دەچن مۆڵێک پارە دەدەن تا تابلۆی بێڕۆح و مردوو بکڕن، کەچی قێز لە تەماشاکردنی جووتیاران و کرێکارانی ناو تابلۆکانی من دەکەنەوە... کاتێک پێیان دەڵێم پێویستە لە تابلۆدا هەموو شتێ ببزوێت، ڕەخنەگرەکان پێدەکەنن و قەشمەریم پێ دەکەن، کە پێیان دەڵێم کاتێک نیگار دەکێشم، جووڵە لە گشت شتێکدا بەدی دەکەم... چی ڕووی داوە و چییش لە سروشتدا... لە دیواردا... لە دار و درەختاندا... لە ڕوخساری ئادەمیزاددا ڕوو دەدات، دەتوانم هەموویان ببینم، هەر پێم پێدەکەنن.

سیۆ ئیتر چیت بۆ باس بکەم... دەستم دایە هەر کارێک، تێیدا سەرنەکەوتم... بەڕێوەبەرێتیی قوتابخانە... پەرتووکفرۆشتن... قەشەیی و پاشانیش کرێکاری لە کانەکاندا... ئای سیۆ... لەوێ لە قووڵایی ئەو کانانەدا هەستم بەو زۆردارییە نامرۆڤانەیە دەکرد کە لەگەڵ ئەو ئادەمیزادە کڵۆڵانەدا دەکرا... ئای کە ژیانێکی تاڵ و مردوو و هیچیان هەیە... خۆزگە دەمزانی چیم لە توانادایە بۆیانی بکەم... ئێی برا باشەکەم، تۆیشم بە ڕاز و

گلەیی و بۆڵەبۆڵ و نەگبەتی و ئاواتە درۆکانمەوە بێزار کرد.

(*زەردەخەنەیەک دەچێتە سەر لێوی*) سیۆ تۆ زۆر مەزنیت... تۆ خاوەن دڵێکی گەورەیت، تۆ دەست و دڵ کراوەیت... تا ئێستا داوای هەر شتێکم لێ کردبێت ڕەتت نەکردووەتەوە... ئەمانە هەمووی زۆر ویژدانم ئازار دەدەن... ئیتر با سەریشت نەیەشێنم، ئێستا تێگەیشتیت کە من هونەرمەندێکی سەرنەکەوتووم و هیچ.

گوناهی تۆ و جۆهانایشی١٦ تێدا نییە تا بە دەست نائومێدی و هەژاری و موعاناتی منەوە بتلێنەوە... ئای سیۆ، ساڵانێکی زۆر سەرەڕای چارەڕەشی و هەژاریم، هەر بە گەشبینییەوە دەمڕوانییە ژیان... بەڵام سیۆ تۆ دەزانیت کاتێک سەراسیمەیی لە گێژاوی خۆیدا دەتخواتەوە، چی دەگەیەنێ؟ نا... نا... با ئەوەندە بەس بێت... لە بیرتە باوکم چۆن گاڵتەی پێ دەکردم... یا خێزانە موحافەزەکارەکەمان چۆن دەیانڕوانییە من؟ مرۆڤێکی بێکار و پەککەوتە و بێکەڵک... هەمیشە... شڵەژاو (*ئاوازەکەی باخمان بە کزی دێتە گوێ*) سیۆ... ئەو تابلۆیانەی لای تۆن و ئەوانەش کە لە ژوورە بچکۆلەکەی خۆمدان... دەزانیت تا تەواوم کردن، هەر ئەوە بوو خوێن لە گیانم فیچقەی نەدەکرد؟ سیۆ، شاکاری مەزن ئیشی ڕێکەوت نییە... نەخێر، بەڵکو بریتییە لە

ئیرادەو شەونخونی و خۆماندووکردن لە کاردا. ئای سیۆی خۆشەویستم، خۆزگە ژمارەی ئەو ڕۆژو شەوانەت دەزانی کە تێیاندا بە لێکۆڵینەوەی تابلۆکانی دیلاکروا و ڕۆبینز و نیگاری ژاپۆنی و دیگاس و گۆگانی ئازیزەوە خەریک دەبووم... یا ڕامبرانتی کەڵەهونەرمەند کە چەندە بە کارامەییەوە نیگاری تیشکێکی سەر ڕوخسارێکی ناشرینی دەکێشا... (*وەستانێک... دەنگی ئافرەتێک دەبیستریّ کە نایەتە سەر شانۆ*).

**دەنگی**

**ئافرەتێک:** بە یارمەتیت سەعات چەندە؟

**گوخ:** (*لێی ورد دەبێتەوە*) نازانم... بەڵام سەعاتێکی تر نابا خۆرئاوا دەبێت.

**دەنگی**

**ئافرەتەکە:** کاتژمێرت لەگەڵ خۆتا هەڵنەگرتووە؟

**گوخ:** نەخێر.

**دەنگی**

**ئافرەتەکە:** سەیرە... (بە دەنگێکی نزم) دەبیّ ئەو کچەم بۆ کویّ چووبیّ؟

**گوخ:** (پێدەکەنیّ) بۆ سەیرە!؟ من بە پێویستی نازانم.

**دەنگی**

**ئافرەتەکە:** بە پێویستی نازانیت؟

**گوخ:** (بە *گاڵتەکردنەوە*) هەموو شتێک ڕوون و ئاشکرایە خانمەکەم... بەیانی... نیوەڕۆ... پاشانیش شەو.

**دەنگی**

**ئافرەتەکە:** (پێدەکەنێ) ئاهـ.. منداڵێکی هەشت ساڵانت نەبینیوە لێرەوە تێپەڕێت؟

**گوخ:** (*لە گاڵتەکردنەکەی بەردەوامە*) ناوی جۆلیایە... باڵابەرزێکی لاوازە و چاوەکانی زومڕووتین .

**دەنگی**

**ئافرەتەکە:** نا نا... کچێکی بچکۆلەی هەشت ساڵانە.

**گوخ:** کراسێکی شینی پۆشیوە و کڵاوێکی سپییشی لە سەردایە!؟

**دەنگی**

**ئافرەتەکە:** نەخێر!!

**گوخ:** منداڵێکی ترم بینی پاڵتۆیەکی فستقی و کراسێکی گێلاسیی لە بەردا بوو... نا... منداڵێکم بینی ڕەنگی لە پەپوولە دەچوو... من منداڵی زەرد و سوورم زۆر خۆش دەوێ.

**دەنگی**

**ئافرەتەکە:** (بە *ترسەوە*) تۆ تووشی هیچ نەخۆشییەک نەبوویت؟ (*لەگەڵ خۆیدا*) ئەم پیاوە چەند سەیرە!!

**گوخ:** چی؟ نەخۆشی... هاهاهاها... وا بزانم ئەم هەوایەش نەخۆشە... هاهاها... لەوانەیە لە خولانەوەی بە دەوری زەویدا بێزار بووبێت و نەخۆش کەوتبێت... هاهاها... ئەمە ڕاستە خانمەکەم... ئەی تۆ لەو باوەڕەدا نیت ئەم دارە ڕووتاوەیەش نەخۆش بێت؟

**دەنگی**

**ئافرەتەکە:** تۆ ئاسایی نایەیتە پێش چاوم.

**گوخ:** خانمەکەم... لە هەموو ژیانتدا گەر بۆ تەنها جارێکیش بێ، هەستت بە ئازار کردووە... ئازارێکی ڕاستەقینە؟

**دەنگی**

**ئافرەتەکە:** تۆ وڕێنە دەکەیت... (*بە دەنگێکی پڕ ترسەوە*) تۆ شێوەت زۆر لەو شێتە هۆڵەندییە دەچێت کە گوێیەکی خۆی بڕیبوو (*ڕادەکات*).

**گوخ:** خانمەکەم ڕامەکە (*لەگەڵ خۆیدا*) بێگومان دەڕوا تا شکاتم لێ بکات (*وەستانێک... کۆمەڵێک چۆلەکە بە درەختێکی دەرەوەی شانۆوە دەنیشنەوە، دەجریوێنن... گوخ لە درەختەکە ورد دەبێتەوە... نەرمە پێکەنینێکی بۆ دەکات*) کە بە زۆلا١٧دەڵێم هونەرمەندبوونەوەرێکی جوانیچێژە، بڕۆکانی لێک دەنێ و بیر دەکاتەوە، بەڵام لوتریک لە خۆشیاندا وەک منداڵ باوەشم پێدا دەکات... تەنانەت ئەو نووسەرە مەزنەش گاڵتەم پێ دەکات... وتبووی ئای بۆ کلۆڵیی هونەری نیگارکێشان، تەنانەت کرێکاری کانەکانیش دەستیان بە نیگارکێشان کردووە... سوپاس بۆ تۆ زۆلای بەڕێز، بەڵام لوتریک بە سۆزەوە گوێم بۆ ڕادەدێرێ... لەبەر ئەوەی وەک بەهرەمەندێکی مەزن دەزانێ کە کاری هونەریی گەورە سۆزی جوانی تا ئەوپەڕی هەژاندن دەهەژێنێ (*دەنگی پیرەمێردێکمان دێتە گوێ... نایەتە سەر شانۆ*).

**دەنگی**

**پیرەمێردێک:** ئێوارەت باش.

**گوخ:** ئێوارەت باش.

**دەنگی**

**پیرەمێرد:** ماوەیەکی زۆرە لە پەنا ئەم درەختەدا دەتبینم.

**گوخ:** (*سەیری پیرەمێردەکە دەکات و لێی ورد دەبێتەوە، بە دەنگێکی نزم لەگەڵ خۆیدا*) ئەم پیرەمێردە سەرما چرۆچاوی گرژ کردووە... بەڵام ئەم هێشتا فزوڵیەتی خۆی گرژ نەکردووە.

**دەنگی**

**پیرەمێرد:** هەوا خەریکە زۆر سارد دەبێت.

**گوخ:** (بە نەرمییەوە) وا پێ دەنێینە زستانەوە... بۆ بەفربارینیش وەرز درەنگە.

**دەنگی**

**پیرەمێرد:** بەینێکە لەوێوە تەماشات دەکەم، باشە بەو جلە تەنکانەوە سەرمات نییە؟

**گوخ:** نەخێر... نەخێر... لە ناوەوە گەرمییەکی زۆرم لەگەڵ خۆمدا هەڵگرتووە.

**دەنگی**

**پیرەمێرد:** (بە نەرمییەوە) لەوە دەچێت شاعیر بیت؟

**گوخ:** (*قاقا* پێدەکەنێت) بەڵێ شاعیرەکان وان... هەمیشە خاوەن گەرمییەکی فرە و موعانات و ئازارێکی زۆرن... باشە مامە بۆ لە یەکەم تێڕوانینەوە ئەوەت وت!؟

**دەنگی**

**پیرەمێرد:** (پێدەکەنێ) دەڵێن گوایە پاییز ئیلهام بە شاعیران دەبەخشێ.

**گوخ:** (*لەگەڵ خۆیدا دەدوێ*) پیرەمێردێکی چوست و چالاک و پڕ لە گەرموگوڕی و ژیان... بەدەم زەردەخەنەیشەوە بەرەو ماڵی خۆی دەگەڕێتەوە... شتێکی خۆشە (*وەستانێک... لەگەڵ* پیرەمێردەکە *دەدوێ*) تەنها پاییز.

**دەنگی**

**پیرەمێرد:** نانا... ئۆهـ... شاعیران وەرزیان بۆ نییە، ئەوانیش وەک سروشت گۆرانی بۆ هەموو وەرزێک دەچڕن (*وەستانێک*) کەواتە تۆ شاعیریت...

**گوخ:** بەڵێ... بەڵام شاعیرێکی سەرەتاییم.

**دەنگی**

**پیرەمێرد:** سەرەتایی!؟ چۆن؟

**گوخ:** قەسیدەکانم بە فڵچە و بۆیە دەنووسم.

**دەنگی**

**پیرەمێرد:** تێناگەم.

**گوخ:** دەتەوێ لەبارەتەوە بنووسم... هەر لە شەپقەکەتەوە تا پێڵاوەکانت... بوەستە... مەجوڵێرەوە... با لێت ورد ببمەوە...

**دەنگی**

**پیرەمێرد:** (*دەیەوێ بڕوات*) چی... چیت دەوێ.

**گوخ:** پەلەتە؟

**دەنگی**

**پیرەمێرد:** بەڵێ نەختێک پەلەمە.

**گوخ:** (*پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر لێی ورد دەبێتەوە*) مامە تۆ بەختەوەریت!؟

**دەنگی**

**پیرەمێرد:** ئەمە شتێکی تایبەتە بە خۆم... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەز دەکەم پێت بڵێم کە لەم ساتەدا هەست بە بەختەوەری دەکەم.

**گوخ:** چۆن!؟

**دەنگی**

**پیرەمێرد:** چۆن؟ ئێمە هەریەکەمان بەجۆرێک باسی بەختەوەری دەکەین، بەڵام لە کۆتاییشدا هەموومان داوای دەکەین... وا نییە؟ باشە... کەواتە گوێ بگرە، من ئێستا بۆ سەردانی هاوڕێیەکی ئازیزم دەچم، هاوڕێیەکی منداڵیمە... بەڵێنی داومەتێ سۆناتای «تریفەی مانگ»ی بیتهۆڤنم بۆ بژەنێ. سازژەنێکی کارامەیە... هەروەها بەڵێنی قاپێک شەرابی بۆردۆی کۆنیشی پێ داوم... ئیتر لەوە زیاتر چیم بوێت، بیتهۆڤن... شەرابی بۆردۆ... چەند یادگارییەکی خۆشی سەردەمی لاوێتی... کەواتە ئیتر بۆ بەختەوەر نەبم... خوات لەگەڵ... شەوێکی شادت بۆ ئاواتەخوازم ئەی شاعیرەکە... (پیرەمێردەکە *دەڕوات، گوخ سەبیلەکەی دادەگیرسێنێ و بەدەم هاتوچۆوە دەست بە دووکەڵکردن دەکا... بە دەوری دارەکەدا دەسووڕێتەوە... دەنگی ئۆرگۆنێک و سروودێکی کڵێسەیی دەبیسترێ، ئاوازەکە بەردەوام دەبێت و وردەوردە نامێنێت*).

**گوخ:** دەچێت بۆ لای هاوڕێی منداڵی... پیرەمێردێکی قسەخۆش و ڕۆحسووکە، پیاوێکی هاوتەمەنی

خۆی بیر خستمەوە کە هەشت ساڵ لەمەوبەر لە ئارلی بینیم، دەیویست وێنەی بکێشم... ئێی، هەشت ساڵ لەمەوبەر لە ئارلی بووم... ئای لە ڕۆژانی زستانی ئارلی... ئاسمان بە بەفرەوە پێشوازیی لێ دەکردم و شارەکەش هەروەکو بلوور شەوقی دەدایەوە تا ئارەزووی نیگارکێشان لە ناخمدا بتەقێنێتەوە... بەهاریش لەگەڵ خۆیدا شادی و ڕەنگو پۆلەباڵندەی ڕەنگاوڕەنگی دەهێنا، ئادەمیزاد لە بەردەم ئەو دیمەنەدا وای هەست دەکرد بێ ئەوەی بەهرەمەندیش بێ، دەتوانێ نیگاری بکێشێت (*سەبیلەکەی دەکێشێت*) ئەو کاتانە زۆر بە گەرموگوڕییەوە خۆم بە نیگارکێشانەوە خەریک دەکرد... لە ژووردا... لە کێڵگەکەدا... لە چایخانەدا... لە چیمەندا... لە سەر شۆستەکان، ئای بۆ دیمەنی کێڵگەکانی ئارلی... کرێکار و جووتیارەکان چەند بە زەوقەوە بە پیری کارەوە دەچوون (بە *لەرزەلەرز و ئازارەوە سەبیلەکە دەکێشێت*) سێۆ... جگە لە خۆم کەسی تر نازانێ چەند ماندووم و زامم چەند قووڵە... بە نیسبەت منەوە هەموو شتێ کۆتایی هاتووە (*چەند نەفەسێکی قووڵ لە سەبیلەکە دەدات و پاشانیش دوور فڕێی دەدات*) ئینسانێک بارودۆخێکی وەکو هیی منی هەبێت، لە توانایدا هەیە پشوویەکی ئەبەدی بە خۆی بدات (بە دەنگێکی پڕ *لە* پە*ژارەوە*) خواحافیزیت لێ دەکەم ئەی ژیانە شیرینەکە... ئێستا دەزانم کە

چەند ئازا بووم لەبەر ئەوەی توانیم لە نێو شەپۆلە شێتگیرەکانی دەریاکەتدا و بە چارۆکەی دڕاومەوە، بەڵام بە سەرسەختییەوە، ڕێی خۆم ببڕم... بەڵێ سەرسەختیی هونەرمەندێک (بێدەنگییەک) گۆگانی ئازیزم... تیر دەستەکانت دەگوشم... ئای بەو کۆچەت چ غەم و پەژارەیەکت بۆ جیهێشتم... لوتریک، ئەملاولات ماچ دەکەم... ئێوەش هەروەها هاوڕێکانی ترم... ئینجا تۆیش سیۆ... تکات لێ دەکەم بمبەخشە... (*وەستانێک... ئەم بڕگەیەی شەکسپیر بە هێمنی دەڵێتەوە*) ژیان تارماییەکە بەرەو نەمان ڕێ تەی دەکات، یا ئەکتەرێکە لە سەر شانۆ دێت و دەچێت و پاشانیش خامۆش دەبێت و هیچی لێ نابیستریٚ...

(*دەمانچەیەک دەردەهێنێت... لوولەکەی دەکاتە سەری و لەپڕدا پەنجە بە پەلەپیتکەکەیدا دەنێت و لەگەڵ دەنگی تەقەکەدا بەرز دەبێتەوە و بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە تا خۆی بە قەدی دارەکەدا دەدات و ئینجا بە هێمنی دەکەوێتە سەر زەوی... بە دەنگێکی پڕ غەم و ئازاراوییەوە*) سیۆی ئازیز، داوای لێبوردنت لێ دەکەم... دەزانم ڕۆژی پشوودانی یەکشەممەشم لە خۆت و جۆهانا تێک دا... سیۆ... نەمدەتوانی دوای ئەو هەموو نائومێدییە لەرزێنەرانە، هەڵچوونەکانی ناوەوەم هێمن بکەمەوە... دەزانم تۆ منت زۆر خۆش دەویٚ (*بە دەنگێکی خنکاوەوە*) بیرتە کە مناڵ بووین چۆن

لەسەر پارچە پەنیرێک دەمانکرد بە شەڕ و لە یەکترمان دەدا… ئەی وێنەی دایکمت دێتەوە یاد چۆن خەفەتی بە دەستمانەوە دەخوارد… سیۆ… مەهێڵە جۆهانای ئازیز بگری… خواتان لەگەڵ، هەمووتانم خۆش دەوێ.

١ دەڵێن گەلی ئیسپانیا زۆر بە ناسکییەوە دەدوێن، بە ڕادەیەک، کە قسەکانیان لە شیعرەوە نزیکە.

٢ لە سەرکردەکانی شۆڕشی فەڕەنسان.

٣ تیرەستێرە: ئەستێرەی کلکدار.

٤ جەژنی قدیس یوحەننا لە هاویندا دەکرێ، وایش باوە گوایە لە شەوی ئەو جەژنەدا ئەو درەختی (سەرخس)ە گوڵ دەگرێ و ئەوەی گوڵێک لێ بکاتەوە، سامانێکی گەورەی چنگ دەکەوێ.

٥ یەکێکە لە سیاسییە ڕاستڕەوە زێدەڕۆکان کە لە لایەن کۆمارییپەرستەکانەوە کوژرا..

٦ دەڵێن لۆرکا ئەم ڕووداوەی بۆ «پابلۆ نیرۆدا»ی شاعیر گێڕاوەتەوە.

٧ «لازارۆس» برای مەرتا و مریەمە و ناوی لە "ئینجیل"دا هاتووە، لە نێو مردواندا «مەسیح» زیندووی کردووەتەوە.

٨ ئەم شانۆنامەیە هەر بە دەستنووسی لە لایەن نووسەرەوە پێم گەیشت و ئەمەش وەرگێڕانی دەقی دەستنووسەکەیە.

٩ گوخ تابلۆیەکی جوانی بە ناوی «دارگێلاس»ەوە هەیە.

١٠ پرتویس: لە میسۆلۆجیای گریکیدا پیرەمێردی پێشبینیی دەریایە کە بە هەموو شێوەیەک خۆی دەگۆڕێ.

١١ کەمیڵ دیمۆلان: یەکێکە لە سەرکردەکانی شۆڕشی فەڕەنسا.

١٢هۆراس : ناونیشانی شانۆییەکی (پیار کۆرنای)یە.

١٣ تولوز لوتریک: نیگارکێشێکی فەڕەنسیی بەناوبانگە، هاوڕێیەکی خۆشەویستی کوخ بووە.

١٤ کریستین: سۆزانییەکە کوخ لە کۆلانندا دۆزیبوویەوە.

١٥ سیۆ: تاقە برای گوخ بووە و خاوەنی دوکانێکی تابلۆفرۆشتن بووە.

١٦ هاوسەری سیۆی برای گوخ

١٧ ئەمیل زۆلا: ڕۆماننووسی فەرەنسایی بەناوبانگ

# ڕەخنەی شانۆیی

# کاتێك نەماوە بۆ ژیان

## پەیڤێک بۆ نمایشی «کاتمان نەماوە بۆ گۆرانی»

**«کوا ئەو ژیانەی لە گوزەراندا فەوتاندمان؟»**

**ئەلبێر کامۆ**

ئێوارەیەکی پاییزی، ئێوارەی ٢٠١١/١١/١٧ لە یەکێک لە خانووە کۆنەکانی شاری سلێمانیدا نمایشێکی شانۆیی پاییزی لە لایەن دوو ئەکتەری لاو «سەوسەن عومەر و دیلمان سەلاح»ەوە و لە دەرهێنانی هونەرمەند «شوان کەریم» پێشکەش کرا.

فەزای کارە هونەرییەکە بریتی بوو لە حەوشەی ئەو خانووە دێرینەی کە کاتی خۆی خانووی یەکێک لە پیاوە ناسراوەکانی شاری سلێمانی بووە *(کاک عومەری سۆفی کەریم)*. ئەملای حەوشەکە تەرخان کرابوو بۆ بینەران کە بەرامبەر حەوشەکەو هەروەها ژوورەکانی خانووەکە بوو کە دوو پێپلیکانە بۆیان سەردەکەوت؛ هەڵبەت نهۆمی ئەرزییش دیسانەوە بۆ بەشێک لە جووڵانەوەی هەردوو ئەکتەرەکە بەکار هێنرابوو.

تەوەرەی ڕووداوەکانی شانۆییەکە بە دەوری ژیانی ژن و مێردێکدا دەسووڕێتەوە کە هەمووی چەندساڵێکە بوونەتە

هاوسەری یەک و دەتوانین بڵێین نموونەی خێزانێکی شاری سلێمانی *(و بگرە هیی ئەم کۆمەڵگەیە)*یە. ئەم دوو هاوسەرە سەرەتا وەکو دوو خۆشەویست یەک دەناسن و عیشقێکی پاک و منالانە پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، بەڵام ڕۆتینەکانی ژیانی ڕۆژانە و جەنجاڵییەکانی شار وردەوردە ڕۆحیان لەو عیشقە خاڵی دەکاتەوە و وەکو دوو مرۆڤی بێگانە بەیەک مامەڵە لەگەڵ یەکدا دەکەن، تەنانەت یادی ڕۆژی لەدایکبوون و بگرە یادی ڕۆژی هاوسەرگیرییشیان دەبێتە بەشێک لە ئەرکە ڕۆتینییەکان، ئەمەش پاش ئەوەی ئەو بۆنانە بیری یەکتر دەخەنەوە، ئەگینا گوزەرانی پڕ لە مەلەل و وەڕسییان تەنانەت ئەو ڕۆژانەشی لە بیر بردوونەتەوە. ئەمانە ئێستا وەکو دوو ئەکتەر دەیانەوێ درێژە بە ژیانی هاوسەرییان بدەن، لە کاتێکدا ژیانی هاوسەرییان نە ئەو مانایەی جاران و ئەو جوانییەی سەرەتای تێدا نەماوە، لەمەشدا بە تەنها خۆیان گوناهبار نین وەکو یەکێک لە کاراکتەرەکان دەڵێت، بەڵکو خۆیان چەند گوناهبارن، ئەوەندەش قوربانین. ئەو ژیانەی دەیگوزەرێنن، چ نییە جگە لە زنجیرەیەک کار و ئەرکی خاڵی لە مانا، کۆمەڵێک بێگار. هەر لە ڕیشتاشین و ماکیاجی ڕۆژانە و ئەو کاتانەی تەمەن کە بۆ دونیایەک کاری پووچ بە فیڕۆ دەدرێن: ڕیزبەستنی ئۆتۆمبێلەکان، درۆ و دەلەسەی میدیاکان، کلیپە ئاستنزم و بێناوەرۆکەکان، دروشمە سیاسییە درۆزنەکان، واتەوات و زەم و زەمکاری و نەمانی کات بۆ خوێندنەوە و تێڕامان. هەموو ئەمانە ئینسانەکانیان لە زۆربەی ئەدگارە مرۆییەکان داماڵیوە و کردوونیان بە کۆمەڵێک ئامراز بۆ هەڵپەکردن و بۆ گوزەران، نەک ژیان. لە کاتێکدا

گوزەران بە تەنها بەسەربردن‌و پاڵپێوەنانی کاتە، بەڵام ژیان چەمکێکی گەلێک فراوانتر و باڵاترە. لە گوزەراندا مرۆڤ لە زۆربەی ڕەهەندە ئینسانی و ڕۆحییەکانی دادەبڕێت، بەڵام ژیان مومارەسەکردنێکە کە ڕەهەندە ڕۆحی و ئیستاتیکی‌و ئینسانییەکان لە خۆ دەگرێت. هەر بۆیە کاراکتەرەکانی ئەم شانۆییە ناژین، بەڵکو گوزەران دەکەن. بەشێکی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جۆرە سیستمە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا دەژین و هیچ زەمینەیەکی تێدا نەڕەخساوە بۆ عیشقێکی مرۆیی ڕاستەقینە و بۆ ژیانێک کە شایستەی مرۆڤەکان بێت، هەروەها بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ مرۆڤەکان خۆیان کە ئاسۆی هۆشیاری و ئاگامەندییان سنوورەکانی ئەو سیستمە تێناپەڕێنێت. لە سیستمێکی کۆمەڵایەتیی وەهادا تەنانەت خۆشەویستییش دەبێتەوە بە ڕۆتین و دەبێتەوە بە بەشێک لە گەمەکانی گوزەران، نەک ژیان. ئەو دوو کاراکتەرە هەرچەند دەکەن ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەو ساتانەی کە بە چاوی عیشقەوە سەیری یەکتریان دەکرد. وەختێ دەیانەوێ بە نواندنیش ئەو چرکەساتانە بگەڕێننەوە (کە ئەم دیمەنە لە نمایشەکەدا وەکو «نواندن لە ناو نواندن»دا بەرجەستە بوو، ئەوا کارەکەیان جگە لە گەمەیەکی ناشیرین و ساردوسڕ و خاڵی لە هەست و سۆز، هیچی تر نابێت. هەروەها هەموو ئەو هەوڵانەی تر کە دەیدەن بۆ گەڕاندنەوەی زەمەنی خۆشەویستی و بەدەستهێنانەوەی ئەو ڕۆحەی جارانیان، شکست دەهێنێت. تازە نە بە گۆڕینی جلوبەرگ *(وەکو ژنەکە دەیکات)* و نە بە بۆیاخکردنەوەی دیوارەکانی خانووەکە و گۆڕینی کەلوپەلی ناوماڵەکە، ناتوانن ئەو ڕۆحە بە دەست بهێننەوە. تازە بە گۆڕینی ڕواڵەتەکان

گەوهەرەکان بە دەست ناهێنرێنەوە. بەم جۆرە، کاراکتەرەکان وەکو کاراکتەرەکانی بیکیت و یۆنسکۆ و بەشێکی تر لە شانۆنامەنووسانی شانۆی ئەبسێرد *(هەڵبەت بە جیا لەوەی کە ناتوانین بڵێین ئەم نمایشە شانۆییە دەچێتە خانەی ئەو جۆرە شانۆییەوە)*، هەست دەکەن وەکو بووکەشووشەیەکیان لێ هاتووە بە دەست چارەنووسێکەوە کە نازانن چییە و ناشزانن بۆ وایان لێ هاتووە، هەریەکەیان دەڵێی بە تەنیا لە زیندانێکدایە دوور لە هاوسەرەکەی، هەر وەکو تی. ئێس. ئیلیەتیش دەڵێت «هەریەکە و لەناو زیندانەکەی خۆیدا بۆ کلیلی زیندانەکە دەگەڕێت.» ئەم دوو کەسەی کە ڕۆژگارێک بوو بە نیگای یەک مەست دەبوون و بەبێ یەک هەڵیان نەدەکرد، ئێستا گەرچی لە ماڵێکدا پێکەوە دەژین، بەڵام دوو دونیای داخراون بە ڕووی یەکتردا. هەڵبەت جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بدەم کە لە دەمەوکۆتایی شانۆییەکەدا ژنەکە وەختێ دەڵێت جاران یەک پێپلیکانەمان هەبوو ئێستا بووە بە دوان، جاران حەوزێکمان هەبوو ئێستا بووە بە دوان، جاران هەیوانەکەمان دوو کۆڵەکەی تێدا بوو ئێستا چوار، هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ دابەشبوون و کەرتبوونی ڕۆحی ئەو دوو کەسێتییە. لە کاتێکدا جاران خۆشەویستی ڕۆحی هەردووکیانی کردبوو بەیەک، کەچی ئێستا لە ونبوونی ئەو خۆشەویستییەدا ئەو ڕۆحەش کەرت کەرت بووە. لەمەشدا دەرهێنەر چارەسەرێکی دەرهێنانانەی جوانی بۆ کردبوو کە هەردوو ئەکتەرەکەی لەیەک دابڕی و هەریەکە لە لایەکی خانووەکەدا کە پێ دەچوو دوو خانووش بن لە تەنیشت یەکەوە، یان وەک ئەوەی دوو زیندان بن بۆ تەنیاییەکانی ئەو دوو کاراکتەرە.

ئیدی هەر وەکو کاراکتەرە پیاوەکەش دەڵێت، بەم جۆرە ژیانمان دەگوزەرێ تا وردەوردە پیر دەبین و سەرمان سپی دەبێت و قژیشمان هەڵدەوەرێت. ئەوساش وەک چۆن ئێستا ئێمە گاڵتە بە نەوەی پێش خۆمان دەکەین، نەوەی تازە گاڵتە بە ئێمە دەکەن کە هیچمان لەباردا نەبوو بۆ گۆڕینی ژیانەکەمان و دونیاکەمان.

لە ڕاستیدا ئەم نمایشە لە دەرگای پتر لە مەسەلەیەک و ڕەهەندێک دەدات. ململانێی نێوان ئینسانەکان و سیستمە کۆمەڵایەتییە مردووەکە، ململانێی نێوان ئینسان و زەمەن، ململانێی نێوان ئینسانەکان خۆیان، هەروەها ململانێی ناوەوەی ئینسانەکان لەگەڵ خودی خۆیان و بەئاکامنەگەیشتنی خەونەکانیان.

لە دوایین دیمەنی شانۆییەکەدا و وەختێ ئەم دوو هاوسەرە هەریەکە و لە بازنەی داخراوی خۆیدایەتی، ژنەکە بە پیاوەکە دەڵێت با گۆرانییەک بڵێین، بەڵام هەموو دەزانین کە لەو فەزایەدا و لەو ژیانە قەتیسماوەدا، کاتێک نەماوە نەک هەر بۆ گۆرانیوتن، بەڵکو بۆ ژیان خۆیشی. بەڵام من دەمەوێ لێرەدا بڵێم کە هەم دەرهێنەر و هەم ئەکتەرەکان و ستافی هونەریی کارەکەش سەلماندیان کە هێشتا کاتێک ماوە بۆ کاری شانۆیی جیددی و بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم کە ئەم نمایشە یەکێک بووە لە نمایشە سەرکەوتووەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی بزاوتی شانۆیی کوردی.

دواجار دەتوانم بڵێم هەڵبژاردنی ئەو خانووە کۆنە بۆ خۆی فەزایەکی گونجاوی بۆ ڕووداوەکانی شانۆییەکە خولقاندبوو، هەروەها شوێنی بینەران و نەبوونی کورسی و پاشان

ڕووناکییش ڕۆڵی خۆیان هەبوو لە تەواوکردنی ئەتمۆسفێری نمایشەکەدا، ئەمە جگە لە بوونی سکرینەکە، گەرچی ناوبەناو نەقڵەکان پچڕانی تێدەکەوت. بەڵام تێکڕا ڕەگەزەکانی نمایشەکە، بە دەق و فەزا و ڕووناکی و دەرهێنان و نواندنەوە، توانییان کارێکی هونەریی سەرکەوتوومان پێ ببەخشن. کەواتە هەر وەکو وتیشمان، هێشتا کاتێک ماوە بۆ شانۆی کوردی.

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم کە ئەم چەند دێڕە خوێندنەوەیەکی خێرایە بۆ ئەو نمایشە، دەنا کارەکە هەڵدەگرێت زیاتر قسەی لەسەر بکرێ.

# له نێوان ئێره و ئەوێدا

## سەبارەت بە نمایشی شانۆیی کۆچبەران

گەرچی دیاردەی کۆچ بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی یەکێک بووە لەو دیاردانەی کە ناوبەناو دووبارە و چەندبارە بووەتەوە و زۆر جار لە شێوەی کارەساتیشدا بەرجەستە بووە، بەڵام چ لە سەدەی بیستەم و چ لەم سەدەیەشدا، ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی بەرچاوتر قوت بووەتەوە و لەمڕۆدا کێشەی کۆچ و کۆچبەران یەکێکە لە کێشە گەورەکانی مرۆڤایەتی و وڵاتان، جا ئیدی هۆکارەکەی سیاسی بێت، وەک ستەمکاری و شەڕوشۆڕی هەرێمی و هیی ناوخۆ و سەرکوتکردن و چەوساندنەوە لە لایەن ڕژێم و حکومەتە دیکتاتۆرەکانەوە، یان لەبەر هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و هتد... بێت. هەر بۆ نموونە، لێرەدا دەمانەوێ ئاماژە بەوە بدەین کە بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ، لە ساڵی ٢٠١٠دا ژمارەی کۆچبەران لە جیهاندا گەیشتە ٢١٤ ملیۆن کەس. ئەمە و هەر وەکو دەبینین، لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا لای خۆشمان، واتە لە کوردستاندا، ڕۆژبەڕۆژ دیاردەی کۆچ لە زیادبووندایە، سەرباری ئەو ڕیسک و مەترسییە گەورانەی لە بەردەمی کۆچبەراندایە و تا ئێستا بووەتە هۆی مەرگی سەدان لاو و ژن و مناڵی کورد.

هەر بۆیە لێرەوە گرنگیی قسەکردن لەسەر مەسەلەی کۆچ لە دنیای ئەدەب و هونەردا دێت، هەروەها گرنگیی لێدوان لەسەر شانۆنامەی *(کۆچبەران)* کە دەقێکی نووسەری بەناوبانگی پۆڵۆنی *(سلاڤۆمیر میروجیک)*ە و ساڵی ١٩٧٤ نووسیویەتی و هونەرمەندی داهێنەر «د. فازیل جاف» بۆ شانۆ دەری هێنا و لە ڕۆژانی ١/٢٩ تا ٢٠١٦/٢/١ لەسەر تەختەی شانۆی هۆڵی بەدیعە دارتاش لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی لە لایەن تیپی شانۆی ئاراراتەوە نمایش کرا.

## سلاڤۆمیر میروجیک کێیە؟

سلاڤۆمیر میروجیک (١٩٣٠–٢٠١٣) نووسەرێکی پۆڵەندییە، لە هەمان کاتدا شانۆنووس و ڕۆماننووس و کاریکاتێریستیشە. ئەو ساڵی ١٩٦٨ و دوای ئەو ڕووداوەی ناو نرا «بەهاری پراگ»، بەرەو پاریس کۆچی کرد و سیوسێ ساڵ لە تاراوگە ژیا تا لە ساڵی ١٩٩٧دا گەڕایەوە بۆ پۆڵەندا. هەر بۆیە دەبینین مەسەلەی کۆچ و غەریبی و ئەو کۆتوپێوەندانەی بەسەر مرۆڤدا سەپێنراون و خراپبەکارهێنانی دەسەڵات، پانتاییەکی زۆر لەو شانۆنامانەیدا داگیر دەکەن کە ژمارەیان لە چل شانۆنامە تێپەڕی کردووە. لە بەناوبانگترین ئەو شانۆنامانەشی ئەمانەن: تانگۆ (١٩٦٤)، لە بەرزاییەکانی دەریادا (١٩٦٧)، ڤاتسلاڤ (١٩٧٠)، دوو کۆچبەرەکە (١٩٧٤)، باڵیۆز (١٩٨٢)، پۆرترێت (١٩٨٧)، بێوەژنان (١٩٩٢) و گەلێکی تر.

## دەقی شانۆنامەکە

سەرباری هەموو ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی لە مێژووی

بزووتنەوەی کاری شانۆیی و دەرهێنانی شانۆییدا دراون، دەقی شانۆیی وەکو یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی نمایشی شانۆیی ماوەتەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێ بڵێین کەم شانۆیی سەرکەوتوو هەیە دەقێکی شانۆیی سەرکەوتووی لە پشتەوە نەبێت. خۆ ئەگەر قسەمان لەسەر بزووتنەوەی شانۆیی کوردی بێت، ئەوا هەر زۆر زەحمەتە بتوانین لە نەبوون و نائامادەبوونی دەقی شانۆییدا، بزاوتێکی شانۆیی گەشەسەندوو فەراهەم بکەین. هەر بۆیە دەق وەکو یەکێک لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی نمایشی شانۆیی ماوەتەوە و دەمێنێتەوە، بە تایبەتییش بۆ شانۆکارانی کورد. لەبەر ئەمە، مەسەلەی هەڵبژاردنی دەق بۆ کاری شانۆیی و کاری دەرهێنان لە شانۆدا، یەکێکە لەو مەسەلە گرنگانەی کە ڕۆڵی لە سەرکەوتن یان شکستی نمایشی شانۆییدا دەبێت. لەم کارەدا دەرهێنەر زیرەکانە توانیویەتی دەقێک هەڵبژێرێت کە لە دەرگای مەسەلەیەکی هەنووکەیی دەدات، ئەویش مەسەلەی کۆچ و پەنابەری و پرسیارکردن لە مانای نیشتمان و تاراوگەیە.

شانۆنامەی «کۆچبەران» *(یان وەکو لە ئەسڵەکەدا «دوو کۆچبەرەکە»یە)*، دەقێکە نووسەرەکەی لە سەروەختێکدا نووسیویەتی کە جیهان دوو جەمسەری بوو، بلۆکی خۆرئاوا و بلۆکی خۆرهەڵات، یان بە مانایەکی دی، لە سەردەمی شەڕی سارددا، بەڵام گەرچی چلودوو ساڵ بەسەر نووسینی ئەو دەقەدا تێپەڕیوە، کەچی دەڵێیت دەقێکە بۆ ئەمڕۆ نووسراوە. دیاردەی کۆچ لە ئێستادا گەلێ زیاتر و لە هەمان کاتدا خەتەرناکتر بووە.

لەم شانۆنامەیەدا ئێمە ڕووبەڕووی دوو کاراکتەر

دەبینەوە کە بە ڕواڵەت لە هەردوو کاراکتەری «ڤلادیمیر» و «ئەستراگۆن»ی «لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا»ی بیکیت دەچن، بەڵام بە ڕوخسارێکی واقیعییانەترەوە. ئەم دوو کاراکتەرە بریتین لە ڕۆشنبیرێکی سیاسی کە لە دەست جەور و ستەم و سەرکوتکردنی سیاسی هەڵاتووە، هەروەها کابرایەکی کرێکار کە بەو مەبەستە ڕووی لە هەندەران کردووە کار بکات و شتێک پارە پێکەوە بنێت، تا دواتر بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی و بەو پارەیە خانوویەک بۆ هاوسەر و منداڵەکانی دروست بکات.

ئەم دوو کەسە هەردووکیان لە یەک وڵاتەوە هاتوون، وڵاتێک هەم ئازادیی ئینسانەکانی تێدا زەوت کراوە، هەم هەلومەرجی گوزەران و ژیانیش تێیدا سەخت و تاقەتپڕووکێنە. ئەم دوانە ئێستا پێکەوە و لەو وڵاتەدا کە پەنابەرن تێیدا، لە ژێرزەمینی بالاخانەیەکی فرەنهۆمیدا دەژین. بەڵام ئاخۆ ئێستا ژیانیان لە ژیانی جارانیان باشترە؟ ئەمە پرسیارێکە لە دوای خوێندنەوەی دەقەکە یان بینینی نمایشەکەوە، هەر خوێنەر و بینەرێک لە خۆی دەکات.

ڕووداوەکانی شانۆییەکە لە شەوێکدا ڕوو دەدەن کە شەوی سەری ساڵە و لە کاتێکدا نیشتەجێبوانی نهۆمەکانی سەرەوە، خەڵکی ڕەسەنی وڵاتەکان، بە بۆنەی جەژنی سەری ساڵەوە ئاهەنگ دەگێڕن و دەخۆن و دەخۆنەوە و سەما دەکەن، ئەمان لە ناو خەم و کەسەرەکانی خۆیاندا نوقم بوون؛ لەبەر ئەوەی دوو کەسی تەواو جیاوازیشن لە یەکتر، چ لە ڕووی بیرکردنەوە و چ لە ڕووی خەون و خولیاکانیانەوە، تا بڵێی لەگەڵ یەکدا ناکۆکن و بەردەوام دەمەقاڵێیانە، لۆمەی یەکتر

دەکەن و بگرە ئازاری یەکیش دەدەن تا ئەو ڕادەیەی خەریکن یەکتر وێران دەکەن. کابرای ڕۆشنبیر گەرچی توانیویەتی تا ڕادەیەکی باش لەو کۆمەڵگەیە بگات و زمانەکەشیان فێر ببێت کە کۆچی بۆی کردووە، بەڵام هەرچەند دەکات، ناتوانێ لە ناو ئەو کولتوورەیاندا خۆی بگونجێنێت. ئێستا ئەمێک کە شارەزای دنیای فەلسەفە و فیکرە و زۆر لۆجیکییانە بیر دەکاتەوە، تاقە کاری بووە بەوەی چاودێریی کرێکارە هاونیشتمانی و هاونشینەکەی دەکات؛ بۆ کوێ دەچێت، چی دەخوات، چی دەکات، پارەکانی لە کوێدا دەشارێتەوە، چۆن بیر دەکاتەوە، بەردەوامیش سەرکۆنەی دەکات. لە کاتێکدا خۆیشی هیچ ناکات جگە لەوەی لە سەر قەرەوێڵەکەی پاڵ دەکەوێت و جارجارە بەشێک لەو کتێبەی دەنووسێت کە تێیدا ئەو کرێکارە هاونشینەی کردووە بە نموونەیەک بۆ کۆیلایەتی، بەو پێیەی کۆیلایەتی غەریزە و خەسڵەتێکی هەمیشەییە لە هاوڵاتیانی نیشتمانەکەی خۆیدا؛ ئەوە نییە ئەم کرێکارە بووە بە کۆیلەی پارە و هەموو شتێکی لە خۆی حەرام کردووە لەپێناوی پارەدا و بیر لە هیچ شتێکی تر ناکاتەوە جگە لە کەڵەکەکردنی پارە، بەم جۆرەش، ئەم تەرزە کەسانە کە ژمارەیان زۆرە لە نیشتمانەکەیدا، بوونەتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ جێگیربوونی ئەو دەسەڵاتە سەرکوتکەرەی کە ئازادی و نانی لە کۆمەڵگەکە زەوت کردووە. بەڵام کاتێ کرێکارەکە پێی دەڵێت کە وەنەبێ پڕکێشیی ئەوەشی نییە کتێبەکەی تەواو بکات و بڵاوی بکاتەوە لە ترسی ئەو دەسەڵاتەی کە لە دەستی هەڵاتووە، بە تایبەتییش کاتێک کرێکارەکە لە داخی ئەو ڕەخنانەی هاونشینە ڕۆشنبیرەکەی لەوی دەگرێت

بەوەی بووە بە کۆیلەی پارە، هەرچی پارەی کۆ کردووەتەوە، دەیاندڕێنێت و پارچەپارچەیان دەکات تا بیسەلمێنێت کە ئەو کۆیلەی پارە نییە، ڕۆشنبیرەکە تووشی شۆک دەبێت و هەست دەکات ئەو بنەمایەی تیۆرییەکەی لەسەر دامەزراندبوو لە کتێبەکەیدا، هەڵدەوەشێتەوە. هەر بۆیە ئەمیش هەموو ئەوانەی نووسیونی، دەیاندڕێنێت.

بەهەڵەداچوونێک هەیە کە دەبێ خوێنەر و بینەری زیرەک تێی نەکەون، ئەویش ئەوەیە کە نابێ وا بزانین ئەم دەقە بە تەنها دەیەوێ جەخت لەسەر لایەنە نێگەتیڤەکانی ژیانی پەنابەران بکاتەوە، گەرچی ئاشکرایە لە ئێستادا و لە گەلێ وڵاتی ئەورووپیدا هەلومەرجی پەنابەری گەلێ سەخت و دژوار بووە، بەڵکو ئەم دەقە دڵڕەقانە مامەڵەی لەگەڵ نیشتمانیشدا کردووە، وەختێ نیشتمان لە مانای ڕاستەقینەی خۆی دادەماڵرێ و هاووڵاتییش لە مانای هاووڵاتیبوون و تەنانەت لە مافە سەرەتاییەکانیشی بێبەش دەکرێ کە مافی گوزەرانێکی شایستە بە ئینسان و مافی ئازادییە بە هەموو شێوەکانییەوە. ئەگینا گەر وا نەبێت، بۆچی نووسەر دێت و دوو نموونەمان بۆ دەهێنێتەوە، کە یەکێکیان نوێنەری توێژی ڕۆشنبیرانە و ئەوی تریشیان نوێنەری خەڵکانێکی هەژار و زەحمەتکێشە و نووسەر دەیەوێ پێمان بڵێت وەختێ دەسەڵاتێکی سەرکوتکەرو قۆرخکەر حوکمی نیشتمان دەکات، بە ناچاری چ خەڵکە سادە و هەژارەکە و چ ڕۆشنبیرەکانیش، مانایەک بۆ ژیان لە نیشتماندا نابیننەوە و هەڵدێن تا لە شوێنێکی دیکەدا مانایەک بۆ ژیان ببیننەوە. بەڵام ئاخۆ تاراوگەش ئەو خەونەیە کە ببێتە هەتوانی هەموو زامەکان؟ پەندێک هەیە

دەڵێت «نیشتمان دایکە و تاراوگەش باوەژن.» لێ هەندێ جار دەشێ تاراوگە ببێتە دایک و نیشتمان بە باوەژن، جاری واشە هەردووکیان دەبنە باوەژن.

من پێم وایە ئەم شانۆنامەیە لە یەک کاتدا جەخت لەسەر دۆزەخبوونی هەم نیشتمان و هەم تاراوگەش دەکاتەوە؛ وەختێ دەرگا و پەنجەرەکان هەم لە نیشتماندا و هەم لە تاراوگەش بە ڕووی ئینسانەکاندا دادەخرێن و ئومێدێک نامێنێت بۆ ژیانێکی شایان بە مرۆڤەکان، نە لێرە و نە لەوێ.

دەبێ ئەوەشمان بیر نەچێت کە سلاڤۆمیر میروجیک وەکو شانۆنووسێکی مۆدێرن، کەش و فەزای گەلێ لە کارەکانی نزیک بووە لە کاری نووسەرانی شانۆی ئەبسێردەوە، هەر لەم ڕووەشەوە گەلێ بیروبۆچوونی لەو نووسەرانەوە نزیکە. هەر بۆیەشە ڕەخنەگرێکی وەکو مارتن ئیسلن سەبارەت بە شانۆنامەی دوو کۆچبەرەکە دەڵێت: «شانۆنامەی دوو کۆچبەرەکە (١٩٧٤) هەرچەند فۆرمێکی واقیعییانەی هەیە، بەڵام لە دونیای بیکیتشەوە نزیکە. بە بۆچوونی من، دەکرێ لە هەندێ ڕووەوە بە هاوتای واقیعییەتەکەی «لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا»ی لە قەڵەم بدەین. ئەم شانۆنامەیە لە چوارچێوەیەکی تەواو واقیعی و نائەبستراکتدا، کە تایبەتمەندییەکی شانۆنامەکانی بیکیتە، وێنەیەکی دڵڕەقانە و خاڵی لە هەلومەرجی ئینسانی دەخاتە ڕوو! هەلومەرجی وەکو تاراوگە، چاوەڕوانی، نامۆبوون و لێکترازان، هەلومەرجی وەکو کێشەی خودییانەی مرۆڤ کە ناچارە لەگەڵ ئەوانی تردا بژی: «نە لەگەڵ تۆدا و نە بەبێ تۆ»، هەروەها مەسەلەی کاتبەڕێکردن و گەلێ تێمای تر کە لە تێماکانی شانۆنامەکانی

بیکیت دەچن. لە هەمان کاتدا «دوو کۆچبەرەکە» کارێکی تەواو ڕەسەنە و وەکو کارێک لە بواری ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی و شیکردنەوەی ئەزموونی تاراوگەدا، توانیویەتی ئاکامی خۆی بپێکێت. من دەتوانم ئەزموونی خۆم وەکو دوورخراوەیەک بکەمە شایەت کە لە ڕووی کلینیکییەوە ڕاست و دروستە.»

## سینۆگرافیا

لەم نمایشەدا سینۆگرافیا هەوڵی داوە ئەو جیهانە وشکوبرنگ‌و تاریک و دڵڕەقە بەرجەستە بکات کە کاراکتەرەکان تێیدا دەژین. ژێرزەمینێک کە کەمترین هەلومەرجەکانی ژیانی تێدایە، ژێرزەمینێک کە تۆڕی بۆریی ئاوەکانی باڵاخانەکە تێیدا شیشەکانی زیندانمان بیر دەخاتەوە و ڕەنگی بۆر و تۆخی شوێنەکەش هەموو ئومێدێک بۆ ڕزگاربوون زڕ دەکات. هەر لە سەرەتاوە بینەر ڕووبەڕووی فەزایەک دەبێتەوە کە بۆ دونیای نمایشەکە ئامادەی دەکات. نە دەرگایەک و نە ڕووناکییەک، جگە لە ڕووناکیی گڵۆپێکی هەڵواسراو لە ناوەڕاستی شانۆکەدا کە بۆ زیاتر تەرکیزکردنەسەر سیما و دایەلۆگەکانی دوو کاراکتەرەکەیە.

## دەرهێنان و نواندن

دەرهێنەری ئەم شانۆنامەیە، دکتۆر فازیل جاف، یەکێکە لە دەرهێنەر و شانۆکارە چالاکەکانی بزاوتی شانۆی کوردی. ئەو هەر لە کۆتایی حەفتاکانەوە، وەختێ لە تیپی نواندنی سلێمانی بوو، تا ڕۆیشتنی بۆ تاراوگە لە سوێد و تا گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لەسەر کار و چالاکیی شانۆیی خۆی بەردەوام

بووە و لەم ڕووەشەوە کۆمەڵێک کاری شانۆیی سەرکەوتووی پێشکەش بە بزاڤی شانۆی کوردی کردووە کە دواهەمینیان نمایشی «کۆچبەران»ە. هەر وەکو لە سەرەتاشدا ئاماژەم پێ دا، مەسەلەی هەڵبژاردنی دەق لە لایەن دەرهێنەرەوە یەکێکە لەو توخمانەی کە ڕۆڵی لە دیاریکردنی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی نمایشەکەدا دەبێت. بۆچی؟ بە بڕوای من، لەبەر ئەوەی یەکەم: شانۆ خۆی وەکو هونەرێک، نزیکترین هونەرە لە ڕووی فیکری و ئەدەبییەوە بەو دوو دونیایە، واتە دونیای فیکر و دونیای ئەدەب، هەر بۆیە گوتاری شانۆیی چەند گوتارێکی هونەرییە، ئەوەندەش گوتارێکە پڕ لە دەلالاتی فیکری و ئەدەبی و ئینسانی. دووەم: شانۆ هونەرێکە وابەستەیە بە بینەرەوە، بینەر وەکو کارایەکی مرۆیی و دواجار کارایەکی کۆمەڵایەتییش. سێیەم: شانۆ هونەری هەنووکەیە، بەو مانایەی کە کاریگەریی شانۆ لە ساتی خۆیدایە. لەم ڕووەشەوە شانۆ هونەرێکە وابەستەیە بە مەسەلەکانی سەردەم و ئەو مەسەلە ئینسانییانەی کە مەسەلەی ڕۆژن.

ئەگەر بەم پێودانە هەڵبژاردنی دەرهێنەر بۆ دەقی «کۆچبەران»، هەڵبسەنگێنین، ئەوا بەبێ دوودڵی دەتوانین بڵێین کە هەڵبژاردنێکی سەرکەوتووە. هەڵبەت وەکو پێشتریش ئاماژەم پێ دا، بەدەر لەو بەهەڵەداچوونەی کە دەشێ هەندێ بینەر تێی بکەون بەوەی کە وا بزانن ئەم دەقە مانیفێستێکە دژایەتیی کۆچ دەکات. نەخێر، چونکە ئەو دوایین واقیعیمان پیشان دەدا؛ واقیعی نیشتمان کە واقیعێکە پڕ لە ستەم و ناعەدالەتی و وێرانیی ئابووری؛ هەروەها واقیعی تاراوگە، کە واقیعێکە خاڵی نییە لە کێشە و ئەشکەنجە و دەردەسەری.

هەڵبژاردنی ئەم دەقە چەند لەم ڕووەوە هەڵبژاردنێکی دروستە بۆ هەنووکە، هێندەش لە ڕووی هونەرییەوە کاری پراکتیکیی بۆ دەرهێنەر زەحمەت کردووە. بۆچی؟ یەکەم: بەرجەستەکردنی ئەم دەقە ماوەی نزیکەی سەعاتێک و چل دەقیقەی ویستووە، کە ئەمە بۆ شانۆنامەیەک ئاسان نییە کە لە دوو کاراکتەر پێک هاتبێت، هەرچەندە من پێم باش بوو دەقەکە چڕتر بکرایەتەوە و ماوەی نمایشەکەش کورتتر. دووەم: دیسانەوە شانۆنامەیەک کە لە دوو کاراکتەر پێک هاتبێت، گرفتی قورس بۆ دەرهێنەر دروست دەکات و هەموو دەرهێنەرێک دەرۆستی نایەت. لەبەر ئەوەی توانای شێوەسازی و پێکهاتەسازی *(التشکیل و التکوین)* لای دەرهێنەر سنووردار دەکات، لە کاتێکدا ئەو شێوەسازی و پێکهاتەسازییە کۆڵەکەی هونەری دەرهێنانن کە پشت بە تەکنیکی *(سێگۆشەسازی) (التثلیث)* دەبەستن و ئەو تەکنیکەش پێویستی بە سێ ئەکتەرە. ڕەنگە هەر ئەمەش وای کردبێت کە دەرهێنەر زیاتر تەرکیزی لەسەر پانتایی ناوەڕاستی شانۆ بووبێت بە پلەی یەکەم، ئینجا لای ڕاست و لای چەپ، بەڵام پانتایی دواوە کەمتر بایەخی پێ درابوو. بە شێوەیەکی گشتی، دەرهێنەر توانیبووی لە ڕێی دروستکردنی فەزایەکی پڕ لە ململانێ لە نێوان ئەم دوو کاراکتەرەدا و ڕاگرتنی هاوسەنگییەک لە سینۆگرافیاکەدا و ڕاگرتنی ڕیتم *(ئیقاع)*ی شانۆییەکەوە، نمایشێکی جوانمان پێشکەش بکات.

سەبارەت بە نواندنیش، دیسانەوە هەڵبژاردنی ئەو دوو ئەکتەرە بۆ بەرجەستەکردنی کاراکتەرەکانیان، هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوانە بووە. لە ڕاستیدا یەک لەو دوو ئەکتەرە توانیبووی لە ڕۆڵی کرێکارەکەدا ساکاری و سادەیی کاراکتەرەکەمان

پیشان بدات و بە ئاسانی لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر بچێت. ئەوی تریش توانیبووی ساتەکانی گرژی و بێزاری و تەمەڵی و نیگەرانییەکانی کاراکتەرە ڕۆشنبیرەکەمان بۆ بخاتە ڕوو. دواجار، بە هیوای بەردەوامی و کار و بەخششی زیاتر بۆ هونەرمەندی بەتوانا د. فازیل جاف و تیپی شانۆی ئارارات.

# مارا– ساد

## له نێوان شۆڕش و تاگگەراییدا

ڕەنگە گەورەترین کێشەی مرۆڤایەتی لە سەرەتای مێژووەوە، کێشەی هێنانەدیی خەونی ئازادی بووبێت، ئەو ئازادییەی کە مرۆڤ هەست دەکات وەختێ ژیان لێی بێبەری دەبێت، ئەوا چیتر ئەو ژیانە مانا و تام و ڕەنگ و بۆی نامێنێت. باشە هەر وەکو بیرمەندێکی وەکو ژان ژاک ڕۆسۆ و دواتریش سارتەر دەڵێت، مرۆڤ کە خۆی بە ئازادی دێتە ئەم دونیایەوە و لە ڕووی ماف و ئازادییەوە لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا یەکسانە، چی و کێ ماف بەوانە دەدات کە ئەو ئازادییەی لێ زەوت بکەن؟ ئەوە چییە کە ڕەوایەتی دەدات بەوانی تر کە لەژێر هەر ناو و دروشمێکدا بێت، بە ناوی ئایینەوە بێت یان ئایدیۆلۆجیایەکەوە، یان شۆڕش و نیشتمانپەروەری و کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای دانراوەوە، کۆنترۆڵی خەڵکانی تر بکەن و بەو شێوەیە ئاڕاستەی بکەن کە خۆیان مەرامیانە تا بە ئارەزووی خۆیان و بەبێ هیچ بەرهەڵستییەک قۆرخی ئازادی و دەسەڵات و وڵات خەڵک و ئەوەی هەیە و نییە لە وڵاتدا و بگرە تەنانەت قۆرخی ژیانیش بکەن؟

بە درێژایی مێژوو، لە کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیدا ئەم شەڕە لەپێناوی ئازادیدا چەندبارە بووەتەوە و بەرەنگاری و

بەرهەڵستی شێوەی ڕاپەڕین و یاخیبوون و شۆڕشیان وەرگرتووە دژ بەو ناعەدالەتییانە. جاری واش بووە لەو پێناوەدا بە هەزاران قوربانی دراون، بەڵام ئەزموونی مرۆییش ئەوەی پیشان داوە کە گەلێ جار ئەوانەی کە پێشتر جڵەوی شۆڕشیان گرتووەتە دەست، هەر ئەوانە دواتر خۆیان بوونەتەوە بە ستەمکار و هەمان ئەزموونی ستەم و سەرکوتکردن و پاوانخوازییان دووبارە کردووەتەوە.

هەروەها ئێمە وەختێ باس لە ئازادی دەکەین، ئاخۆ ئازادی بە تەنها بریتییە لە ڕزگاربوون لە کۆتوپێوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان؟ ئاخۆ ئازادی بە تەنها بریتییە لە ڕزگاربوون لەو زنجیرانەی کە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیمان دەبەستنەوە؟ ئەی زنجیرەکانی ناوەوەمان؟ ئەی ئەو پاڵنەر *(دافع)*ە دەروونییە هەستی و نەستی *(لاشعوری)*یانەی لە کونج و قوژبنە تاریکەکانی ڕۆحماندان و لە ناوەوە کە جاری وایە بەبێ ئەوەی بە خۆشمان بزانین، بەرەو کۆمەڵێک ئامانجی نائەقڵانیی وەها ئاڕاستەمان دەکەن کە نە بە بەرژەوەندیی خۆمان و نە بە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەش دەشکێتەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی قوت دەکاتەوە کە ئاخۆ ناوەوەی ئینسانەکانیش پێویستی بە شۆڕش نییە؟ ئەگەر شۆڕش لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێداویستییەک بێت و لە هەندێ قۆناغی کۆمەڵایەتیدا خۆی وەکو دەرچەیەک بسەپێنێت، ئەی ئاخۆ شۆڕشی ناخ شۆڕشێک نییە کە ئەگەر لەو گرنگتر نەبێت، ئەوا هێندەی ئەو گرنگە؟ با لە کۆتوپێوەندەکانی دەرەوەش ڕزگارمان بووبێت، بەڵام ئەگەر لە کۆتوپێوەندەکانی ناوەوەی خۆمان و زیندانەکانی ناو ناخی خۆمان ڕزگارمان نەبووبێت، ئەوا

ئەگەری دووبارەبوونەوە و چەندبارەبوونەوەی ستەم و زۆر، ئەگەرێکە هەمیشە ئامادەیە. ئەوانەی تا دوێنێ وەکو سیمبوڵی شۆڕش و یاخیبوون خۆیان پیشان دەدا، وەختێ دەسەڵاتیان گرتە دەست، ئینجا وەحشەکانی ناوەوەیان بەرەڵڵا بوون و ویستیان هەرچی ئەوەی هەیە و نییە، پاوانی بکەن بۆ خۆیان و وەکو مێگەلێکیش مامەڵە لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا بکەن کە کردیانن بە پردی پەڕینەوە بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات. ئەمە لایەنە ناشیرینەکەی گەمەی دەسەڵات و شۆڕشە، ئەوانەی میللەت و کۆمەڵگە وەکو نوێنەری شۆڕش و خەونەکانیان بەرەو عەرشی دەسەڵات بەرزیان دەکەنەوە، هەر ئەوانە دەبنەوە بە ئەژدیهای دەسەڵات و خۆرەی جەستە و ڕۆح و ژیان و خەونەکانی خەڵک و وڵات. ئەم چەند دێڕە دەکەینە سەرەتایەکی بچووک بۆ قسەکردن لەسەر نمایشی شانۆیی «مارا–ساد»، لە نووسینی پیتەر ڤایس و وەرگێڕانی شێرزاد حەسەن، کە لە دوو هەفتەی ڕابوردوودا لە لایەن «کۆڕی شانۆی با»وە و لە دەرهێنانی هونەرمەند «هیوا فایەق» پێشکەش کرا.

## پیتەر ڤایس کێیە؟

دوای گەورە نووسەر و دەرهێنەر و تیۆریستی شانۆیی ئەڵمان، بیرتۆڵت برێخت یان برێشت (١٨٩٨–١٩٥٦)، سێ شانۆنامەنووسی تر پەیدا بوون کە کاریگەرییەکی بەرچاویان نەک هەر لەسەر شانۆی ئەڵمانی، بگرە لەسەر شانۆی جیهانییش هەبوو، ئەوانیش: ماکس فریش و فریدریش دۆرینمات و پیتەر ڤایس بوون.

لە ناوەڕاستی سەدەی بیست و دەیەکانی دواتردا، شانۆی

ئەبسێرد تەوژمی باو بوو لە شانۆی ئەورووپیدا، بەڵام هەر لەو ڕۆژگارەدا، پیتەر ڤایس بە شێوازێکی شانۆیی تایبەتەوە کارەکانی خۆی پێشکەش کرد و شانۆکەشی ناو نا «شانۆی تۆماری یا دۆکیومێنتاری». ئەم ئاقارە شانۆییەی ڤایس وەکو ئەڵتەرناتیڤێک بۆ شانۆیەکی دەروەست هاتە ئاراوە بەرامبەر بە شانۆی ئەبسێرد کە بە لای ڤایسەوە شانۆیەک بوو دوور لە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خەڵک. گەرچی لە پاڵ تەوژمی ئەبسێرددا تەوژمێکی تری شانۆییش هەبوو کە ئەویش تەوژمی بوونگەرایی بوو لە شانۆدا، یان شانۆی بوونگەرا، کە لە شانۆنامەکانی ژان پۆڵ سارتەر و ئەلبێر کامۆ و هەندێ نووسەری تردا بەرجەستە ببوو. بەڵام بە لای ڤایسەوە، ئەو شانۆیەش کەمتر خۆی لە قەرەی مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و ڕووداوە مێژووییەکان داوە. بۆیە شانۆی تۆماری دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژ و ڕابوردوو و قۆناغە مێژووییەکان و لە بەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە تازەکاندا ئەو ڕووداو و قۆناغانە دەخاتە ژێر تەفسیری هاوچەرخانەوە. ڤایس باوەڕی وایە کە هونەرمەندی شانۆکار دەبێت دەروەست بێت. ئەو خۆی هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە تەنانەت گەر جوانترین بیرۆکەی دراماییشی لا بێت، گەر ئەو بیرۆکەیە پەیامێکی هەڵنەگرتبێت، نایکات بە شانۆنامە. بۆ پێکانی ئەم مەبەستەش، ڤایس لە ڕووی هونەرییەوە پەنا بۆ کۆمەڵێک تەکنیک دەبات، لەوانە: نامۆکردن *(لەمەدا لەژێر کاریگەریی برێخت و شانۆی داستانیدا بوو)*، واتە نامۆکردنی ڕووداوێک یان مەسەلەیەک بە مەبەستی ناچارکردنی بینەر بە تێفکرین لەو ڕووداوە یان مەسەلەیە،

هەروەها بەکاربردنی سلاید و فیلمی دۆکیۆمێنتاری لەسەر شاشە و پاشانیش پانتۆمایم.

ئەگەر لە ناونیشانی شانۆنامەکانی ڤایس بڕوانین، یەکسەر ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە نووسەرەکەی چەند گرنگیی بە مەسەلەکانی سەردەمەکەی داوە و ویستوویەتی شایەتێکی بەویژدانی سەردەمەکەی بێت، لەو شانۆنامانەش: سرووودی ئەنگۆلا، باسوخوازێک سەبارەت بە ڤێتنام، ترۆتسکی لە مەنفا، بەڕێز مۆکینبۆت چۆن لە ئازارەکانی ڕزگاری بوو، مارا–ساد و هتد...

مارا–ساد کورتکراوەی *(چەوساندنەوە و کوشتنی ژان پۆڵ مارا بەو شێوەیەی تیپی نواندنی نەخۆشخانەی شارنتۆن بە سەرپەرشتیی مسیۆ دو ساد پێشکەشی کرد)* ە، بەڵام بۆ کورتکردنەوەی ناونیشانەکە، بە مارا–ساد ناو دەبرێ.

لەبەر ئەوەی بابەتی سەرەکیی شانۆنامەکە شۆڕشی فەڕەنسییە، بۆیە بە پێویستی دەزانین کەمێک سەبارەت بەو شۆڕشە و ئەو کەسێتییانە بدوێین کە لە شانۆنامەکەدا کاراکتەری سەرەکین.

## شۆڕشی فەڕەنسا

وتمان تەوەری ئەم شانۆنامەیە شۆڕشی فەڕەنسییە، جا بۆ ئەوەی باشتر لەم شانۆنامەیە تێبگەین، پێویست دەکات ئاوڕێکی کورت لەو شۆڕشە بدەینەوە.

یەکێک لەو شۆڕشە گەورانەی کە وێستگەیەکی خەتەرناکە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و گەلێ چەمک و وێنای لای خەڵک

گۆڕی، شۆڕشە گەورەکەی فەڕەنسا بوو، کە بابەتی شانۆنامەکەی پیتەر ڤایس و نمایشی *(مارا–ساد)*ە.

هەر وەکو ئاشکرایە، شۆڕشی فەڕەنسا (١٧٨٩–١٧٩٩) ئەو شۆڕشە بوو کە گەلی فەڕەنسا دژ بە ڕژێمی لویسی شازدەیەم کردیان و کۆمەڵێک هۆکاری لە پشتەوە بوو کە گرنگترینیان قۆرخکردنی دەسەڵات و داهاتی وڵات بوو لە لایەن دەستوپێوەندی شا و خانەدانەکان و کڵێسا و پیاوانی ئایینەوە و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە ناو دەستەودایرەی شادا. هەموو ئەمانەش بوون بە هۆی قەیرانێکی ئابووریی گەورە تا ئەو ڕادەیەی بەشێکی زۆری کۆمەڵگە توانای دابینکردنی نانی ڕۆژیان نەبوو. ئەمە جگە لەوەی کە ڕژێم باجی بەسەر جووتیاران و هاووڵاتیاندا سەپاندبوو، کەچی خانەدانەکان و پیاوانی ئایین و دارودەستەی شا باجیان لێ نەدەسەنرا، هەر بۆیە مانگرتن و خۆپیشاندان دژ بە دەسەڵاتی شا دەستی پێ کرد. لەم سەروبەندەشدا کۆمەڵێک بیرمەند پەیدا بووبوون کە بە توندی ڕەخنەیان لە ڕژێمی شا و لە کڵێسا دەگرت و بانگەشەیان بۆ عەدالەت و یەکسانی و دیموکراسی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و مافەکانی مرۆڤ دەکرد. هەڵبەت شۆڕشی فەڕەنسی بە بزووتنەوەی ڕۆشنگەرییەوە بەستراوەتەوە و ئەم بزووتنەوەیەش لەسەر دەستی کۆمەڵێک فەیلەسوف و بیرمەند دروست بوو کە بەشێکیان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر شۆڕشی فەڕەنسی هەبوو، لەوانەش: ژان ژاک ڕۆسۆ و مۆنتیسکیۆ و ڤۆڵتێر *(لە شانۆنامەکەشدا ژان پۆڵ مارا هەڵگری بیروبۆچوونەکانی ڕۆسۆیە)*.

بەهەرحاڵ، خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکان گەیشتنە ئەوەی

لەژێر ئەو فشارەدا شا ناچار بێت کۆبوونەوە بە ئەنجومەنی چینەکانی میللەت بکات کە لە سێ دەستەی هەڵبژێرراو پێک هاتبوو و نوێنەری سێ چینەکەی کۆمەڵگە بوون: چینی خانەدانان و چینی پیاوانی ئایینی *(ئەکلیرۆس)* و چینی گشتی، بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ قەیرانە داراییەکە. پاش ئەوەی نەگەیشتنە ئەنجام، چینی گشتی، لەبەر ئەوەی زۆرینە بوون، خۆیان بە نوێنەری ڕاستەقینەی میللەت دەزانیو ناوی خۆیان نا کۆمەڵەی نیشتمانی و سەبارەت بە باج و گۆڕینی دەستوور، هەندێ کاری گرنگیان ئەنجام دا. بەڵام لە کۆبوونەوەیەکی تردا و بە ئامادەبوونی شا، شا لەسەر ئەو گۆڕانکاری و داواکارییانەی ئەوان قایل نەبوو و وتارێکی دا و هۆڵەکەی جێ هێشت. دواتریش نوێنەری شا داوای لە کۆمەڵەکە کرد هۆڵەکە جێ بهێڵن، بەڵام میرابۆ کە یەکێک بوو لە ڕوخسارە دیارەکانی شۆڕش، وتارێکی توندی دا و وتی کە ئەوێ جێ ناهێڵن. بەهەرحاڵ، دواتر بێسەروبەرییەکی بەرفراوان لە ناو پاریسدا دروست بوو و خەڵکە ناڕازی و یاخیبووەکە هێرشیان کردە سەر ئەمبارەکانی چەک و تەقەمەنی و بەرەو زیندانی باستی چوون کە وەک سیمبولێکی دەسەڵات تەماشا دەکرا، پەلاماریان دا و دوای بەرەنگارییەکی سەخت، شۆڕشگێڕەکان دەستییان بەسەر باستیدا گرت. هەروەها لە گەلێ ناوچەی تری فەڕەنسا، خەڵکی هێرشیان کردە سەر دێر و کڵێساکان فەرمانگەکانی باجگیری و دامودەزگاکانی ڕژێم و وێران و تالانیان کردن.

هەر لەم سەروبەندەدا و لە ٤ی ئۆگەستی ١٧٨٩دا، کۆمەڵەی نیشتمانی کۆبوونەوەی ئەنجام دا و بە پێشنیازی دۆنوای و

دۆک داجیۆن، هەوڵی دەستووریکی نوێیان بۆ فەڕەنسا دا کە تێیدا باجی کڵێسا لادەبرا و مافی دەرەبەگان نەدەما و داوای یەکسانیی تەواو لە نێوان هاووڵاتیاندا کرا. لە ٢٦ی ئۆگستی هەمان مانگدا، کۆمەڵەی نیشتمانی، لەژێر کاریگەریی بیروڕاکانی ژان ژاک ڕۆسۆ و بەڵگەنامەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، بەڵگەنامەی مافەکانی مرۆڤی ڕاگەیاند.

بێگومان شا ئەم بڕیارانەی بۆ هەرس نەکرا، چونکە ئەو بڕیارانەی بە بنەمای هەڵتەکاندنی دەسەڵاتی خۆی دەزانی. بە قسەی میرابۆشی نەکرد پاریس جێ بهێڵێت و بچێت لە ناوچەیەکی تری فەڕەنسا دانیشێت و داوا لە کۆمەڵەی نیشتمانی بکات تا دەستوورێکی تر بۆ وڵات دابنێن. ئەوە بوو لەسەر پێشنیازی ماری ئەنتوانێتی هاوسەری، هەوڵی ڕاکردنیان دا بەرەو شاری شالۆن، بەڵام دەستگیر کران و گەڕێنرانەوە بۆ پاریس. ساڵی ١٧٩١، کۆمەڵەی نیشتمانی دوایین دارِشتنی خۆی بۆ دەستووری نوێ خستە بەردەست شا لویسی شازدەیەم، تێیدا هاتبوو کە سەرچاوەی سەرەکیی حوکمڕانی بریتییە لە میللەت لە ڕێی کۆمەڵەیەکی تەشریعی و هەروەها شای فەڕەنسییەکانەوە کە چیتر هەقێکی پیرۆز و خودایی نییە *(چونکە ئەودەم شا وەکو نوێنەری خوا لە سەر زەوی سەیر دەکرا و گوایە حوکمەکەشی وەکو هەقێکی خودایی وایە)*. هەر لەو دەستوورەدا هەرسێ دەسەڵاتەکە لە یەکدی جیا کرابوونەوە: دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان و قەزایی *(ژان پۆڵ مارا ئەندامی کۆمەڵەی یاسادانان بوو)*.

لە ١٠ی ئۆگستی ١٧٩٢دا خۆپیشاندەران شاڵاویان بۆ

کۆشکی تۆلیری برد و گەنجینەیەکی نهێنیی شایان دۆزییەوە کە تێیدا کۆمەڵێک دۆکیومێنت هەبوون سەبارەت بە هاوکاریی شا لەگەڵ هەندێ دەوڵەتی ئەورووپیدا. ئەوانیش ئەمەیان بە خیانەت لە قەڵەم دا بەرامبەر بە وڵاتی فەڕەنسا، بۆیە دوای گرتنی شا، لە جەنیوەریی ۱۷۹۳دا بڕیاری پەڕاندنی سەریان دا بە گیۆتین *(میقسەڵە)*، بەمەش کۆماری فەڕەنسا لەدایک بوو *(و ڕۆبسپێر بوو بە سەرۆکی حکومەت)* و مافەکانی مرۆڤیش ڕاگەیەنران. بەڵام ڕۆبسپێر بە توندی کەوتە کوشتوبڕی نەیارانی حکومەتە تازەکە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەسگیر بکرێ و لەگەڵ لویس دو سانت جوست و هەندێ جاکۆبی *(یاکووبی)ی* تردا بکوژرێن. لە ۲۲ی ئۆگەستی ۱۷۹۵دا گۆڕانکاری لە دەستووردا کرا و لە لایەن گەلەوە دەنگی لەسەر درا و پەسەند کرا. پاشان فەڕەنسا، بە سەرکردایەتیی ژەنەراڵ ناپۆلیۆن پۆنابێرت، شەڕی دژ بە ئەورووپا ڕاگەیاند. لە ڕاستییشدا ناپۆلیۆن، کە گۆڕابوو بۆ دیکتاتۆرێک، توانیی بەسەر گەلێ وڵاتی ئەورووپی و نائەورووپیدا سەربکەوێ تا لە ساڵی ۱۸۱۳دا وڵاتە ئەورووپییەکان هاوپەیمانی دژی ساز دەکەن و لە ساڵی ۱۸۱۵دا لە شەڕی واتەرلودا شکستی پێ دەهێنن.

### ژان پۆڵ مارا (۱۷۴۳–۱۷۹۳)

ژان پۆڵ مارا یەکێک بوو لە ڕابەرە ڕادیکاڵەکانی شۆڕشی فەڕەنسی. ئەو کەسێکی پڕ لە جۆشوخرۆش بوو و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شۆڕش هەبوو، بەڵام بە توندڕەوییەکەشی ناسرابوو و هەر کەسێک دژی شۆڕش بوایە، فەرمانی کوشتنی

بۆ دەردەکرد. مارا سەرەتا لایەنگری سیستمی پاشایەتیی دەستووری بوو، بەڵام دوای ئەوەی لویسی شازدەیەم دژایەتیی ئەنجوومەنە دەستوورییەکان و جاڕدانی مافی مرۆڤی کرد، ئیتر مارا کەوتە دژایەتیکردنی شا و داوای کرد کە دەبێ لەسەر حوکم لاببرێ. شایانی باسە ناوی مارا بە کوشتارێکی گەورەوە بەستراوەتەوە کە لە ٢ی سێپتەمبەری ١٧٩٢دا ئەنجام درا و بە «کوشتاری سێپتەمبەر» ناوی دەرکرد. ئەوە بوو دەنگۆیەک بڵاو بووەوە کە ئەو زیندانییانەی لایەنگری شا بوون، دەیانەوێ خۆیان لە زیندان قوتار بکەن و تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، ئیتر لە ماوەی سێ ڕۆژدا زیاتر لە هەزار زیندانی بەبێ دادگاییکردن کوژران و دەشگوترێ کە ئەوە بە فەرمانی مارا بوو.

لە سەرێکی تریشەوە، مارا بەرامبەر بە جیرۆندییەکان ڕقئەستوور بوو. جیرۆندییەکان کە خەڵکی جیرۆند بوون و بۆرژوا بوون و باوەڕیان بە خاوەندارێتیی تایبەتی هەبوو، ترسیان لەوە هەبوو کە نوێنەرانی پاریس، واتە کۆمارییەکان *(کە زۆربەیان یاکووبی بوون و دیارترینیان مارا و دانتۆن و ڕۆبسپێر بوون)* بە تەواوی دەست بەسەر فەڕەنسادا بگرن، هەر بۆیە بە هەموو شێوەیەک دەیانویست لەو دەسەڵاتەیان کەم بکەنەوە.

**دواجار، مارا لەسەر دەستی شارلۆت کۆردای کوژرا.**

هەڵبەتە مارا هەم خاوەنی کتێبی چاپکراو بوو و هەم ڕێنماییەکانی خۆی لە شێوەی بڵاوکراوەدا پەخش دەکرد و هەم ڕۆژنامەیەکیشی بە ناوی *(هاوڕێی گەل)* دەردەکرد کە دواتر بوو بە ڕۆژنامەی کۆماری فەڕەنسی.

### شارلۆت کۆردای (١٧٦٨–١٧٩٣)

شارلۆت کۆردای یەکێک بوو لە ڕوخسارەکانی شۆڕشی فەڕەنسی. ئەو هەر زوو باوکی دەینێرێت بۆ دێری ژنان لە کەین و لەوێ لە ڕێی کتێبخانەکەی دێرەوە بە دنیای کتێب و خوێندنەوە ئاشنا دەبێت و کتێبەکانی ڕۆسۆ و ڤۆڵتێر دەخوێنێتەوە و بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکانی شۆڕش دەکات. کۆردای هاوسۆزیی بۆ جیرۆندییەکان هەبوو و لە گەڵیٰ لە کۆبوونەوەکانیاندا ئامادە دەبوو. لێرەوە، فراوانبوونی دەسەڵاتی یاکووبییەکان بە مەترسییەکی گەورە دەزانێت بۆ سەر وڵات و بڕیار دەدات مارا بکوژێت، چونکە جیرۆندییەکان پێشبینیی ئەوەی لیٰ دەکەن ببێتە دیکتاتۆرێکی بەزەبروزەنگ و مایەی شەڕی ناوخۆ. شارلۆت دوو جار دەچێت تا مارا ببینێت، بەڵام سیمۆن ئێڤراری دۆستی ڕێی پیٰ نادات، بەڵام لە سێیەمین هەوڵیدا بۆ خۆگەیاندنە لای مارا، دەیبینێت و بەو بیانووەی کە کۆمەڵێک کەس دەیانەوێ پیلانی دژ بگێڕن، فرسەت دەقۆزێتەوە و ئەو چەقۆیەی کە بۆ ئەو مەبەستە کڕیبووی، دەیچەقێنێت بە لای چەپی سنگی مارادا و دەیکوژێت.

هەڵبەت دوای کوشتنەکەی، مارا دەخرێتە ئاستی شەهید و پاش چوار ڕۆژ لە کوشتنەکەی ماراش، بە گیۆتین ملی شارلۆت دەپەڕێنریٰ.

### مارکیز دو ساد (١٧٤٠–١٨١٤)

مارکیز دو ساد لە خێزانێکی خانەدانی دەوڵەمەنددا هاتە دنیاوە. بەڵام هەر لە مناڵییەوە لە سۆزی دایک و

باوک بێبەش بوو و وەختێ بوو بە لاویش، باوکی زۆری لێ کرد کە هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکدا بکات کە خوشکی خۆشەویستەکەی بوو. ئیتر بە ناچاری ئەوی هێنا، وەلێ هێندەی پێ نەچوو کە بە تۆمەتی دەستدرێژیکردنە سەر کچێکی تر، خرایە زیندانەوە.

ئەو بێبەشبوونەی ساد لە سۆزی دایکی و هاوسەرێتیی ناچاریی لەگەڵ ژنێکدا کە خۆشی نەدەویست و لەگەڵ خەسوویدا ببوو بە ناحەزی، هۆکار بوون بۆ ئەوەی ساد ڕقی لە ژنان بێتەوە و حەز بە ئازاردانیان بکات، تەنانەت لە کاتی سێکسکردن لەگەڵیاندا. هەر لێرەشەوە زاراوەی *(سادیزم)* هاتە گۆڕێ کە بە مانای «چێژوەرگرتن لە ئازاردانی بەرامبەر» دێت. ساد بە ئاشکرا گوزارشتی لە ئارەزووەکانی خۆی و تێرکردنیان دەکرد، بەدەر لە هەر پێودانێکی ئاکاری و کۆمەڵایەتی. ئەو بە ناوی سروشت و غەریزەوە بانگەشەی بۆ ئازادبوون لە هەموو کۆتە ئایینی و ئەخلاقییەکان دەکرد و باوەڕی بە پیاوانی ئایین و دادگا نەبوو و بە ڕیاکار لە قەڵەمی دەدان. ساد بە تۆمەتی دەستدرێژییە زۆرەکانی بۆ سەر ژنان و ئازاردانیان، لە زیندانی باستیدا بە دە ساڵ زیندانیکردن حوکم درا. بەڵام ساد لە زینداندا درێژترین کاری خۆی نووسی بە ناوی «سەد و بیست ڕۆژ لە سودوم». ساد دوای ئازادبوونی لە زیندان و لە کاتی حوکمی «ناپۆلیۆن»دا، لە شانۆنامەیەکیدا هێرش دەکاتە سەر ناپۆلیۆن و جۆزفینی هاوسەری. ئەمە دەبێتە مایەی تووڕەیی ناپۆلیۆن، بۆیە دەیخاتە شێتخانەیەکەوە و لەوێش دە ساڵ دەباتە سەر. تیپێکی شانۆیی لە شێتەکان دروست دەکات و کۆمەڵێک نمایشی شانۆیی پێشکەش دەکات. نووسەرێک لەم

بارەیەوە دەڵێت: ساد بە شێتی لە ناو ئاقڵەکاندا ژیا و بە ئاقڵی لە ناو شێتەکاندا. شایانی باسە ساد خاوەنی کۆمەڵێک ڕۆمانیشە، لەوانە «فەلسەفەی پێخەف» و «ژۆستین».

### شانۆنامەی «مارا – ساد»

گەرچی پیتەر ڤایس نووسەری کۆمەڵێک دەقی شانۆیی ترە جگە لە شانۆنامەی مارا–ساد، بەڵام لەبەر پتر لە هۆیەک، ئەم شانۆنامەیەی لەوانی تر بەناوبانگترە. دەشێ یەکێک لەو هۆیانەش ئەوە بێت کە ئەم شانۆنامەیە لە ساڵی ١٩٦٤دا لە لایەن گەورە دەرهێنەری شانۆیی «پیتەر بروک»ەوە کاری تێدا کراوە و نمایش کراوە و لە کاتی خۆیدا مشتومڕێکی بەرفراوانی لێ کەوتەوە.

من پێم وایە لە هەموو سەردەمێکدا مەسەلەی هەڵبژاردنی دەق لە لایەن دەرهێنەرەوە، مەسەلەیەکە گرنگیی خۆی هەیەو ئەو هەڵبژاردنە پشکی لە سەرکەوتن یان شکستی کارەکەدا دەبێت. هەڵبژاردنی ئەم کارەش لە لایەن هونەرمەند *(هیوا فایەق)*ەوە هەڵبژاردنێکی زیرەکانە بووە. بۆ؟ لەبەر ئەوەی پرسی شۆڕش و کێشەکانی، گەر لە دونیاشدا نەبێت، تا ئێستا لە بەشێکی فراوانی کۆمەڵگە خۆرهەڵاتییەکاندا پرسێکی زیندووە. وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێ دا، بابەتی سەرەکیی ئەم شانۆنامەیەش شۆڕشی کۆمەڵایەتی و لەگەڵیدا شۆڕشی فەردییە.

شوێنی ڕووداوەکانی شانۆنامەکە نەخۆشخانەیەکی دەروونی *(یان شێتخانەیەکە)* کە مارکیز دو سادیشی لێیە. دو ساد شانۆنامەیەکی نووسیوە کە سەبارەت بە

شۆڕشی فەڕەنسییە و دەیەوێ لە یادی ئەو شۆڕشەدا لە ناو نەخۆشخانەکەدا نمایشی بکات و هەر خۆیشی دەرهێنەرەکەیەتی، ئەکتەرەکانیشی نەخۆشەکانن، واتە ئەمە «شانۆ لە ناو شانۆ»دایە کە تەکنیکێک بووە پێشتر نووسەری ئیتاڵی «لویجی پیراندێللۆ» لە شانۆنامەی «شەش کاراکتەر بەدوای نووسەرێکدا دەگەڕێن»دا بەکاری هێناوە. ڕۆژی ڕووداوەکان سیازدەی جوولایی ١٨٠٨ە، واتە هەمان ئەو ڕۆژەی کە لە ساڵی ١٧٩٣دا ژان پۆڵ مارای تێدا کوژرا. هەموو ئەمانەش لەژێر چاودێریی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەدایە کە ناوی «کۆلمێ»یە و کابرایەکی بۆرژوایە و لە لایەنگرانی ئەو حکومەتەیە کە ناپۆلیۆن دوای شۆڕش پێکی هێنا. بە لای «کۆلمێ»وە ئەم نمایشە شانۆییە کە لەسەری ڕازی بووە نمایش بکرێ، گوزارشت لە نیشتمانپەروەری دەکات و لایەنی حکومەت دەگرێت. بەڵام ئەکتەرەکان جاری وایە هەندێ دایەلۆگ دەڵێنەوە کە چاودێرەکە لە دەقەکە لای داوە، یان هەندێ دایەلۆگ بە جۆرێک دەڵێن کە گوزارشت لە خۆیان بکات و ئەوە پیشان بدەن کە جاران و پێش شۆڕش حاڵیان چۆن بوو، ئێستاش هەر وایە و بەرەو باشی نەگۆڕاوە.

ململانێ لەم شانۆنامەیەدا لە نێوان دوو دیدی سەرەکیدایە کە دوو کاراکتەری سەرەکی بەرجەستەی دەکەن: دیدێک کە تا سنووری تیرۆرکردنی هەموو ئەو کەسانەی دژ بە شۆڕشن و تێڕوانینی جیاوازیان هەیە بۆ شۆڕش، شۆڕشگێڕە. دیدێکی تریش تا سەرئێسقان فەردێکە لە ناو دنیای حەز و ئارەزوو و خەونەکانی خۆیدا نوقمە و لە ئاست شۆڕشی کۆمەڵایەتی و پرنسیپەکانیدا بێباکە و تا ڕادەیەکی

زۆر دەتوانین بڵێین ئانارشیستە، بۆیە ئەو چاوەڕێی شۆڕش ناکات و ئازادیی ڕەها پیادە دەکات. بە لای ئەوەوە شۆڕش هیچی بۆ ئینسانەکان نەهێنایە دی. ئەو باوەڕی بەوە هەیە کە ئینسان تا خۆی باش نەناسێت، ناتوانێ لافی گۆڕینی ژیان بەرەو باشتر لێ بدات و خەڵکی پێ چەواشە بکات، هەر بۆیە نەک هەر گومانی لە خەڵک و لە مرۆڤ هەیە کاتێ بە ناوی هەقیقەتێکی گشتییەوە قسە دەکەن، بەڵکو تەنانەت گومانی لە خۆیشی هەیە. ئەوەتانێ دەڵێت:

«خۆم ناناسم... هێشتا خۆم نەدۆزیوەتەوە
هەر کە بە شتێک دەگەم و دەڵێم: ئەوەتا دۆزیمەوە
هێندەی پێ ناچێ
گومانی لێ دەکەم و بە دوودڵییەوە لێی ورد دەبمەوە
ئەوساش بە پێویستی دەزانم بیرمێنم... تێکی بدەمەوە
هەرچییەکی کە دەیکەین، سێبەری ئەو هەقیقەتەیە کە دەمانەوێ
تاقە ڕاستییەکیش کە پێی دەگەین
هەمیشە لە گۆڕاندایە و دەرەنجامی ئەزموونی خۆمانە
من تێناگەم، نازانم ئاخۆ نێچیرم یان ڕاوچی.»

دواتر بە مارا دەڵێت:

«بۆ خۆت بە دونیاوە سەغڵەت دەکەیت
هەمووی لای من بەتاڵە
تاقە ڕاستییەک من بیزانم، هەر خەیاڵە
ئەو دونیایەی وا لە نێو خودی خۆمدا.
شۆڕش شتێکە
ڕاگوزەرانە تێدەپەڕم بە لایدا»

بەڵام مارا لە وەڵامیدا دەڵێت:

«وا نییە ساد، تۆ بە هەڵەدا چوویت
ئەو خەیاڵەی لێی دەدوێیت
لای من بێکەڵک و بەهایە
خەیاڵ بە تەنها هیچی پێ ناکرێ
هیچ دیوار و شوورە و بەربەستێکی پێ نارمێ
ڕاستە کە من دەنووسم
بەڵام قەڵەم بە تەنها ناتوانێ سیستمە گەندەڵەکان ڕامالێ.»

لە شوێنێکی تردا ساد بەم جۆرە باسی شۆڕشگێڕەکان دەکات کە بە «ئایدیالیستەکان» ناویان دەبات:

«من باوەڕ بە ئایدیالیستەکان ناهێنم
ئەوان بە کوێرەڕێدا دەڕۆن
من باوەڕم بە هیچ قوربانییەک نییە
با بۆ مەسەلەیەکی پیرۆزیش بێت
من تەنها باوەڕم بە خۆمە... بە خۆم و بەس.»

بەڵام مارا بەم قسەیەی ساد تووڕە و پەست دەبێت و وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت:

«بەڵام من وەک تۆ نیم
گەلێ باوەڕم بە شۆڕشە
ئێمە بووین تەخت و تاراجی حوکمڕانەکانمان
تێکوپێک شکاند
وەلێ ئێستا لەبری ئەوان
کۆمەڵێک کەسی تر هاتوون
کە شۆڕشیان کردووە بە داردەستی
بازرگان و خواپێداوەکان
بۆرژوا و سەرمایەدارەکان

که چینێکی تازە و سەرکەوتوون
ئێمەش بووینەتە کەری ژێر بار و دەنقێنین.»
جۆقەکەش کە بەرجەستەکەری خەڵکن، لە دایەلۆگێکدا باس لە نائومێدیی خۆیان دەکەن سەبارەت بە ئەنجامەکانی شۆڕش و قۆستنەوەی لە لایەن کەسانێکی تەڵەکەبازەوە کە سەرەتا بە ناوی بەرژەوەندیی خەڵکەوە دەدوان:
«کۆمەڵێک مەیموونی قەڵەو
کە جلەکەی بەریان لە پارەی کاغەز دروست کراوە
لە حەوزی شامپانی و براندیدا مەلە دەکەن
شەرابی هەمەچەشنە
ئەوان لە نێو پارە و دراودا
ئێمەس لەناو قوڕ و لیتاودا
دەگەوزێین
کۆمەڵێک زەلامی تەڵەکەباز
کە لە غۆرێللا دەچن
ئاواتەخوازن تەفروتوونا بین... ئاواتەخوازن
ئەم شۆڕشە وێرانەیە
ئەوان بیر لە هیچ شتێک ناکەنەوە
تەنها ئەوە نەبێت کە خەڵکی بگوشن و بیچەوسێننەوە.»
کاتێک ئەم بڕگانە دەخوێنینەوە، دەبینین شۆڕشەکان لە چەند ڕووەوە لەیەک دەچن. ئەوەتانێ ئەو شۆڕشە گەورەیەی فەڕەنسا کە سەرەتا بە ناوی گەل و ئازادی و مافی مرۆڤەوە دەستی پێ کرد، چۆن دواتر لە لایەن کۆمەڵێک خەڵکی دەسەڵاتگەراوە قۆسترایەوە و چووەوە خزمەتی ئەوانەی کە سەرلەنوێ بوونەوە بە چەکووش بۆ سەری ئەو خەڵکانەی

که سووتەمەنیی شۆڕشەکە بوون و ئەنجامەکەشی بە دیکتاتۆرییەتەکەی ناپۆلیۆن شکایەوە.

وەختێ ئاماژەم بە دروستیی هەڵبژاردنەکەی هونەرمەند *(هیوا فایەق)* دا بۆ ئەم دەقە، هەر لەو ڕووەوە بوو کە چۆن لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەش، لە دوای هەموو ئەو قوربانییانەی لەپێناوی شۆڕش و گۆڕانکاریدا دران، کەچی ئەنجامەکەی بەوە شکایەوە کە بە درێژایی بیستوپێنج ساڵ جگە لە کەڵەکەکردنی سەرمایە لە لایەن سەران و لایەنگرانی ئەو حیزبانەوە کە تا پێشتر خۆیان وەکو شۆڕشگێڕ و ڕزگارکەر پیشان دەدا و پاراستنی بەرژەوەندیی تایبەتی و سووکایەتیکردن بە ئینسان و هاوولاتییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە و مومارەسەکردنی گەندەڵی لە شێوە هەرە قێزەونەکەیدا و دروستکردنی قەیران لە دوای قەیران، هیچی تری لێ سەوز نەبوو. مارا لە شانۆنامەکەدا دەڵێت: شۆڕش با زیندانەکانی دەرەوەش تێک بشکێنێت، بەڵام کۆمەڵێک زیندانی تر لە ناوەوەی ئینسانەکاندا دروست دەکاتەوە. ئەم قسەیەی مارا وەک چۆن بەسەر شۆڕشی فەڕەنسی و گەلێ شۆڕشی تری میللەتانی دنیادا دەچەسپێت، بە هەمان ڕادەو بگرە زیاتر بەسەر کۆمەڵگەی خۆشماندا دەچەسپێت. بۆیە لێرەوە گرنگیی هۆشیاریی یاخیبوون و شۆڕشەکانی ناوەوەش دێت، بەڵام هەڵبەتە نەک لە فۆرمە سادییەکەیدا، کە ڤایس تەنها وەکو نموونەیەکی توندڕەو هێناویەتەوە. لە شانۆنامەکەدا هاتووە کە: ئێمە پێویستمان بە سەرکردەیەکە کە بە ڕاستی میللەت بەرەو ئازادی ڕێنمایی بکات و بە نوێنەرانێک کە بە ڕاستی نوێنەری میللەت بن. بەڵام کامانەن ئەو سەرکردەو نوێنەرانەی کە بە ڕاستی نوێنەرایەتیی کۆمەڵگە و میللەت دەکەن و بەرەو

ئازادیو مافی ڕەوای خۆیان ڕێنماییان دەکەن؟ ئەوانەی دوێنێ بە ناوی میللەتەوە هەڵبژێرران بۆ نوێنەرایەتیی خەڵکو کۆمەڵگە، هەر ئەوەندە جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست، جگە لە پاراستنی پێگە و دەسەڵاتی خۆیان، هەموو وادە و بەڵێنێکی تریان فەرامۆش کرد، کەواتە کامەیە ئەو گەرەنتییەی کە دڵنیامان دەکاتەوە لەوەی ئەوانەی خۆیان بە قوربانی پیشان دەدەنەوە، سبەینێ نابنەوە بە جەللاد؟

بۆیە بە بۆچوونی ئێمە، پیتەر ڤایس دەیەوێ پێمان بڵێت کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە تەنها لە ڕێی گۆڕینی سیستمی سیاسی یان دەسەڵاتی سیاسییەوە نایەتە دی، یان بە واتایەکی دی، لە ڕێی شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵکو دەبێ شۆڕشی تاک و خودیشی لەگەڵدا بێت، دەبێ هاوشانی ئەوە گۆڕانکاریی گەورە لە ئەقڵییەت و مێنتاڵێتیی تاکەکانیشدا بهێنرێتە دی، ئەگینا هەر گۆڕانێکی سیاسی بە هەمان ئەقڵییەتی باوەوە، نابێتە مایەی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە کۆمەڵگەدا. کۆمەڵگە چەند پێویستی بە شۆڕشی کۆمەڵایەتییە، ئەوەندەش پێویستی بە شۆڕشی تاکە.

بەهەرحاڵ، پیتەر ڤایس ئەم دوو کاراکتەرەی هێناوە تا یەکێکیان *(ژان پۆڵ مارا)* وەکو بەرجەستەکەری شۆڕش نیشان بدات دژ بە گەندەڵیی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەوی تریشیان *(دو ساد)* وەک بەرجەستەکەری تاکی یاخی دژ بە هەموو ئەو کۆتانەی ڕێ لە ئازادیی ڕەهای ئینسان دەگرن و نایەڵن مومارەسەی ئازادییەکانی خۆی بکات. گەرچی هەردووکیان فۆرمە توندڕەوەکەی شۆڕش و یاخیبوونن.

بەڵام پیتەر ڤایس نەهاتووە لایەنی یەکێکیان بگرێت و دژ

بە لایەنەکەی تر بوەستێتەوە، بەڵکو ئەوەی بۆ بینەران جێ هێشتووە، چونکە ئەو خۆی دەزانێ کە ئەو دوانە تەواوکەری یەکترن و ئەنجامدانی یەکێکیان بەبێ ئەوەی تر، کۆمەڵگەیەکی نائازاد و نوقسانمان بۆ دەهێنێتە ئاراوە.

### سەبارەت بە نمایشەکە

هەڵبەتە ئەم شانۆنامەیەی پیتەر ڤایس پێشتر و لە لایەن چەند دەرهێنەرێکی تری جیهانییەوە و بە زمانی جیاجیا نمایش کراوە، بەڵام لە نێویاندا کارەکەی پیتەر بروک بە ناوازەترینیان لە قەڵەم دەدرێ. بروک لە ساڵی ١٩٦٤دا بە ناونیشانە درێژەکەی خۆیەوە پێشکەشی کرد، واتە «ئەشکەنجەدان و کوشتنی ژان پۆڵ مارا وەک ئەوەی تیپی نواندنی نەخۆشخانەی شارنتۆن بە سەرپەرشتیی مسیۆ دو ساد پێشکەشیان کرد»، دواتریش لە ساڵی ١٩٦٧دا کردی بە فیلمێکی سینەمایی. هەبوونی ڕەگەزە درامایی و شانۆییەکانی برێخت و ئەنتوان ئارتۆ و هەروەها مۆسیقا لە کارەکەی ڤایسدا، هاندەرێکی باش بووە بۆ بروک تا جیهانبینی و ڕوانینەکانی خۆی تێدا بەرجەستە بکات.

ئەوەندەی لە ساڵانی نەوەدەکانەوە بینەری نمایشە شانۆییەکانی «کۆڕی شانۆی با» بووم، شایەتیی ئەوە دەدەم کە یەکێکە لەو گرووپە شانۆییە جیدییانەی بەردەوام لە ئەزموونندا بوون و هەوڵی ئەوەیان داوە لە ڕێی تاقیکردنەوەی شێوازی جۆراوجۆرەوە، هەم خۆیان لە قەرەی مەسەلەکانی ڕۆژ بدەن و هەم پردێکی پەیوەندی لەگەڵ بینەرانی شانۆدا ببیننەوە، بینەرانێک کە چێژ لە شانۆی جیددی وەربگرن.

هەڵبەت ئەمەش کارێکی سانا نەبووە و نییە لە ناو شەپۆلێک کاری شانۆیی بازاڕیدا کە هیچ مەرامێکی فیکری و هونەرییان نییە جگە لەوەی بە پەنابردنە بەر هەموو شێوەکانی گاڵتەجاڕی، بینەران بهێننە پێکەنین. بێگومان ئەو کارانە ناچنە خانەی کۆمێدیاوە، لەبەر ئەوەی کۆمێدیا هونەرێکی باڵایە و بە درێژایی مێژووی ئەدەب و هونەری شانۆ، چەندین نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەری بلیمەتی کۆمێدیا دەبینینەوە کە ڕۆڵیان لە گۆڕینی ڕوانین و چێژی بینەراندا هەبووە و لە فۆرمێکی هونەریی بەرزدا ڕەخنەیان لە دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکان و دیاردە کۆمەڵایەتییە باوەکان گرتووە. هەروەها من خۆم پێشتر سەبارەت بە هەندێ لە نمایشەکانی «کۆڕی شانۆی با»م نووسیوە. «کۆڕی شانۆی با» کۆمەڵێک وزەی لاوی گرتووەتە خۆ کە خۆبەخشانە لەم ڕۆژگارە سەختەدا بە عیشقەوە دەیانەوێ لە کارەکانیاندا دەروەستیی خۆیان بۆ ئەم هونەرە ئیبداعییە دووپات بکەنەوە کە بە داخەوە ساڵانێک بوو خەریک بوو ڕووەو ئاوابوون دەچوو.

من ئەم نمایشەی «کۆڕی شانۆی با» بە خاڵێکی وەرچەرخان دەزانم لە مێژووی تیپەکە و ئاڕاستەی هونەرییاندا، بەوەی کە لەم کارەیاندا پتر گەڕاونەتەوە بۆ دەق و هەروەها شەفافییەتێکی زیاتر لە گەیاندندا هەیە. هەڵبەت مەبەستم خۆبەستنەوەی دەقاودەق نییە بە تێکستەوە *(کە لەم نمایشەدا تا ڕادەیەک دەیبینین)*، بەڵام لە کارەکانی پێشوویاندا هێندەی پشتیان بە ئیرتیجال بەستووە لە پێکهێنانی نمایشدا لە کاتی پرۆڤەدا و لەسەر بنەڕەتی بیرۆکەیەک، ئەوەندە بە دەقێکی دیاریکراوەوە وابەستە نەبوون.

بەهەرحاڵ، قسەکردن لەسەر وردەکارییەکانی نمایشەکە و دەرهێنان و نواندن و سینۆگرافیا و هتد... پێویستی بە توێژینەوەیەکی بەرفراوانە و ئێمەش لەم نووسینەدا ئەوەندەی مەبەستمان بووە ئاوڕێک لەم کارە جیددییە بدەینەوە و قسە لەسەر پاشخانی ڕووداوەکانی شانۆنامەکە و نمایشەکە بکەین، تا ببێتە سەرەتایەک بۆ تێگەیشتنی بینەران لە نامەی نمایشەکە، هێندە خۆمان لە قەرەی ئەو وردەکارییانە نەداوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ تێبینی هەن کە بە پێویستی دەزانین بیانخەینە ڕوو.

گەرچی پێم وابێت ئەمە یەکەم کاری دەرهێنانی هونەرمەند *(هیوا فایەق)*ە کە بە تەنها خۆی دەرهێنەری کارەکە بووبێت *(پێشتر لەگەڵ هونەرمەند هۆرێن غەریب کاری دەرهێنانیان کردووە)*، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لێهاتوویی و زیرەکیی دەرهێنەرمان بۆ دەردەکەوێ هەر لە هەڵبژاردنی دەقەوە، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێ دا، تا مامەڵەکردن لەگەڵ موفرەداتی نمایشەکە و لەگەڵ ئەکتەرەکاندا.

ماوەی نمایشەکە دوو سەعات بوو، کە بە ڕای من، بە چڕکردنەوەی دەقەکە و لابردنی هەندێ بڕگە و دایەلۆگی درێژ یان کورتکردنەوەیان، کە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەدەکردە سەر کۆی کارەکە، دەرهێنەر دەیتوانی ماوەکەی کەمتر بکاتەوە. *(وەک چۆن هەندێ کاراکتەر لابراون، وەکو دایکی مارا، باوکی مارا، ڤۆلتێر، لاڤوازیێ، هەندێ لە مۆزیکژەنەکان)*. هەڵبەتە مەبەستم ئەوە نییە کە نمایشەکە بووبێتە مایەی مەلەل لای بینەران، نەخێر، بەڵام من پێم وایە ئێستا ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە چ ئەدەب و چ هونەر، پێویستیان بەو جۆرە چڕکردنەوەیە

هەیە، چونکە ئەوەی پێی دەوترێ هەستەوەریی ئێستاتیکی لای ئینسانی ئەمڕۆ و خوێنەران و بینەرانی ئەمڕۆ، گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە و وەرگر لەم سەردەمەدا پێویستی بە هەندێ وردەکاری نییە و دەکرێ ئاماژەکان جێی گەلێ وردەکاری بگرنەوە. لێرەدا دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە دەبوایە دەرهێنەر ئەو دایەلۆگەی «کۆلمێ»شی لاببردایە کە لە کۆتایی نمایشەکەدا دەیڵێت، مەبەستم ئەو دایەلۆگەیە کە ڕوو لە بینەران دەکات و دەڵێت: «ئێستا ئێمە لە چاخێکی تازەداین، نە چەوسێنەر ماوە و نە تاوانی گەورە و نابەجێ.» ڕاستە ئەو دایەلۆگە لە دەقەکەدا هەیە، بەڵام کاتی خۆی پیتەر ڤایس ڕووی دەمی لە ڕۆژگاری دوای شەڕی دووەمی جیهانی و سەقامگیرییەک بووە کە تا ڕادەیەک لە فەڕەنسای پێش شۆڕشی خوێندکاراندا هەبووە. چونکە ئەو دایەلۆگە کۆی ئەو ئەتمۆسفێرە دەکوژێت کە نمایشەکە لە سەرەتاوە هەوڵی بونیادنانی داوە. دەبێ دەرهێنەر ئەو بڕیارە بۆ بینەران جێ بێڵێت کە ئاخۆ ئێستاش تاوان و ستەم ماون یان نا.

بە لای منەوە، بوونی قاوشی نەخۆشەکان *(یان شێتەکان)*و قەرەوێڵەکان لە دەستەڕاستی شانۆدا زیاد بوو و هیچ ڕۆڵێکی کاریگەری لە نمایشەکەدا نەبینی، واتە ئەگەر ئێمە تەواوی نمایشەکە بە یەکەیەکی سیمیۆلۆجی بشوبهێنین، ئەوا ئەو قاوشە هیچ دەلالەت و ڕۆڵێکی سیمیۆلۆجیی لە نمایشەکەدا نەبینی. پێم وایە وا باشتر دەبوو قەرەوێڵەکان بەسەر جوگرافیای شانۆدا دابەش بکرانایە *(کە مەرجیش نییە قەرەوێڵەی ڕاستەقینە بن)*، ئەوکات زیاتر دەلالەتی لەوە دەکرد کە ئەمەی ڕوو دەدات، ناوجەرگەی شێتخانەکەیە، بە دیوێکی تردا، ئەو دەلالەتەیشی

پێ دەبەخشین کە سیمبوڵێکە بۆ ئەم دنیایەی کە ئێمەی مرۆڤی تێدایین و ئەویش هەر لە شێتخانەیەک دەچێت. هەروەها سەبارەت بە حەوزی ئاوەکەش، دەکرا ئەو ئاوەی تێدا نەبوایە، چونکە بینەر دەزانێ کە ئەوە حەوزی ئاوە، ئیتر چ پێویست بە بوونی ئەو ئاوە زۆرە دەکات لە حەوزەکەدا؟ یەکێک لە ئەدگارە جیاکەرەوەکانی شانۆی تۆماری ئەوەیە کە سینۆگرافیاکەی پشت بە دەلالاتی ڕەمزی دەبەستێت، نەک بارستایی قورس.

پاشان، لەو دوو ڕۆژەدا کە من نمایشەکەم تێیاندا بینی، وەختێ شارلۆت کۆردای لە پشتی ژان پۆڵ ماراوە ڕاوەستاوە تا بیکوژێت، لە هەردوو جارەکەدا چەقۆکە لە لای ڕاستی سنگی مارا دەچەقێنێت، لە کاتێکدا دەبێ لە لای چەپی و لە سەر دڵی بیچەقێنێت *(کە لە ڕووداوە ڕاستییەکەشدا هەر وابووە و شاخوێنبەری گرتووە بۆیە دەمرێت)*، ئەگینا گەر لای ڕاستی بێت، ئەگەری نەمردنی زۆرە.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەکتەرەکان، دەتوانم بڵێم کە دەرهێنەر تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە لە هەڵبژاردنیاندا، ئەکتەر تەها محەمەد *(مارا)* ئەدائێکی جوانی بۆ کاراکتەری مارا کرد لەوەدا کە مارا وەکو کەسێکی شۆڕشگێڕ و خرۆشێنەر پیشان بدات، گەرچی هەستم دەکرد هەندێ جار گوشاری دەخستە سەر گەرووی و ئەدای دەنگی کەمێک ناسروشتی دەهاتە گوێ. ئەکتەر ئاکام تاهیر *(مارکیز دو ساد)*یش نواندنێکی سەرنجڕاکێشی پێشکەش کردین، گەرچی کەمتر ئەو سادییەتەمان پێوە بینی کە مارکیز دو ساد پێی ناسراوە، بگرە لە دیمەنی قامچیلێدانەکەدا پتر وەکو مازۆشییەک دەهاتە پێش چاو، مەگەر لەو دیمەنەدا نەبێت کە دەستدرێژی دەکاتە

سەر خانمێک. کچەئەکتەر دیە عەلی *(شارلۆت کۆردای)* ئەدائی باش بوو، بەڵام ئەو کاراکتەرە تەمەنی بیستوچوار بۆ بیستوپێنج ساڵە و دیە، وەکو تەمەن، منداڵتر دەبینرا. دیسانەوە ئەکتەر تاهیر عەبدولواحیدیش توانیبووی جوان کاراکتەری ژاک ڕۆ بەرجەستە بکات. هەروەها ئەدائی ئەکتەرەکانی تر و ماندووبوونیان جێی ئاماژەپێدانە: ڕۆژە فایەق، شاد شەوکەت، نوا غەفار، زانیار تەحسین و ئەو ئەکتەرانەی ڕۆڵی نەخۆشەکانیان دەبینی.

نابێ لێرەدا ڕۆڵی نەوا موکورجیی *(پیانۆژەن)*یش لە یاد بکەین لە سەرخستنی نمایشەکەدا، کە بە توانا هونەرییە سەرنجڕاکێشەکەی خۆیەوە توانیبووی ڕیتمی نمایشەکە ڕابگرێت.

دەستخۆشی لە تەواوی بەشدارەکانی تری ئەم نمایشە دەکەم کە جارێکی تر ئومێدی ئەوەیان پێ بەخشینەوە کە هێشتا دڵی شانۆ لە سلێمانیدا هەر لێ دەدات و خوێنی داهێنان بە دەمارەکانیدا دەڕوات.

دواجاریش دەمەوێ بڵێم کە ئەم نووسینە ئەوەندەی ئاوڕدانەوەیەکە لە نمایشێکی شانۆیی کە نەدەکرا بەبێ بەسەرکردنەوە تێپەڕێت، ئەوەندە توێژینەوە یان ڕەخنەیەکی شانۆیی گشتگیر نییە.

## کتێبە چاپکراوەکانی ئازاد بەرزنجی

١- تەرمی نەناسێک( پێنج کورتەچیرۆک)چاپی یەکەم ٢٠٠٤، چ٢ ٢٠١٧

٢- چاوەکانی (ڕۆمان) بوزورگ عەلەوی چاپی یەکەم ١٩٩٧ چاپی سیانزدەیەم ٢٠١٧

٣- جۆناسانی نەورەس (کورتە ڕۆمان) ڕیچارد باخ، چاپی چوارەم ٢٠١٤

٤- خەونێک لە وڵاتی پیاوە بچکۆلەکاندا (کورتە چیرۆکی جیهانی) چ١ ١٩٩٧، چ ٢ ٢٠١٠

٥- بەناوی ژیانەوە(وتار و لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ) ئەریک فرۆم چ١ ١٩٩٨ ، چ ٥ ٢٠١٦

٦- پیدرۆ پارامۆ (ڕۆمان) خوان رۆلفۆ (لەگەڵ ڕێبوار سیوەیلیدا) چ١ ١٩٩٩، چ٢ ٢٠١٠

٧- چەند وێستگەیەکی فیکری و ئەدەبی (وتار و باسی فیکری وئەدەبی) چ ٢٠٠١، چ ٣ ٢٠١٠

٨- تورکیا لە سەردەمی گۆڕاندا، محەمەد نورەدین چ١ ٢٠٠١

٩- لەگەڵ ئەقڵی خۆرئاوادا (گفتوگۆی فەلسەفی و ئەدەبی) چ١ ٢٠٠١

١٠- نیچە، پۆڵ ستراتێرن ٢٠٠١

١١- ژنێ لەبەردەم وەرزێکی سارددا (ژیان و شیعری فروغ فەڕوخزاد) چ١ ٢٠٠٢، چ ٥ ٢٠١٦

١٢- سارتەر، پۆڵ ستراتێرن ٢٠٠٢

١٣- مۆدێرنەکان (وتار و باسی فیکری و ئەدەبی) ڕامین جەهانبەگلو چ١ ٢٠٠٣ چ٢ ٢٠٠٩

١٤- کیرکەگۆر، پۆڵ ستراتێرن ٢٠٠٣

١٥- کازانتزاکیس، یۆرگۆس ستاسیناکیس ٢٠٠٤

١٦- دەربارەی ئەقڵی مۆدێرن (گفتوگۆی فەلسەفی و ئەدەبی) بە هاوکاری لەگەڵ ئاوات ئەحمەددا ٢٠٠٤

١٧- چاکە و خراپە کریشنامورتی چ١ ٢٠٠٤،چ٢ ٢٠١٥

١٨- ئاوریشم (ڕۆمان) ئەلێساندرۆ باریکۆ چ ٢٠٠٤ چ٣ ٢٠١٥

١٩- بەفر (ڕۆمان) ماکسێنس فێرمین چ١ ٢٠٠٤, چ٣ ٢٠١٥

٢٠- کەمانچە ڕەشەکە (ڕۆمان) ماکسێنس فێرمین چ١ ٢٠٠٥، چ٣ ٢٠١٥

٢١- هەنگەوان (ڕۆمان) ماکسێنس فێرمین چ١ ٢٠٠٦ ، چ ٣ ٢٠١٥

٢٢- نامەی منالان بۆ خوا، ستیوارت هامپڵ و ئیریک مارشاڵ چ١ ٢٠٠٥، چ ٢ ٢٠١٧

٢٣- فەلسەفەی بوونگەرایی، جۆن ماکواری چ١ ٢٠٠٥، چ ٢ ٢٠٠٩

٢٤- لاپەڕە پەرشەکان (چەند دەقێکی وەرگێڕراو و نووسراو) چ١ ٢٠٠٥

٢٥- حیکایەتەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ، پاولۆ کۆییلیۆ چ١ ٢٠٠٦، چ٢ ٢٠١٦

٢٦- مێژووی شارستانێتی ویڵ دیورانت (بە هاوکاریی دانا ئەحمەد و نەبەز کەمال) ٢٠٠٧

٢٧- سازی ئاسنین (شانۆنامە) جۆزیف ئۆکۆنۆر ٢٠٠٧
٢٨- بەبێ خوێن (ڕۆمان) ئەلێساندرۆ باریکۆ ٢٠٠٨
٢٩- نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن (یان ئەفسانەی ١٩٠٠) ئەلێساندرۆ باریکۆ چ١ ٢٠٠٨، چ٢ ٢٠١٦
٣٠- شارۆچکەکەمان (شانۆنامە) ثۆرنتۆن وایڵدەر ٢٠١٠
٣١- شازادە خاتوون و کیژۆڵەی دارستان( شانۆنامە بۆ منداڵان) ٢٠١٠
٣٢- هەزار خۆری درەوشاوە (ڕۆمان) خالید حوسەینی چ١ ٢٠١١، چ ٢ ٢٠١٥
٣٣- خاک و خۆڵەمێش (ڕۆمان) عەتیق رەحیمی ٢٠١١
٣٤- نیگاکان (وتار و باسی نووسراو و وەرگێڕراو) چ١ ٢٠١١، چ٢ ٢٠١٣
٣٥- وەرگێڕان لە گفتوگۆدا (وتار و گفتوگۆ لەسەر وەرگێڕان) ٢٠١٢
٣٦- مرۆڤی یاخی، ئەلبێر کامۆ چ١ ٢٠١٢، چ٢ ٢٠١٦
٣٧- ئەفسانەی سیزیف ، ئەلبێر کامۆ چ١ ٢٠١٣، چ٢ ٢٠١٥
٣٨- هەزار ماڵ لە خەون و ترس (ڕۆمان) عەتیق رەحیمی ٢٠١٢
٣٩- عاشق هەمیشە تەنیایە (شیعر و ژیانی سوهراب سپهری) چ ٥ ٢٠١٦
٤٠- گوڵەکان بۆ کێن؟ محێدین زەنگەنە (سێ شانۆنامە) ٢٠١٢
٤١- نهێنییەکانی ژیان ( ئۆشۆ) چ١ ٢٠١٣، چ٢ ٢٠١٥
٤٢- نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی(ڕۆمان) عەتیق ڕەحیمی چ١ ٢٠١٣، چ٢ ٢٠١٥

٤٣- کۆلۆنێل( ڕۆمان) مەحموودی دەوڵەت ئابادی ٢٠١٤
٤٤- قەلەندەر و قەڵا( ڕۆمان) یەحیا یەسریبی ٢٠١٥
٤٥- حەللاج( ڕۆمان) عەباس ئەرنائووت ٢٠١٦
٤٦- مەرگ لە دەرگا دەدات ( ٣ شانۆنامە ) ٢٠١٤
٤٧- تیۆریی دراما لای ئەریستۆ ( لێکۆڵینەوە) ٢٠١٦
٤٨- بابە تیرۆریزم چییە؟ (گفتوگۆ لەسەر تیرۆر)تاهیر بن جەللون چ١ ٢٠١٧
٤٩- لەبیر دەچیتەوە وەک ئەوەی هەرگیز نەبووبیت(ژیان و شیعری مەحموود دەروێش)چ١ ٢٠١٧
٥٠- کاتێ کە من تۆم خۆش دەوێ(ژیان و شیعری نزار قەببانی) چ١ ٢٠١٧
٥١- دواهەمین شەوی سەرۆک(ڕۆمان)یاسمینە خەزرا چ١ ٢٠١٦
٥٢- چیاکانیش دەنگیان دایەوە(ڕۆمان) خالید حوسەینی ٢٠١٥
٥٣- هەموو شەوێک وەرە بۆ لام(هەڵبژاردە لە شیعری جیهانی)چ١، ٢٠١٨
٥٤- دوا شەوی لۆرکا (دەق و ڕەخنەی شانۆیی) چ١، ٢٠١٨

وەرگێڕان بۆ عەرەبی :
٥٥- مضيق الفراشات (قصيدة طويلة للشاعر شيركو بيكس) بيروت – لبنان ط١ ١٩٩٦ ،ط٢ السليمانية دار سردم للطباعة والنشر ٢٠٠٧
٥٦- عار تماما كالماء (مختارات شعرية للشاعر دلاوەر قرەداغي) سوريا – دمشق ط١ ٢٠٠٠

٥٧- سفر الروائح (قصيدة طويلة للشاعر شيركو بيكەس) دار نينوى- دمشق – سوريا ٢٠٠١

٥٨- انبهارات (مختارات للشاعر شيركو بيكس) المركز القومي للترجمة – القاهرة-٢٠١١

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٨

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێران |
|---|---|---|---|
| ٨٥٤ | پاکیزەکەی شنگال | وارد بدر السالم | ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل |
| ٨٥٥ | هەرەسی میرنشین | بەرزان فەرەج | |
| ٨٥٦ | جەنگ هیچ ڕوخسارێکی ژنانەی نییە | سڤێتلانا ئەلێکسیڤیچ | هیوا قادر |
| ٨٥٧ | هەموو شەوێک وەرە بۆ لام | کۆمەڵێک شاعیر | ئازاد بەرزنجی |
| ٨٥٨ | سەدرەدین عارف نوێکاری چیرۆکی کوردی | سابیر ڕەشید | |
| ٨٥٩ | کەمانچەی ڕۆچیڵد | ئەنتۆن چیخۆف | ڕەووف بێگەرد |
| ٨٦٠ | کچی یوتیوب | عەبدوڵا ناسر داود | هەڵکەوت عەبدوڵڵا |